بایەقوش نەشۆن باوانت وانۆ
تا نەکەی هەوای بورج لەیلاخان
چون من خەمین بای دڵ پڕ نەداخان
وەرنە تۆ بەو بورج بەو دەماخەوە
بەو بورج دەماخ پای لەیلاخەوە
دەردینێ چون من دێوانەی ناشاد
جە ئاستانەی تۆ کەی مەگنۆ وەیاد

....

(١) دیوانی وەلی دێوانە، عوسمان هەورامی لاپەڕە -٦٤-

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

بە کۆی زوخاڵ بێت، بەکۆی زوخاڵ بێت
ماڵی باوکەکەت بەکۆی زوخاڵ بێت
دایکت نابینا، زوبانی لاڵ بێت
باوک مردوو بیت، خۆشیتان تاڵ بێت
بەو خوایە قەستەم، ماڵ بێ تەنافە
ئەگەر لەگەڵ من، مەیلت خیلافە
دوور لە باڵای خۆت، باوانت چۆڵ بێت
خزمان وێنەی قەیس پۆستیان لەکۆڵ بێت
خێڵی خوێشانت، تووشی تالان بن
بە ڕەنگی عیبرەت کورد و گۆران بن
بێ کەس دامێنی، کەست نەمێنێ
بایەقوش لە شوێن ماڵتان بخوێنێ
بشزانی ئەوە بەدوعای منە
وا بێ کەس ماوی خۆشیت لێ ونە
ئەگینا تۆ بەو شا دەماخەوە
بە بورجی ئێلاخ پای لەیلاخەوە
تۆ چۆن ئەبینی دێوانەی نا شاد
لەوێ چۆن منت ئەکەوێتە یاد
چۆن ڕازی ئەبی بەمنی دێوانە
واریسی مەجنوون قەیسی زەمانە

شیعرەکانی (بێسارانی) لە (دیوانی پیرەمێردی نەمر)دا و ئەو شیعرانەی بێسارانی کە پیرەمێرد وەری گێڕاون

ئای تیری تانە

پیرەمێرد لە ساڵی ١٩٤٨دا لە ژمارە ٩٣١ی ڕۆژنامەکەیدا ئەم شیعرەی بڵاوکردۆتەوە. بەڵام نەی نووسیوە کە شیعری (بێسارانی)یە. ئێمە دەقی هەورامی شیعرەکەمان دۆزییەوە و شیعری (بێسارانی)یە. لێرەدا شیعرەکەی بێسارانی و وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد بڵاو دەکەینەوە. شیعرەکە شەش بەیتە. پیرەمێرد چوار بەیتی خۆی بۆ زیاد کردووە و لە مەبەستی بنەڕەتی شیعرەکە لای داوە. شیعرەکە سکاڵایەکی دڵدارییە و ئەم کردوویە بەباسێکی سیاسی.

هەروەها بەهەڵە ئەم شیعرە لە لاپەڕە ٥٧ی دیوانی وەلی دێوانەی (مەحموود خاکی)دا - چاپی دووەم بەشیعری (وەلی) دانراوە.

هەروەها بۆ بەڵگەی ڕاستی بیروڕای ئێمە مامۆستای شارەزا (عوسمان هەورامی) لە لاپەڕە (٥)ی دیوانی وەلی دێوانەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەو شیعرە، شیعری بێسارانییە نەک وەلی دێوانە.

نەدارو تانە...
نەدارو تاقەت تەوانای تانە
بە وێنەی مەجنوون وێڵ و دێوانە
مەشوون وە چۆڵدا مەسازوو یانە
بەرگی تەت جە وەڵگ درەختانی چۆڵ
پەی وێم مەورازووت، مەگیر و و نە کۆڵ
یەک سیاسەنگی منیە و نە باڵێن
تەک مدە و پێوە پەرەی شەونالێن
پەی دێم مەگێڵوو، سەرووش نەکاوان
مەر مەلان مەردەن بیدیشان ماوان!!
خاوم بەڕاحەت، گەشتم بەدڵ واز
نە نەزان ڕەفیق، نە ڕەقیب دەمساز!(*)

....

(*) عوسمان هەورامی، دیوانی بێسارانی -دەسنووس-.

١٩٤٨

ئای تیری تانە،......(١)

تاقەتم تاق بوو، لە تیری تانە
مەگەر وەک مەجنوون وێڵ و دێوانە
ڕوو بکەمە سەحرا، دەرچم ئازانە
لە ئاوەدانی، دەرچم بچمە چۆڵ
سەر ڕووت پێ خاوس، لۆنگ بگرمە کۆڵ
«لەگەر دوو خولی دەور بێ خەبەر بم
بێ خەم و خەیاڵ، ئازادە سەربم»
شەو تەنیا سەنگێ بکەم بەباڵین
لەگەڵ مورغاندا دەست بکەم بەناڵین
کە ڕۆژم لێ هات ڕوو بکەمە کێوان
ڕێم ئەکەوێتە، گوزەرگەی دێوان
«لە تەک دێواندا ببم بەهامڕاز
نەک لەگەڵ پیاوی دوو ڕووی حیلەباز»
«ئێستا هاودەرد و خەمخوار نەماوە
درۆ و دەلەسە و جاسووسی باوە»
«نازانم تاکەی ئەبێ ئەمانە
وا دەردەکەوێ ئاخر زەمانە»
«یا هادی مەهدی بنێرە زووکە
(خوو)یەکیش لەناو کۆمەڵی (جوو)کە!»

---

(١) ئەو بەیتانەی لە کەوانەدان شیعری پیرەمێرد-ن.

***

لەناو ڕەزانا

لە لاپەڕە ١٥٠ی دیوانی پیرەمێردی مامۆستا (هاوار)دا شیعرێک بلاوکراوەتەوە بەناوی (لەناو ڕەزانا)، بەبێ ئەوەی ئاماژە بکرێت بۆ ساڵی نووسینی شیعرەکە و خاوەنی شیعرەکە!. واتە هەر بەشیعری پیرەمێرد دانراوە!. بەڵام لە ڕاستیدا شیعری (چراغ وەرەزان)ی

(بێسارانی)یە. پیرەمێرد بیر و شێوەی شیعرەکەی وەرگرتووە و لە سێبەریا ئەو شیعرەی نووسیوە. وە لە ژمارە ٥٨٥ی ساڵی **١٩٣٩**ی ڕۆژنامەکەیدا بلاوی کردۆتەوە. هەروەها جارێکی تریش لە ژمارە ٨٨٧ی ساڵی ١٩٤٧ی ڕۆژنامەکەیدا شەش دێڕی لەو شیعرە وەرگێڕاوە و شەش دێڕی خۆی بۆ زیاد کردووە!. شیعرەکەی بێسارانی هەژدە دێڕە واتە نۆ بەیتە. وەرگێڕانی یەکەمی پیرەمێرد بریتییە لە چل دێڕ واتە بیست بەیت. وەرگێڕانی دووەمی بریتییە لە دوانزە دێڕ واتە شەش بەیت. ئێمە هەر سێ دەقەکە دەخەینە پێش چاوی خوێنەر.

چراخ وەڕەزان(١)

چراخ وەرەزان،......
ئارۆ ڕاگەم کەفت، شیام وەرەزان
بە زوان حاڵ پەرسام ئەی خەزان
تەن بیەن مەجروح چوون ماران گەزان
واتم ئەی خەزان، ڕەزیدەی چەمەن
ئوستاد نەقاش پەلرەم یەمەن
سەبەب جە چێشەن ڕەنگ زگارەنی
سەرتاپا هوونین دڵ ئەفگارەنی
واتش ئەی بێ مەیل ناگا جە ڕوێ
دیم ئاما ویەرد زوڵف ئەشەد بوێ
خەرامان ویەرد بەسەد نازەوە
بە دیدەی سێوەنگ سرمە سازەوە
مەودای مۆژانش نیشتەن نە جەرگم
بە هوون ئەوەن ڕەژیان بەرگم
سامن زایفیم جە بۆنەی لەیلەن
عامیان مەواچان ڕەشتەی سوەیلەن
ئێمەیچ چوون ئەوان هوون دڵ وەردیم
جە دووری یاران داخ وەگڵ بەردیم

---

(١) دیوانی بێسارانی – عوسمان هەورامی – دەسنووس.

پیرەمێرد:

لەناو ڕەزانا، لەناو ڕەزانا
ئەگەڕام بەناو، ڕستی مێوانا

میوم دی له توێی، شێوەی عوریانا
گرژ بووبوو لەناو گەلا ڕێزانا
وەختی بەوەرزی تەرزی خۆش تەرزی
سەری بەرز ئەکرد بەبەرگی سەوزی
هێشووی مرواری گەردنی بەرزی
بەبای غروری شۆخی ئەلەرزی
تیف تیفەی ئەدا نم نمەی باران
بۆ تامە تامەی گرۆی مەی خۆران
گەلای بۆ خەنەی زوڵفی نازداران
ترێکەی ئەبوو بەدیاری یاران
ئێستا بێ بەر و بێ سەر و سامان
ڕەنگ زەردی وەرەم سەر تا بەدامان
بە شنۆی خەزان وێنەی نەمامان
ئەلەرزێتەوە ئامان سەد ئامان
پرسیم: ئەی هەڵەم، دانەت بێ هەڵەم
بۆ چ زەرد هەڵگەڕای بەدەردی وەرەم؟؟
شەراب لە میوەی تۆ دێتە بەرهەم
ئەبێ بەشفای پەژارە و ئەلەم
تو خوا پێم بڵێ، چییە ئەم دەردە؟
ئەم پەشێویە و ئەم ڕەنگە زەردە؟
ئەم بێ ڕەنگییە. بەم قەوزەی سەردە؟
ئەم مەلوولیە چوون ئازیز مەردە
وتی: لێم گەڕێ، دەروون لە غەم کەیل
منیش هەر وەک تۆ کەوتمە سەودای لەیل
عاشق بووم بەڕووی ئەستێرەی سیوەیل
شۆڕی کەوتبووە دڵەکەی پڕ مەیل
پرشنگی جلوەی هەڵی قرچاندم
سەودای دڵداری جەرگی سووتاندم
دوایی بێ مەیلی خۆی پێ نواندم
بای بێ وەفایی هەڵی وەراندم

وەسیەتی من بێ جوانت خۆش نەوێ
کێ دیویە وەفا لای جوان دەسکەوێ
گیرۆدەت ئەکا بەتەنها شەوێ
لەپڕ وەک ئاسکی سڵ لێت ئەڕەوێ
ئێستا وەک جوانان ڕۆڵەی زەمانە
کەمەندت ئەکەن بەگیانە گیانە
بۆ ئیش پێلاوت لەسەر چاوانە
کە ئیشیان نەما ئێسکت گرانە

وەرگێڕانی دووەم:

ڕێم کەوتە باخێ،......
چۆڵ و بێ پەرژین، لە پەنای شاخێ
ناگا، چاوم کەوت، بەگوڵە باخێ
پەل و پۆ شکاو دەروون پڕ داخێ
گەلای زەرد بوو بوو، ڕژابووە خوارێ
سەری هەڵدابوو لە جەرگی خارێ
«خار لە شوێنی گوڵ، دڵ پڕ جەخارێ
دەک فەلەک یاخوا، بەردت لێ بارێ»
گوڵخونچە لە دەست، گوڵێن ئەسێنی
ڕۆڵەی ئازیزی دایکان ئەمرێنی
چیغ و دەواری کورد ئەڕووخێنی!
پێم بڵێ، تۆڵەی چییە؟! ئەیسێنی؟!

***

دڵەی بێ تەدبیر

ئەم شیعرەی (بێسارانی) لە ژمارە ٩٦٨ی ساڵی ١٩٤٩ی ڕۆژنامەی (ژین)دا پیرەمێرد بڵاوی کردۆتەوە و نەینووسیوە کە شیعری (بێسارانی)یە. هەروەها وەری گێڕاوە بۆ سەر شێوەی سلێمانی و لە دوای شیعرەکەی بێسارانییەوە بیست و دوو دێڕی خۆی بۆ شیعرەکە زیاد کردووە، کە شیعرەکە خۆی دە دێڕە.

دڵەی کەمتەر ویر[١]

دڵەی کەمتەر ویر،...
دڵەی کەم خەیاڵ، کەم فام و کەم ویر

شۆ جانفیدایی جە پەروانە گیر
پەروا نەدارۆ، جە شۆڵەی ئاییر
وێنەی پەروانە، پەڕ مەیل و وەفا
پەرەی وەسڵی دۆس بکێشە جەفا
تا بەئێری عەشق دڵ بەند نە سۆزۆ
کەی ساکن مەبۆ، دۆسەش مەیۆزۆ
وێت دەربە ئاییر وێنەی پەروانان
تا جە تایفەی مەجنوونت وانان

....

(١) دیوانی بێسارانی (عوسمان هەورامی) دەسنووس.

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

دڵەی بێ تەدبیر،...
دڵەی کەم خەیاڵ، کەم هۆش و کەم بیر
«پیریش بووی هەمدیس بی بەینەت و پیر
نایەیتە سەربار، بەشیر و بەتیر»[1]
هیچ نەبێ لەڕێی دڵا بەشەوق بە
وێنەی پەروانە، بەعەشق و زەوق بە
پەروانە بۆ لای دۆست بێ پەروایە
بۆ ئەجری جانان هێند بەبڕوایە
گڕگڕ بەدەوری گڕا ئەگەڕێ
ئەڵێن ئەسووتێی، ئەڵێ لێم گەڕێ
گیانێ بۆ گیانان نەیەتە خەیاڵ
لێی گەڕێ یاخوا بێ بەکۆی زوخاڵ
هونەر ئەوەیە، ئەسووتێ بێ دەنگ
هاواری نییە، بێ ناڵە و ئاهەنگ
ئێمە بەعەشقی جوان دڵ گەرم ئەبین[2]
هێند هاوار ئەکەین کە بێ شەرم ئەبین
کە تۆ بۆ عەشقی هەق تێ ئەکۆشی
لەوی وەرگرە، شێوەی خامۆشی

ئەو بێ دەنگییە و سۆزی پەروانە
لە دەرسی عەشقا بوو بەئەفسانە
دڵە، کە نیتە عەشقی پەروانە
سەرت هەڵگرە و بچۆرە وێرانە
هەتا ئەتوانی لەوێ هاوار کە
لەگەڵ گەل مەبە، تەرکی هاوار کە
تۆ کە پیرێکی وا کۆنەساڵی
هێشتا لە سەودای ئەگریجە و خاڵی
برینی کۆنت تازە کەرەوە
لە درۆزنەکان گەرەو بەرەوە
بە پیری تیرێ وەرگرە لەیار
بۆ ڕۆژی حەشرت بێ بەیادگار
بێ زەخمی خەدەنگ موژەی ماه پەیکەر
عارەبە دەشتی مەحشەردا گوزەر
بێ زەخمی خەدەنگ موژەی ماه ڕووان
نەنگەن وەسەحرای قیامەت لوان

....

(١) ئەو بەیتە شیعری پیرەمێردە.
(٢) لێرە بەدواوە شیعری پیرەمێردە.

گیانە ئەو ڕۆژەی

ئەم شیعرەی (بێسارانی) دەقەکەی چوار بەیتە، لە وەرگێڕانی پیرەمێرددا بۆتە نۆ بەیت. بەیتی یەکەم و دووەم و سێیەم شیعرەکەی وەرگێڕاوە و وازی لە بەتی چوارەم هێناوە. لێرەدا تەنها بەیتەکانی بێسارانی دەخەینە کەوانەوە.

پیرەمێرد ساڵی ١٩٤٩ لە ژمارە ٩٦٩ی ڕۆژنامەکەیدا لەژێر ناوی (بێسارانی)دا ئەم شیعرەی بڵاو کردۆتەوە.

***

چراغ ئەرساتێ[1]

چراغ ئەرساتێ دوور گنون جەتۆ
نەمانون شەڵڵا، بوینون ئەورۆ

خیاڵ چون نیشتەر، دڵ مەکا و نۆ
دڵ جە دیدەم سەیل، زۆخ مەتاو نۆ
دیدەم بیناوی، تیش نمەمانۆ
پەڕوباڵ نەدەور، زوڵمات مەشانۆ
بەشقی شای شاهان، هەر بەر گۆزیدە
بینابیم تۆنی، بۆ شۆم وە دیدە

(١) دیوانی (بێسارانی کیومرث) لاپەڕە ٨٢

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

«گیانە ئەو ڕۆژەی تۆی تیا نابینم
خوا بکا نەیبینم بڕ نەکا ژینم»
«خەیاڵ ئەو ڕۆژە، دێنێ بەدڵدا
وەک هەڵبچەقێ چقل بەگوڵدا»
گرێک ئەخاتە ناو جەرگمەوە
وەختە پاڵ بدا بەمەرگمەوە
زبانم نابێ لەگەڵ کەس بدووم
هەوڵی هەواڵی نەفەس یەک و دووم
«چاوم بینایی، تێدا نامێنێ
هۆشم نازانێ، ئەمڕۆیە یا دوێ»
خۆ دیارە وا تۆیش کەوتیە بێ مەیلی
لە وەفا و مەیلا تۆش هاوتای لەیلی
کەواتە با من تەفر و توونا بم
تەنها شتێک ما کە بەتەما بم
تو خوا دوای مەرگم بەڕاگوزارێ
پێ بنێ بەسەر خاکمدا جارێ
گوێ بگرە لە دەنگ نەشیدەی عەشقم
بزانە بۆ عەشقی پاک من سەرمەشقم

***

یاران حاڵی دەرد

پیرەمێرد ئەم شیعرەی بەناوی (بێسارانی)یەوە لە ژمارە ٩٩٠ی ساڵی ١٩٤٩ی ڕۆژنامەکەیدا بڵاوکردۆتەوە. ئێمە دەقی هەورامی ئەم شیعرەمان لە دیوانی بێسارانیدا دۆزییەوە. شیعرەکە و گۆڕینەکە هەر یەک پێنج بەیتە. بەڵام لە دوا بەیتی شیعرەکەدا پیرەمێرد ماناکەی بەپێچەوانەوە تێگەییوە. بێسارانی دەڵێت (خواجە ئەبێ نازی غوڵامی بکێشێت) پیرەمێرد نووسیویە: ئاغا ناکێشێ نازی غوڵامان.

بێسارانی:

چراغ حاڵی دەرد[1]،...
بێ خەبەر جە دەرد، نەزان حاڵی دەرد
جەڕووی نازەوە، ئەر من نازم کەرد
خاس نیەن جەوناز، خاتر گێرۆت گەرد
کردەی گۆستاخیم، جە ڕووی نازەوەن
نازم هەر بەو ڕەنج، بێ ئەندازەوەن
ئەگەر نمەبی، وەیا گەی نازم
کەی ناز مەکەروون، هەی ئاوات وازم
ئەی سوخەن پەندەن، جەقەدیم ئامان
(خواجان) مەکێشان، ناز غولامان

(١) دیوانی بێسارانی (کیومرث) لاپەڕە/ ٨٥

پیرەمێرد:

یاران حاڵی دەرد،...
لە کۆی بەزمی، بێ خەم حاڵی دەرد
لە ڕووی زەرد و لە هەناسەی سەرد
نازانم بۆچی دڵت گرتی گەرد
من دەردی دووری بەبێ ئەندازە
هێنامیە سەر ئەم وردە ڕازە
ئەگینە تو خوا بەکێ ئەنازم
پەنای من هەر تۆی ئاواتەخوازم
پەندی پێشینان پەسەندە لامان
ئاغا ناکێشێ نازی غولامان

مەیلت کۆن نابێ

پیرەمێرد ئەم شیعرەی لە ژمارە ٧٨٧ی ساڵی ١٩٤٥ی ڕۆژنامەکەیدا لەژێر ناوی (بێسارانی)دا بلاو کردۆتەوە. ئێمە دەقی شیعرەکەمان لە دیوانی بێسارانیدا دۆزییەوە. لەو دەقەدا شەش بەیتە، پیرەمێرد بەیتێکی خۆی بۆ زیاد کردووە و بووە بەحەوت. ئەمەش هەردوو دەقەکە.

چراخم جەویر(١)

چراخم جەویر،...
جە دمای مەردەن نمەشیم جەویر
ئەگەر وەگڵکۆم ڕات گنۆ تەقدیر
خاک ئەلحەدم مەبووت دامان گیر
زەنهار وە گڵکۆم پانەکەری کەم
ڕۆح ڕەوانم مەدارۆت وە چەم
نەواچی مەردەن، ها نە ژێر گڵ
هێمای مەیل تۆم بەرنەشیەن جە دڵ
ئەورۆ جە ئەلحەد سەر مارو وەبەر
وە مەیل تۆوە مەشوون وە مەحشەر
جە بۆنەی تۆوە بەهەشت مەدان پێم
وەرنە چ کارەم، کێ زانۆ من کێم

(١) دیوانی بێسارانی، عوسمان هەورامی – دەسنووس.

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

مەیلت کۆن نابێ بەسەد ساڵ پیریی
بیشمرم لەولا هەر تۆم لە بیری
لە شیرە خۆری هەتاکو ژیری
مەیلم لای تۆیە، بەبێ زویری
دوای مەرگم ئەگەر بێیتە سەر گۆڕم
زیندوو ئەبمەوە کفن ئەگۆڕم
نەڵێی مردووە کەوتۆتە ژێر گڵ
گیان دەرچوو، مەیلت، دەرناچێ لە دڵ

ئەو ڕۆژەی ئەچمە سەحرای قیامەت
قەد و قامەتە، بۆ من قەد قامەت
بە عەشقی تۆوە بەهەشت ئەدەن پێم
ئەگینە من چیم؟! کێ ئەزانێ کێم
باوجود ئەگەر دۆزەخ بێ جێگام
بەیادی تۆوە بەهەشتە لەلام

***

لە هێلانەی دڵ

ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٦٦ی دیوانی پیرەمێردی مامۆستا (هاوار)دا بلاو کراوەتەوە. وە ئاماژەی بۆ کراوە کە شیعری پیرەمێردە و بەناوی بێسارانییەوە نووسراوە. بەڵام مامۆستا هاوار کەوتۆتە دوو هەڵەوە کە لێرەدا ڕاستیان دەکەینەوە.

لە سەرەتای شیعرەکەدا نووسیویە: «ئەم هەڵبەستەی خوارەوەش لە کاتی خۆیدا پیرەمێرد بەناوی بێسارانییەوە بلاوی کردۆتەوە، بەڵام هی خۆیەتی، تەنها دێڕی چوارەمم هی مەولەوییە و تێهەڵکێشی کردووە. لەگەڵ ئەو دێڕانەی تردا».

یەکەم: وەک لێرەدا دەبینین، وە دەقی هەورامی شیعرەکە دەنووسین شیعرەکە شیعری بێسارانییە و پیرەمێرد وەری گێڕاوە و خۆشی هەر بەناوی بێسارانییەوە بلاوی کردۆتەوە.

دووەم: لەبەر ئەوەی ئەو بەیتەی کە مامۆستا هاوار دەڵێت شیعری مەولەوییە، هەر خۆی لە دەقە هەورامییەکەی بێسارانیدا هەیە وە بێسارانی پێش مەولەوی بووە ئیتر چۆن ئەگونجێ شیعری ئەو لەناو شیعری خۆیدا دانێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە مەولەوی گەلێ جار ناوی بێسارانی لە شیعری خۆیدا هانیوە و شیعری ئەوی هێناوەتە ناو شیعری خۆیەوە. وە ناگونجێ بڵێین پیرەمێرد ئەو بەیتەی لەناو شیعرەکەی بێسارانیدا دانابێت چونکە وەک وتمان لە دەقی شیعرەکە خۆیدا ئەو بەیتە هەیە. هەروەها پیرەمێرد ئەو شیعرە وەرگێڕاوەی لە ڕۆژنامەکەیدا بلاو کردۆتەوە. بڕوانە ژینی ژمارە ٥٥٩ی ساڵی ١٩٣٩. شیعرەکەی بێسارانی بریتیە لە حەوت بەیت، پیرەمێرد پێنج بەیتی لێ وەرگێڕاوە. لە بری دوو بەیتەکەی دوایی شیعرەکە دوو بەیتی خۆی لە جێ داناوە.

چراخم نە دڵ(١)

چراخم نەدڵ،...
دڵ پەڕ ئاهرەن، بۆ، وەس شۆم نە دڵ
نازکتەرەنی تۆ جە پەڕەی گوڵ
نەداری تاقەت زوڵف شاخ سونبوڵ

دڵ ئاه مەکێشۆ گڕ مەیۆ وەبەر
نەبا، نەیشەڵڵا پێت یاوۆ زەرەر
تێدا مەنیشە، هەی بەرگوزیدە
بۆ باجات کەروت، وە بانی دیدە
مژەم هەم برۆم، کەروت وەپەرچین
تا پێت نەیاۆ و ناواکسی بەدبین
ئەوسا تەماشای سەرجۆی ڕەوان کەر
باڵات وێنەی نەی دەستە نیشان کەر
عەجەب یا گەتەن نەمامی وا یەم
پایە بڵندبای پەرێ سەر سایەم

....

(١) دیوانی بێسارانی، عوسمان هەورامی، دەسنووس.

پیرەمێرد:

لە هێلانەی دڵ، لە هێلانەی دڵ
شابازی گیانی، لە هێلانەی دڵ
ئەو لەشە جوانەی ناسکتر لە گوڵ
لە ئاهی گەرمی دڵەی پڕ سکڵ
کەوابێ بارێ ئەی بەرگوزیدە
بگوێزەرەوە گلێنەی دیدە
برژانگەکانم ئەبێ بەپەرژین
ڕێ گوزەر نادا بەدیدەی بەدبین
«بە هەر چوار دەورا لە ئاوی دیدەم
جزیرەیەکت بۆ دێنمە بەرهەم»
لەوێ وەک پەری جزیرەی واق واق
چونکە تاقانەی دانیشە بەتاق»

***

گەڵای درەختان

پیرەمێرد ئەم شیعرەی لە (بێسارانی)یەوە، وەرگرتووە، ئەگەرچی دەقاودەق شیعرەکەی وەرنەگێڕاوە، بەڵام وەرگرتنەکە بەئاشکرا دیارە. هەروەها چەند بەیتی خۆشی تێکەڵ کردووە، وەک

لە شیعرەکانی پێشوودا کردبووی. ئەمەش دەقی شیعرەکەی بێسارانی و ئەوی پیرەمێردە. وەتەنها ئەم حەوت بەیتە پەیوەندی بەوەرگێڕان و وەرگرتنەکەوە هەیە.

پارە پارەش کەرد، وڵگی جامەی دار[١]
ڕێزە ڕێزە بی گرد ئاما بەوار
ستونان مەندن، سەرتاپا سیا
وێنەی غولامان جە حەبەش زیا
منیچ چون تەوان، دەروون سفتە نان
بە یادێ غەزەب سەد جار کەفتە نان
پەل پەل خەزانان مەڕێزان بەخاک
مەکەران بەنیش پەردەی دڵ چاک چاک
دڵ جەزامێ گاز پەردەی جەستەی وێش
قەترە قەترە هوون جیا مەبۆ لێش
مەیۆنە دەوران دیدەی پڕ خومار
مەوارۆ ڕووی زەرد خەزانێ خەمبار
هەر خەزان وەڵگێ زار مەڕزیۆ
دڵ دەرووش بەدین ئەو مەخێزیۆ»

....

(١) دیوانی بێسارانی کیومرث، لاپەڕە -٥٠-

پیرەمێرد:

گەڵای درەختان هەڵوەریە سەر خاک
من بۆیان ئەگریم بەدیدەی غەمناک
بە جارێ سووتا جەرگ و هەناوم
تک تک وەک فرمێسک خوێن دێ لە چاوم
چونکو منیش وەک، گەڵای ئەو دارە
بەندی جگەرم کەوت، بریندارە
دۆستی هاومالّم، لێ بوو بەدوشمن
بەختمان وەرگەڕا هەردوو سەر و بن
تەفرەی شەیتانە قابیل و هابیل
شەڕی دوو برا دەردێکە، هایل

من هیواداری شوان بووم، کەچی شوان
ئەو لە پێش گورگا دامیە بەر گۆچان
یاڕەب بەحاجەت سای سەرەواڵە
نوشست نەیەنێ ئەم بنەماڵە
ئەمجارە برا لە پشت برا بوو
بەڵام بڵێم چی قەزای خودا بوو

***

گیانە وەنەوشە و چنوور لەگەڵ گوڵ

ئەم شیعرەی بێسارانی لە لاپەڕە ١٥٧ی دیوانی پیرەمێردی نەمردا بەناوی پیرەمێردەوە بڵاو کراوەتەوە و مامۆستا هاوار لە پێشەکییەکەیدا نووسیویە:

لە کاتی خۆیدا ئەم هەڵبەستەی (واتە پیرەمێرد) بەناوی بێسارانییەوە لە ڕۆژنامەکەیدا بڵاو کردۆتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا زادەی هەست و بیری خۆیەتی».

لێرەدا مامۆستا (هاوار) کەوتۆتە چەند هەڵەیەکەوە.

١- شیعرەکە شیعری بێسارانییە نەک پیرەمێرد. وە دەقاودەق پیرەمێرد وەری گێڕاوە بۆ سەر شێوەی سلێمانی.

٢- شیعرەکە بەناونیشانی (دیاری)یەوە بڵاو کراوەتەوە بەڵام لە ڕاستیدا پیرەمێرد خۆی نووسیویە (بۆ بانوی جاف).

٣- بەیتی سێیەمی وەرگێڕانەکەی پیرەمێردی نەنووسیوە و چۆتە سەر بەیتی چوارەم. ئەمەش بەیتی سێیەمە.

هەر سێکیان تێکڕا گفتوگۆیانە
هەوڵی هاتنی خزمەت تۆبانە

«دەقی شیعرە هەورامییەکە لە گۆڤاری بەیاندا ژمارە (٧٩) لاپەڕە ٤٣، لە نووسینی عوسمان هەورامی وەرگیراوە».

چراخ وەنەوشە و چنوور چەنی گوڵ
عەزمی ڕای ویصاڵ تۆشان ها نە دڵ
چنوور جە سەرکۆ، وەنەوشە جە چەم
گوڵ جە گوڵستان وەهەم بییەن جەم
واتشان بەمن، بەندەی فڵانی
چوون حاڵزنەنی بەحاڵ مزانی
بونە ڕای ئەڵڵا بکەرە کاریٚ
بیاومێ وەلای ئەو دولبەر جارێ

چراخ ها هەرسێم بەستەن بەدەستە
چ دەستە، دەستەی زوگاران بەستە
هەرسێم ها ئاوەرد چوون خاکەساران
هەر یۆ مایەی وێ وەچەم مداران
چنوور پەی زوڵفت پەشێو حاڵشەن
وەنەوشە سەودای خاڵ خیاڵشەن
گوڵ پەی جەمینت مەسوچو چون شەم
جە دووریت نیشتەن نە ڕووش خاری خەم
ساحێب مایەنی بڵند بۆ پایەت
باوایە گێران، هەر یۆ جە سایەت

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

گیانە وەنەوشە و چنوور لەگەڵ گوڵ
سەودای دیدەنی تۆیان کەوتە دڵ
چنوور لە کێوان، وەنەوشە لە چەم
گوڵ لە گوڵستان یەکیان گرت سەرجەم
هەر سێکیان تێکڕا گفتوگۆیانە
هەوڵی هاتنی خزمەت تۆبانە
هاتنە لام وتیان: تۆ ڕابەرمانبە
ئەمەمان بۆ بکە و تاجی سەرمانبە
ئەوا هەرسێکم بەستن بەدەستە
هاتنە خزمەتت بەدەستی بەستە
هەر یەک بەڕەنگێ مەرامی پێتە
بۆ نیازی خۆی خاکی بەر پێتە[١]
چنوور بۆ زولفت، لوول و پەشێوە
وەنەوشە، مل کەچ، خاڵی لای لێوە
گوڵ کە نازکی گۆنای تۆی دیوە
چقڵی خۆی لەژێر پێی هەڵچەقیوە
تۆ سایە بەرزی شای شیرین ئەندام
با لە سایەتا بگەن بەمەرام

(١) لە نوسخەی لای ئێمەدا نووسرابوو «گیانیان بەدیاری خاکی بەر پێتە».

لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە مامۆستا (عوسمان هەورامی) لە گۆڤاری بەیانی ژمارە ٧٩ی ساڵی ١٩٨٢دا سێ هۆنراوەی بێسارانی و هۆنراوەیەکی فخر العلمای کوردستانیی (مەردۆخی) ساغ کردبوەوە. شیعرەکانی بێسارانی بریتی بوون لە (چراغ وەنەوشەو چنوور چەنی گوڵ، وەی من دەردەدار، چراغم شەهید). هەروەها شیعری (نازک سارا و دەشت)ی فخر العلمای ساغ کردۆتەوە. ئێمە لێرەدا دەقی شیعری (وەی من دەردەدار)ی بێسارانی و (نازک سارا و دەشت)ی فخر العلمای مەردۆخیمان لە نووسینەکەی مامۆستا عوسمان هەورامییەوە وەرگرت کە لەو ژمارەیەی (بەیان)دا بڵاوی کردبۆوە.

***

وەک من دەردەدار

ئەم شیعرە لە لاپەڕە١٦٠ی دیوانی پیرەمێردی مامۆستا هاواردا بڵاوکراوەتەوە. ئەگەرچی نووسراوە (بەناوی بێسارانی)یەوە بڵاوی کردۆتەوە بەڵام نووسەر بەشیعری پیرەمێردی داناوە.

لە ڕاستیدا ئەو شیعرە پیرەمێرد لە شیعرێکی بێسارانییەوە وەریگێڕاوە و لە ڕۆژنامەی (ژین)ی ژمارە ٥٦٥ی ساڵی ١٩٣٩دا بڵاوی کردۆتەوە. دەقی شیعرەکە و وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد دەنووسین هەتا بۆ بەراورد نزیکی و دووری وەرگێڕانەکە لە دەقەکەوە دیار بێت:

وەی من دەردەدار،...[1]

وەی من سا بەیای کەسێو دەردەدار
بدیا بەشێوەی نەقشی نەو وەهار
هورگرتا مایەی دەرد و خەم هەزار
جەنەو گوڵان ڕەنگ، جە نەورۆزان ئاخ
جە شەونم ئەسرین، جە دوود تەم و ئاخ
جە وەنەوشە خەم، جە نەرگس خومار
جە گوڵاڵان هون، دیدەی شەو بێدار
جە خونچە پەیکان، جە سۆسەن خارێ
خارێ نەدڵ بۆ، جە زەخمی یارێ
جە باڵای نەمام، تیری خاری جەرگ
جە گوڵگون هووناو، گوڵ گوڵ گەردەن بەرگ
جە دەردەداران هەر منە نان وەس
مدیە و مەوینو و هەنێ نیەن کەس

تەن وە داخ و دەرد خەمان مەسپاروون
چەنی بێ دەردان هیچ کار نەداروون

(١) گۆڤاری بەیان ژمارە ٧٩ ساڵی ١٩٨٢ عوسمان هەورامی.

پیرەمێرد:

وەک من دەردەدار، وەک من دەردەدار
ئای بۆ یارێکی، وەک من دەردەدار[1]
سەیری بەهار کەن، دیارە و دیار
گوڵان ببین، ڕەنگ ڕەنگ بەقەتار
لە هەر ڕەنگێکیان، خەمێ وەرگرین
بە هەر غەمێکی تێر و پڕ بگرین
لە وەنەوشە شین، لە نێرگس خومار
گوڵاڵە خوێنی، دیدەی شەو بێدار
لە غونچە پەیکان، لەسۆسەن گوڵ خار[2]
لە نەورۆز[3] بۆ دڵ زامی پڕ ئازار
چنوور وەک پێوەند، چنار سێدارە
هەمیشە بەهار، وەک وەرەمدارە
ڕیحانە پەلکی شینی ماتەم بێ
مینا مینای غەم با نەشئەی کەم بێ
بەڵام هەر تەنها خۆم دەردەدار بم
هەر غەم بەباری غەمان غەمبار بم

(١) دێڕی دووەم و چوارەم بەهەڵە لای م.ه پاش و پێش کەوتبوو لەبەر نوسخەی ڕۆژنامەکە ڕاستمان کردەوە.
(٢) لای م. ه نووسرابوو: لە گوڵ سۆسەن خار.
(٣) نەورۆز: گوڵە نەورۆز، مەبەست لە جۆرە گوڵێکە کە پێی ئەڵێن (نەورۆز) لێرەدا مەبەست لە جەژنی نەورۆز نییە.

***

گیانە ئەژمێرم

لە لاپەڕە ١٦٦ی دیوانی پیرەمێردی م. ه دا ئەم شیعرە بەشیعری پیرەمێرد دانراوە. بەڵام لە ڕاستیدا شیعری بێسارانییە و پیرەمێرد وەری گرتووە و خۆی دایڕشتۆتەوە و لە هەندێ شوێندا بەیت و نیوە بەیتی وەک خۆی گۆڕیوە. لە دەقەکەدا شیعرەکە دە دێڕە، لای پیرەمێرد بووە بەشانزە

دێڕ. دیاره كه خۆی چەندی لێ زیاد كردووه؟!.

چراغم شەهید[1]

چراغم شەهید، چراغم شەهید
وەختێ وەنیگات مە كەریم شەهید
بۆ بەشقی خودای حەمید و مەجید
جە زوڵفی سیات یەک تایی وەحید
بوزەم نە گەردەن بەوێنەی زوننار
بەو زوننارەوە بشوو وە مەزار
تا ئەرمەلەكان بەیانێم وەسەر
وینان بەزوننار تۆم بەستەن كەمەر
شەرمی زوڵفی دێز، سیات كەرانێ
عەزابی دۆزەخ، پێم نە دەزانێ

(١) گۆڤاری بەیان ژماره ٧٩ی ساڵی ١٩٨٢، عوسمان هەورامی

وەرگێڕان و داڕشتنەوەكەی پیرەمێرد:

گیانە ئەژمێرم، گیانە ئەژمێرم
بۆ ئاكامی مەرگ، نەفەس ئەژمێرم
كاتێ بەنیگای، تۆ گیان ئەسپێرم
تیپی فریشتە گشت دێنە سەیرم
خۆم بەشەهیدی عەشق ئەژمێرم
مەقبولی مزگەوت پەسەندی دێرم
تاوێک لەو زوڵفەی سەودای زەرەتار
لە گەردنما بێت بەوێنەی زەننار
قەباڵەی عیسا و ئەحمەدی موختار
پارێزگارم بن لە دوو توێی مەزار
ئەوسا فریشتە دێنە سەرینم
تا لێم بپرسن ڕێگای ئایینم
شەرمی تای زوڵفی لوولی وەک زەننار
فریشتەكانم لێ ئەكا بەیار

هیچ كەس ناتوانێ بڵێ كوڕی كێی
یا خەڵكی كام دێی؟ یا لە كوێوە دێی

نازک سارا و دەشت

ئەم شیعره له لاپەڕه ١٧١ی دیوانی پیرەمێردی مامۆستا هاواردا بڵاو كراوەتەوە. بەشیعری پیرەمێرد دانراوە. لێرەدا سەبارەت بەم شیعره سەرنج و تێبینی خۆمان بەچەند خاڵێک ڕوون دەكەینەوە.

١- شیعرەكە شیعری پیرەمێرد نییە و شیعری (فخر العلمای مەردۆخی) شاعیرە كە نازناوەكەی حەیران بووە. وەک مامۆستا عوسمان هەورامی لەو ژمارەیەی گۆڤاری بەیاندا نووسیویە، شیعرەكە بەشێوەی تایبەتی ناوچەی سنە نووسراوە.

٢- پیرەمێرد سێ جار ئەم شیعرەی وەرگێڕاوە، وە لەڕۆژنامەكەیدا بڵاوی كردۆتەوە. لە هەر سێ جارەكەدا ئاڵوگۆڕی لە شێوەی وەرگێڕانەكەدا كردووە و بەئارەزووی خۆی، چۆنی بۆ هاتووە بەیتی خۆی تیادا داناوە و بەیتی لە دەقەكە فڕێداوە و بەیتی مەولەوی بەبێ ئاماژە بۆكردن تیادا داناوە. بەڵام هەر لە یەكەم وەرگێڕانەوە نووسیویە كە ئەوە وەرگێڕانی شیعری فخر العلمایە. ئەمەش ئەو جارانەیە كە بڵاوی كردۆتەوە.

ا- ژیان - ژماره ٥٦٧ ساڵی ١٩٣٩.
ب- ژین - ژماره ٦٢٧ ساڵی ١٩٤١.
ج- ژین - ژماره ٩٥٤ ساڵی ١٩٤٩.

٣- مەولەوی شیعرێكی هەیە بەم جۆره دەست پێ دەكات:

نازک تەدارەک، فەسڵ وەهاران
شیرین ئارایش هەردە و كۆساران

جۆره نزیكییەک هەیە لە نێوان ئەم شیعره و ئەوی (فخر العلما)دا. كە شاعیر چەند بەیتێكی مەولەوی لە شیعرەكەی خۆیدا داناوە. وە لە كاتی خۆیدا پیرەمێرد ئەو شیعرەی مەولەوی وەرگێڕاوە بۆ سەر شێوەی سلێمانی و بەشێوەكەی خۆی دەستكاری شیعرەكەی كردووە لە كاتی وەرگێڕاندا لە بابەتی وەسف و عەشقی دڵداری مەولەویەوە بردوویەتە سەر باسی نیشتمانی و سكاڵای دڵی خۆی. نوسخەیەكی ئەم وەرگێڕانەمان لە كەشكۆڵی نەجمەددین مەلاوە وەرگرت، كە بەخەتی خۆی لە لاپەڕه ٤٤دا نووسیویەتیەوە. وە كەشكۆڵەكەی پێشكەش بە (حەمە ساڵح ئاغای قزلجی) كردووە. هەروەها جارێكی تریش لە ڕۆحی مەولەویدا وەری گێڕاوە و ئەمەیان زۆر نزیكە لە دەقەكەوە.

٤- بەپێی ئەم ساغ كردنەوانە ئێستا ئێمە ئەم دەقانەمان لەبەر دەستدایە و بۆ بەراورد و

ئەمانەتی ئەدەبی هەمووی دەخەینە پێش چاوی خوێنەران.

١- دەقی شیعرەکەی (فخر العلما) و هەرسێ وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد.

٢- دەقی شیعرەکەی مەولەوی و هەردوو وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد. وە لە بەشی شیعرە وەرگێڕاوەکانی مەولەویدا ئەم دوو وەرگێڕانەی پیرەمێردمان نەنووسی، بەو مەبەستەی لێرەدا بینووسین و خوێنەر باشتر لە نزیکی و جیاوازییەکان بگات.

هەروەها ئەو بەیتانەی لە کەوانەدا دامناون شیعری مەولەوین.

بەم جۆرە بۆ مەبەستێکی ئەدەبی و بەراوردی زانستی، دەربارەی ساغ کردنەوەی یەک شیعر حەوت دەقمان خستە بەر چاوی خوێنەر.

دەقی شیعرەکەی شاعیر (فخر العلمای مەردۆخی).

نازک سارا و دەشت، شیرین کۆساریێ[١]
سەفای بەهەشتی، تێدا دەبارێ
«گوڵ شیوەی ڕوخسار، ئازیز دەنوێنێ
بولبول وە ڕوویدا، چوون من دەخوێنێ»
لالە کەم چاو، وەڵاو دەکاتۆ
دەوێژی مەستە و شەراو دەخواتۆ
شەتاو، وەک فرمێسک چاوم ئەدا جۆش
سەیلاو هەروەک خوێن دڵ هاتۆ خرۆش
هەر پاڵی بەردێ، هەر ڕووی قەدپاڵێ
پەی سەفای خاتر سەیرکەر دەناڵێ
ئاخ بۆ دڵخۆشێ ئازاری نەوێ
غوصەی بێ مەیلی، ئازاری نەوێ
دەستی یەک بگرن هەردوو لەگەڵ یار
سەیری وەهار کەن دیارە و دیار
نەک وەک من هەر یەند خەم لێم بیەن کۆ
گوڵ فێشتەر زامم تێرێ وە ستۆ
«سا نەیچی، دەی نەی، سا دەروێش دەفێ
قەزای پەنجەتان، لە ئەعزام کەفێ»
«تۆ بەو سەدای دەف، ئەو بەو ناڵەی نەی
جەرگم لەت لەت کەن، ڕیشەی دڵ کەن پەی»

بەڵ وەها کەمێ زامم ساکن بۆ
ساتێکیچ دنیا وەکامی من بۆ
نەموت بێشەی عەشق خاری شێر گێرەن
چڵەی چنگۆڵی قوللاپەی شێرەن
چڵەی لەناو دڵ هەر کەس مەحکەم کرد
دەستی هەڵنەگرت، ڕیشەی دەرهاورد

....

(١) گۆڤاری بەیان ژمارە ٧٩ ساڵی (١٩٨٢) عوسمان هەورامی.

وەرگێڕانی یەکەم: ساڵی **١٩٣٩** نوسخەی دیوانی پیرەمێردی م. ه.

نازک تەدارەک، فەسڵی بەهارە
زەریف ئارایش، هەردە و کۆسارە
گوڵ شێوەی ڕوخسار ئازیز ئەنوێنێ
بولبول بەڕوویا وەک من ئەخوێنێ
گوڵاڵە شەونم سەرمەستی ئەکا
دەڵێ ڕووی یارم بەدمەستی ئەکا
فرمێسکی چاوم شەتاو ئەدا جۆش
وەنەوشە لەتاو دەردی من شین پۆش
ئای بۆ دڵخۆشێ کە زاریی نەبێ
غوصەی بێ مەیلی دڵداری نەبێ
بدا بەقیبلەم عەرزەی زەلیلیم
باش تێی گەیێنێ لە هەردە گێلیم
بەڵکو ڕێک کەوین ڕۆژێک لە گەڵ یار
سەیری بەهار کەین دیارە و دیار
«سا نەیچی دەی نەی های دروێش دەفێ
قەزای پەنجەتان لە گیانم کەفێ»
تۆ بەسەدای دەف ئەو بەنەوای نەی
جەرگم لەت لەت کەن ڕیشەی دڵکەن پەی
ئای بۆ ساقیە چواردە ساڵە بێ
بینی شەرابی پڕ پیاڵە بێ

بەڵام شەرابی کۆن و چل ساڵە
بەڵکو ڕزگار بم لە دەست ئەم حاڵە
ئەموت پیشەی عەشق خاری شێر گیرە
چنگی چنگ نییە قوڵاپی شێرە
پەنجەی لەناو جەرگ هەر کەسێک گیرکرد
ئامانی نادا ڕیشەی دەرهاورد

وەرگێڕانی دووەمی: ١٩٤١

نازک تەدارەک، فەسڵی بەهارە
زەریف ئارایش، هەردە و کۆهسارە
گوڵ شێوەی ڕوخسار دڵبەر ئەنوێنێ
بولبول بەڕوویدا، وەک من ئەخوێنێ
گوڵاڵە چاوی، بڵاوکردەوە
لە شەونم بادەی عەشقی خواردەوە
شەتاو وەک فرمێسک، چاوم هاتە جۆش
گوڵاو وەک خوێنی، دڵ کەوتە خرۆش
بە شنۆی نەسیم، چنوور ئەلەرزێ
ئەمدیوە و دیویە، هەر تەڵێ تەرزێ
ئای بۆ دڵسۆزێ، قەراری نەبێ
دەردێ بێ، میسلی دڵداری نەبێ
بدا بەقیبلەم نامەی زەلیلیم
بیگەێنێتێ، شەرحی مەلوولیم
دەستی یەک بگرین هەردوو لەگەڵ یار
سەیری بەهارکەین دیارە و دیار
بە بادەی مەستی، هەستیی، بستێنین
بەڵکو چەند ڕۆژێ دڵشاد بمێنین
با وجوود دنیا، لە ڕاحەت دوورە
ئەوی لێی دوورە، ئەو ڕەنگی سوورە

وەرگێڕانی سێیەم: ١٩٤٩

نازک تەدارەک، فەسڵی بەهارە
شیرین ئارایشت، هەردە و کۆهسارە

گوڵ شێوەی، ڕوخسار ئازیز ئەنوێنێ
بولبول بەڕوویدا، وەک من ئەخوێنێ
گوڵاڵە ورد ورد، چاو ئەکاتەوە
بە بادەی شەونم مەی ئەخواتەوە
بە شنۆی شەماڵ چنوور ئەلەرزێ
ئەم دیوە و دیویە هەر تای بەتەرزێ
شەتاو وەک فرمێسک چاوم خرۆشا
گوڵاو وەک کوڵی دڵی من جۆشا
گوڵشەن بەرگی سەوز پۆشا لەنوێوە
هەر چڵی گوڵێ، بولبولێ پێوە
بە ڕەزا بەو چین توغرای تاو تاوە
کەوتوەتە لەنجە بەم لا و بەو لاوە
ئای بۆ دڵسۆزێ قەراری نەبێ
خەمی بێ مەیلی دڵداری نەبێ
دەستی یەک بگرین هەردوو لە گوڵزار
سەیری بەهار کەین، دیارە و دیار
پێکەوە خەمی دڵ بدەین بەباد
ساتێ لە قەیدی جیهان سەر ئازاد
نەک وەک ئێستای من کز و ڕەنجەڕۆ
سەیری گوڵ زامم دێنێتەوە سۆ
«ساقی مەی، موتریب نەی دەروێش دەفێ
قەزای پەنجەتان لە گیانم کەوێ
مەی و نەی و هەی، کەف و دەف و زەف
هەر شەش لە دەوربن لە هەر شەش تەرەف
سا بەڵکو کەمێ، دڵم ساکن بێ
ساتێکیش دنیا بەکامی من بێ
نەموت پیشەی عەشق خاری شێر گیرە
چنگی چنگ نییە، قولاپی شێرە
پەنجەی بۆ جەرگی هەر کەس ڕاکێشا
ئامانی نەدا، ڕیشەی دەرکێشا

مەولەوی:

نازک تەدارەک فەسڵ وەهاران(١)
شیرین ئارایش هەردە و کۆساران
گوڵ چون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان
وە فراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان
مدیان گوڵاڵان نەپای دەربەندان
ئەو یەکتەر وێنەی ئارەزوومەندان
چ خاس خاس شنێو نە ئێواراندا
سەوزە وە ڕووی خاک جەرگەی یاراندا
بوین ڕەعشەی وەجد دڵەی پاکشان
عەیان نەشنیای سەوزەی خاکشان
جەی گۆشە خاستەر نیەن مەسکەنێ
ساقی گیان ئامان خومار ئەشکەنێ
هۆرێزە، سوبحەن، دڵ تازە خاوەن
شنۆی پای کاوەن، گۆشەی سەراوەن
سەوزەی خاک پاک یاران هام فەرد
فرەمان وە فەرش بەزم وێمان کەرد
کەو سەوزەی ئێمەیچ نەکام هەردێ بۆ؟
وەفەرش مەجلیس کام هام فەردێ بۆ؟

(١) دیوانی مەولەوی –مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس – ل ٤٣١ .

وەرگێڕانی یەکەم **١٩٣٥**

نازک تەدارەک فەسڵی بەهارە
زەریف ئارایش هەردە و کۆسارە
گوڵ وەک ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشە
بەفراو وەک لافاو دیدەم بەجۆشە
سەیرکەن گوڵاڵان لە پای دەربەندان
پێکەوەن وێنەی ئارەزوومەندان
چەند جوان ئەشنێ لە ئێواراندا
سەوزە بەڕووی خاک گەلی یاراندا

بڕوانە ڕەعشەی دەروونی پاکیان
دیارە لە جلوەی سەوزایی خاکیان
هەڵسە بەیانە دڵ تازە خاوە
شنۆی بەرکاوە، گۆشەی سەراوە
لەم گۆشە خۆشتر نییە سکەنێ
دەخیل هەی ساقی: خومار شکەنێ
سەوزەی خاکی پاک یارانی هام فەرد
چەند جارمان بەفەرش بەزمی خۆمان کرد
کەی سەوزەی ئێمەش لەکام هەردێ بێ
فەرشی مەجلسی کام هام فەردێ بێ

وەرگێڕانی دووەم **١٩٣٦**

نازک تەدارەک فەسڵی بەهارە(١)
شیرین ئارایش هەردە و کۆسارە
گوڵ وەک ڕووی بولبول نەزاکەت پۆشا
بە فراوان چون سەیل دیدەی من جۆشا
شاخەی شەتاوان، بۆی عەتری شەوبۆ
خەیمەی گوڵاڵان لە داوێنی کۆ
پرچی بەڕەزا لە سایەی دەربەندان
دەست لەملانن وەک حەسرەت مەندان
گوڵ بەسەرمەستی خەندە بەلێوە
هەر چڵی گوڵێ بولبولێ پێوە
لە ورشەی شەونم لەتۆی پەردەوە
نێرگس بەمەستی چاوی کردەوە
لاوان بەعەشقی نیشتمان سەرمەست
بۆ جەژنی نەورۆز ڕوویان کردە دەشت
هەڵسن بەیانە دڵ تازە خاوە
شنۆی بای کاوە گۆشەی سەراوە
لەم گۆشە خۆشتر نییە مەسکەنێ
ساقی گیان قوربان خومار شکەنێ

توخوا گۆینده، تۆش قەتارەکەت
سەدای سوب سەحەر پای کۆسارەکەت
بەڵکو بێنە جۆش نەوجەوانانمان
بێنە ڕێی خزمەت بۆ خانمانمان

....

(١) کەشکۆڵی نەجمەددین مەلا ل. ٤٤ دەستنووسەکە لای مامۆستا عبدالرقیب یوسف پارێزراوە.

***

گیانە لە پرخەی خەوی خاومدا

ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی مامۆستا هاواردا بڵاونەکراوەتەوە. بەڵام پیرەمێرد ساڵی **١٩٣٩** وەرگێڕانی ئەم شیعرەی بڵاو کردۆتەوە. وەرگێڕانەکەی ئەوەندە شاعیرانە بوو کە شیعرەکە لەناو کۆڕ و کۆمەڵانی ئەدیب و ئەدەب پەروەراندا هەمیشە بەسەر زارەوە بوو و دەگوترایەوە. لەم دواییەشدا هونەرمەندی دەنگخۆش کەریم کابان بەناوی خەنەبەندانەوە ئاوازی بۆ دانا و کردیە گۆرانییەکی خۆش.

چراخ داجاریٚ(١)

چراخ داجاریٚ بۆ وەخاومدا
پا بنیە وە بان هەردوو چاومدا
مەواچە مۆژەت تێشتەرەن جە خار
بای گوڵ ئەندامم مەدەرۆ ئازار
من بەی مۆژەی خار یەخەیلیٚ وەختەن
بە جارِو کاری نەرای تۆم جەختەن
شەو و ڕۆ نەرات پەرەی ئەی سەودا
یەک یەک بێێنیٚ شکستە مەودا
بۆ وە بیٚ ئەندێش، پا بنیە لێشان
بدیە بینایی، هیچ مەندەن تێشان؟
ئەگەر تێشان بۆ، غەیر جەهون فێشتەر
هیجرانت فێشتەر، لێش مەدۆ نێشتەر
سەحەر مەزانی، باڵا زەڕ ستوون
پات وێنەی حەنا ڕژیا بو بەهوون

....

(١) عوسمان هەورمی - دیوانی بێسارانی - دەسنووس.

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

گیانە لە پرخەی خەوی خاومدا
پیٚ بنیٚ وەبان هەردوو چاومدا
مەڵیٚ برژانگت تیژە وەک چقڵ
ئەچەقیٚتە پێی نازکی وەک گوڵ
بە برژانگی تیژ بۆیە خۆشحاڵم
خاکی بەر دەرگای تۆی پیٚ ئەماڵم
هەر چەند تیژیش بیٚ بۆ پێی تۆ نەرمە
بۆ تیٚ هەڵسوونی بەرپێت دڵ گەرمە
سا فەرموو پێیە بنیٚ سەر دیدەم
ئەو دیدەی بیٚ تۆ هیچ کەس نەدیدەم
ئەگەر نەقشێکی غەیری تۆی تیابیٚ
توخوا کوێری کە با نابینا بیٚ
کە پێت هەڵبڕی سەیرکە چەند جوانە
بە خوێنی دیدەم خەنەبەندانە

***

یاری پەرچەم لوول

(یاری پەرچەم لوول) ناونیشانی ئەو شیعرەیە کە پیرەمێرد وەری گێڕاوە و لە لاپەڕە٢١٠ی مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا (علاءالدین سجادی)دا بەناونیشانی (شیرین زوڵف لوول) نووسراوە. لێرەدا دەقی هەوارمی شیعرەکە و وەرگێڕانەکە دەنووسین. دەقەکە یانزە بەیتە وەرگێڕانەکە پێنج بەیتە.

«شیرین زوڵف لوول،...(١)
فیدای زوڵفت بام، گا گرژەن گا لوول
گا چوون سیامار پەشێوەن مەلوول
گا وێنەی لۆلاو مەپێچێۆنە توول
گا گا پەخش مەبو نە دەوری جەمین
گا لوول وەردەن چین وە بانی چین
گا گا جەم وەردەن چوون چەمەرەی چین
گا پەی جەمینت بییەن وە پەرچین

گاهێ پەشێوەن گاهێ گرنجەن
گا گا ملمانە نە دەوری زنجەن
گا تاتان نە دەس گەردشی شەماڵ
گا خەفتەن ساکن نە دەورانی خاڵ
دیدەم چێش مەبۆ تایێ جەو زوڵفە
جەو زوڵف وەشبۆ لوولی سەر کوڵفە
وزیم نەگەردەن، عەمری ویەردەم
تەجدید بو پەی دەفع هووناوان وەردەم
شای شیرین پەیکەر جەمین جامی ساف
بکیانە پەڕێم تایێ جەو کڵاف
بدان بەدەستم ئەی بەرگوزیدەم
چوون تەوافچیان ماڵووش نەدیدەم
بماڵووش نەچەم ساکن بو جە دەرد
دڵ بیی بەزوخاڵ، با نەبوو بەگەرد

....

(١) دیوانی بێسارانی - عوسمان هەورامی - دەسنووس.

پیرەمێرد:

یاری پەرچەم لوول،...
فیدای پرچت بم گا گرژە گا لوول
گا وەک سیامار پەشێوە و مەلوول
گەه وێنەی لاولاو بەپێچ و بەتوول
گاهێ خەم بووە وەک چەمەرەی چین
گاه لە دەوری ڕووت بووە بەپەرژین
گاهێ پەشێوە لە دەستی شەماڵ
گاهێ خەوتووە لە دەورانی خاڵ
شای شیرین پەیکەر جەبین جامی ساف
چی ئەبێ گیانە تایێ لەو کڵاف

***

های لە بەیاندا

لە دیوانی پیرەمێردی مامۆستا هاواردا لاپەڕەی ٢٨٦ ئەم شیعرەی بێسارانی و وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد نووسراوە. بەڵام لە کەشکۆڵی کەلەپووری کوردی مامۆستا (محەممەد عەلی قەرەداغی)دا لاپەڕەی ٢٢١ ئەم شیعرە بەشیعری (حەسەن کەنۆش) دانراوە و لە پەراوێزدا نووسراوە. ئەم پارچە لە کەشکۆڵی (مەلا عەزیزی ڕێشاوی) وەرگیراوە. ئێمە پشتمان بەدیوانی بێسارانی مامۆستا عوسمان هەورامی بەستووە لێرەدا. وە هەردوو دەقەکە و وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد دەنووسین. هەردوو دەقەکە هەر یەک چوار بەیتە. لای پیرەمێرد بووە بەشەش بەیت!.

بێسارانی:

جە بەیانەوە،...
حاڵێ پێم یاوان جە بەیانەوە
خاڵێ دیم جە بەین دوو بەیانەوە
مەدرەوشۆ چوون نەجم وە بەیانەوە
حەیان لوول وەردەن وە بەیانەوە
وەبان بەیدا مە شنیانەوە
حەکاکان دەور گرد بەیانەوە
کێ دیەن مەغریب وە بەیانەوە
مستەفا[1] هەتا سەر نیانەوە
هەر ها وەحەسرەت ئەو بەیانەوە

....

(١) مستەفا: مصطفی، مەلا مستەفای بێسارانی

حەسەن کەنۆش:

جە بەیانەوە، جە بەیانەوە
حاڵێ پێم یاوا، جە بەیانەوە
خاڵێ دیم نەبەین دوو بەیانەوە
چون نەجم مدرەوشۆ وە بەیانەوە
حەکاکان دەور گشت بەیانەوە
کێ دیەن مەغریب وە بەیانەوە؟
تا (حەسەن) وە خاک سەر منیانەوە
هەروام وە حەسرەت ئەو بەیانەوە

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

های لە بەیاندا، های لە بەیاندا
های ئەو بەیانەی، دیم لە بەیاندا
خاڵێ لە مابەین جووتە بەیاندا
ئەستێرەی بەیان لە توێی بەیاندا
دوو مار بەحەلقە دەوری بەیاندا
تا ڕێی بەی نەبێ دز لە بەیاندا
کێ توانی ئەمە شەرح و بەیاندا
ڕەشە ئێوارە لە دەم بەیان دا
ماری لای بەیان بۆیە نیهان دا
هەر کەس دەس بەرێ ماری لێ هان دا
ئەمەوێ لە خوا مەرگم نیشان دا
سەر لە بەیاندا سەر لە بەیاندا

***

دڵە داخی نۆ

ئەم شیعرە لە دیوانی وەلی دێوانەی (خاکی و، س.ع. شادمان)دا بەشیعری وەلی دانراوە. وەک زۆربەی ناتەواوییەکانی ئەو دیوانە کە لە ژمارە نایەن. بەتایبەتی چاپی دووەمی ١٩٨٣ دەقی هەورامی شیعرەکە نەنووسراوە. لەوەش دڵنیا نیم ئاخۆ پیرەمێرد وەری گێڕاوەتە سەر شێوەی سلێمانی یاخود کەسێکی تر. بەڵام مامۆستا عوسمان هەورامی کە شارەزاییەکی تەواوی هەیە لەناسین و ڕاستی و ناڕاستی نووسینەوە و شێوەی دەقی شیعرە هەورامییەکاندا (کە بەگشتی شێوەی کرمانجی سەروو)ی پێ دەڵێن لە لاپەڕە پێنجی دیوانەکەیدا (دیوانی وەلی دێوانە)، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەو شیعرە بەهەڵە کەوتۆتە دیوانی (وەلی، خاکی)یەوە و شیعری بێسارانییە. هەروەها لە ژمارە ٩٥٨ی ساڵی ١٩٤٩ی ڕۆژنامەکەیدا، پیرەمێرد دەقێکی جیاوازی ئەم شیعرەی بەشێوەی سلێمانی بڵاوکردۆتەوە و نووسیویە شیعری بێسارانییە وە یەکەم دێڕی بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

«دڵە داخی نۆ، دڵە داخی نۆ»

دڵە داخی نۆ

دڵە داخی نۆ، دڵە داخی نۆ
چەند هاوارم کرد، شەوان تا بەڕۆ

بەڕێی ناڕەفتە و چەوتیدا مەڕۆ
برینی جەرگت هێنامەوە سۆ
ئاخ بۆ بەختی من، داخ دڵە بۆ تۆ
بە دەردی تۆ وە، زامداری خەمم
گیرۆدەی داوی، جەور و ستەمم
چاو نەبیناوی تەمی ماتەمم
چاوەڕێی دەستی، دۆست و مەرهەمم
تۆ وا لە سەودای زوڵفی عەنبەر بۆ
ئاخ بۆ بەختی من، داخ دڵە بۆ تۆ
چەندم وت دڵە، هۆشت بێ ئامان
لادە لە بەڵای باڵا نەمامان
ژورنالی دووری فتنە و نەمامان
هێند لە کارایە، بێ حەد و سامان
تۆ تووش ئەبی و من ئەکەومە ڕۆڕۆ
ئاخ بۆ بەختی من، داخ دڵە بۆ تۆ
چارت ئەوەیە شەو هەستە لەخەو
خوا لە لای خۆشەناڵەی نیوەشەو
بە سۆزی دەروون هاورکەرە ئەو
کەرەمکار ئەوە هیوادار بە لەو
بەڵکو بێیتەوە حاڵی خۆت لە نۆ
ئاخ بۆ بەختی من، داخ دڵە بۆ تۆ

دەقی دیوانی وەلی:

دڵە زامی نۆ

دڵە زامی نۆ، دڵە زامی نۆ
بێ زار و زاری کردم زامی نۆ
تیری زامی تۆ کۆ کۆ بوو وەک کۆ
ئاخ بۆ بەختی خۆم، دڵە داخ بۆ تۆ
حەکیمان کە دێن، ئەبینن سزام
دڵیان ئەسووتێ بۆ بەختی سیام

سابگری، بگره دەست بەزامەوە
بە زامی تیری نەونەمامەوە
کەوتوومە داوی، زوڵفی عەنبەر بۆ
ئاخ بۆ بەختی خۆم، دڵە داخ بۆ تۆ
بێ یار بێ یاوەر، بێ جێگا بێ وەر
وەک ماران گەستەی زامی پڕ خەتەر
حەکیمێ نییە بێت بۆ دەوای زام
خەمخۆرێک نییە دانیشێ لەلام

دەقی هەورامی شیعرەکەی بێسارانی:

دڵە زامی نۆ، دڵە زامی نۆ(١)
زایف و زەبوون، زەدەی زامی نۆ
چەند تیری کاریت، نە دڵ گرتەن کۆ
ئاخ پەی بەختی وێم، دڵە داخ پەی تۆ؛...
من زار و خەمناک، زەدەی تیری خار
پێکیای پەیکان، تایفەی کوففار
دەروون سیاداخ، سۆچیای خەمان
بێ زەوق و کەم چاخ، خاری ستەمان
کەردات وەسەر مەشق، زەمانەی بێ شۆ
ئاخ پەی بەختی وێم، دڵە داخ پەی تۆ،...
فەرەم وات دڵە، مروەتت ئامان
بۆ، مەوزەم نەگێچ بەحری بێ سامان
هەر یەند تاوی عەشق نەدەروون خزیای
تاوە شۆڵەی شەم چراخان گڕیای
تەن بێ بەزوخاڵ، سیا سفتەی کۆ
ئاخ پەی بەختی دێم، دڵە داخ پەی تۆ،...
ئایری دووریت سەرکەردەن نە دڵ
جەرگم چوون کەباب پێکیان وە چڵ
نازاران خەشم و غەزەب گرتەن لێم
بێ وەرمی شەوان بییەن بەخدێم

جە تاوی زوڵفان سیای عەنبەر بۆ
ئاخ پەی بەختی وێم، دڵە داخ پەی تۆ،...
حەکیمان مەیان، مەوینان سزام
شادەت ماوەران وەسفتەی سیام
ئیسە بگێرە دەس وە زامەوە
بە زامی خەدەنگ نەونەمامەوە
هەر یەند کێشە ئاه شەوان تا بەرۆ
ئاخ پەی بەختی وێم، دڵە داخ پەی تۆ

....

(١) ئەم شیعرەمان بەهۆی مامۆستا عوسمان هەورامییەوە دەست کەوت کە بەڕێزیان لە ڕێکەوتی ١٤/٩/١٩٨٧دا بەدەستخەتی خۆی بۆی نووسینەوە.

***

دووری پڕ دەردە

پیرەمێرد ئەم شیعرەی لە ژمارە ٩٤٣ی ساڵی ١٩٤٨ی ڕۆژنامەکەیدا لەژێر ناوی (بێسارانی)دا بڵاو کردۆتەوە. دەقی هەورامی ئەم شیعرەمان دەست نەکەوت.

دووری پڕ دەردە،...
لە داخی دووری دەروون پڕ دەردە
ڕەنگم وەک گەڵای پایزان زەردە
نەبەردی بەختە بەبگرە و بەردە
تەمی ماتەمم، دنیای تاریک کرد
کوێرەوەری خەم، قەدمی باریک کرد
«هیجران لە جەرگم، هێندەی کردووە کار
مات و بێ دەنگم، وەک نەخشی دیوار»(١)
ناڵەی ئینتیزار ئەکێشم وەک نەی
چاوم بەفرمێسک بووە پیاڵەی مەی
لەت لەتی جەرگم کردووە بەکەباب
ئەمە نەی و مەی کەباب و شەراب
«سا توخوا فەرموو، سەوڵی خەرامان
قەدەم ڕەنجەکە، مروەتە ئامان»(٢)

ئاخ نەمردمایە تا وەکو جارێ
ڕێکەوتی تالع ئەیکردە کارێ
دابنیشتمایە لەگەڵ تۆ شەوێ
بێ ئەوەی دەستم لە دەستت کەوێ
من بەسۆزی عەشق تۆ بەشیرین ڕاز
گاهێ لە تۆ ناز، گاه لەمن نیاز
تێر سەرم دانێم، لە خاکی پێتا
بە شاد مەرگی بمرم لە ڕێتا
ئەوسا پێم ئەڵێن شەهیدی عەشقە
بۆ عەشقی بەڕاست ئەمە سەرمەشقە

....

(١، ٢) ئەو دوو بەیتەی لە کەوانەدان شیعری (بێسارانی)ن بەڵام تەواوی شیعرەکەمان دەست نەکەوت.

***

پیرەمێرد و شیعرەکانی مەلا وڵەوخان (مەلا ولدخان)

ئەوەندەی من ئاگادار بم پیرەمێرد چوار شیعری ئەم شاعیرەی وەرگێڕاوە. دەقی هەورامی هەر چوار شیعرەکەمان دۆزیەوە و بۆ بەراورد و نیشاندانی شێوەی وەرگێڕانەکە هەریەک لە شوێنی خۆیدا دەنووسین.

دەربارەی ژیان و بەسەرهاتی ئەم شاعیرە شتێکی ئەوتۆمان بەدەستەوە نییە، جگە لە چەند دێڕێک نەبێ کە نەجمەددین مەلا لە کەشکۆڵی (مینای شکستە)و کەشکۆڵی (حەمە ساڵح ئاغای قزلجی)دا نووسیوە.

لە یەکەمدا دەڵێت: «ئەم زاتە لەگەڵ مەولەوی (سەید عەبدولڕەحیم)دا هاوعەسر – هاوچاخن، شیعرەکانی زۆر ورد و ئاهەنگدارە. لەسەر ئوسلوب و شێوەی مەولەوی شیعری وتووە. ل ٢٠٠».

دووەم: «ئەم شاعیرە لەگەڵ مەولەوی (سەید عەبدولڕەحیم) هاووەختن، شیعرەکانی زۆری لە شیعری مەولەوی ئەچێ، پڕ مەعنایە. ل ٩٥».

شیرین بەنازە

پیرەمێرد لە ژمارە ٨٩٢ی ساڵی ١٩٤٧ی ڕۆژنامەکەیدا ئەم شیعرەی (مەلا وڵەوخان)ی بەناوی (یاری خوا نەناس)ەوە بڵاو کردۆتەوە، بەبێ ئەوەی ناوی شاعیرەکە بنووسێ. بەڵام ئێمە دۆزیمانەوە کە شیعری پیرەمێرد نییە و شیعری مەلا وڵەوخان و لە لاپەڕە ١٠١ی بەشی یەکەمی کتێبی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی مامۆستا (محەممەد عەلی قەرەداغی)دا دەقی

هەورامی شیعرەکە بڵاو کراوەتەوە. شیعرەکە بیست و هەشت دێڕە و لای پیرەمێرد شانزە دێڕە و تەنها ئەو دێڕانە دەنووسین کە پەیوەندی بەوەرگێڕانەکەوە هەیە.

شیرین نیگاتەن، شیرین نیگاتەن
چەند وەختەن چون باز شێروان نیگاتەن
مەعلومەن عیصمەت نە پێشمی پاتەن
نەزانام پەی حاڵ کێ تەمەنناتەن
حەیفەن تۆ وە تەخت بڵند جاییێوە
تەن وە تۆی خەفتان تورمەی شاهێوە
دەس کۆتا بکە، یەڕەفتار نییە
ئامشۆی وەگەرم صوب ئێوار نییە
میرشکارت کێن؟ کێ فامت بەردەن؟
مەعلوومەن هەوای شکارت کەردەن
ڕاسەن سەودای عەشق جە ئەزەل بیەن
(مەڵڵا) هام مەقەڕ هام وەزنت نیەن

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

شیرین بەنازە،...
ڕوانینی نیگای، شیروانی بازە
ناز لەسەر ڕێیدا وەک سەراندازە
نازانم (صید)ی کێی لا نیازە
بەم شێوەیە خۆی (صید) نێچیر ئەکا
هەزاران شەیدای عەشق زنجیر ئەکا
کاری تەسخیری شەخس و پیر ئەکا
کەچی خۆی لە لای پیر ئەسیر ئەکا
گیانە حەیف بۆ تۆکە بڵند جاهی
بۆ ناو دڵبەران لە ڕیزە و شاهی
گەردن کەچی تۆن لە ماه تا ماهی
نازانم کێ تۆی خستە گومڕاهی
لادە لەم ڕێیە کەچ ڕەفتارییە
دوایی نەتیجەی کەفتەکارییە

عالەم لە عەشقی تۆ هاوارییە
تۆ بۆ کێتە ئەم شین و زارییە
***

سەوزەڵەی چاوڕەش

لە دیوانی (پیرەمێردی نەمر)ی مامۆستا هاواردا لاپەڕەی ١٦٩ شیعرێک بڵاو کراوەتەوە بەناوی (سەوزەڵەی چاوڕەش)وە بەشیعری پیرەمێرد دانراوە و هیچی لەبارەوە نەنووسراوە. بەڵام ئەو شیعرە شیعری (سەوزەی سیاچەم)ی (مەلا وڵەوخانە)و لە لاپەڕە ١١١ی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغیدا دەقەکەی بڵاو کراوەتەوە. دەقەکە حەڤدە بەیتە و وەرگێڕانەکە چواردە بەیتە. ئێمە دوو دەقی وەرگێڕاوی ئەم شیعرەمان لایە. یەکێکیان لە دیوانی پیرەمێردی مامۆستا هاوار دایە و ئەوی تریان بەدەستخەتی پیرەمێرد خۆیەتی کە وێنەکەی لێرەدا نیشان دەدەین و شیعرەکەش دەنووسینەوە.

سەوزەی سیاچەم،...
من داخین کەردەن سەوزەی سیاچەم
وەختێ زوڵف و پرچ لوول مدەی وەهەم
عالەم بەدحاڵەن، وەخاڵت قەسەم
پرچت لوول مەکەر، عالەم پەشێوەن
لێوت مەنمانە مەڵڵا پێش لێوەن
بەو دیدەت وە کەیل سورمەی بین مەکەر
پرچت وە پەرچین ڕووی جەمین مەکەر
دەس ماوەر وەزولف سیا زوخاڵدا
پرچت لوول مەکەر وەڕووی دەسماڵدا
پرچت لوول مەکەر گل مەلوولتەن
مەلوولیم وێنەی پرچ لوولتەن
وێنەی داخیان دڵ داخین مەکەر
(مەڵڵا) داخی زوڵف قازاخی مەکەر
هەنی دەسەن ناز ئیشارەی چاوان
ئاخر زەرەرت وە (مەڵڵا) باوان
سەوزەی سیاچەم، پرچ لوولی، چاومەست
پرچی لوولی تۆ من کوشتەن وە قەست

ئیشارەی دیدەت وە من منمانی
مەگەر وە ئەنقەست گیانم مستانی
(مەڵڵا) مکێشۆ نازت وە ئەنداز
پرچ لوول تۆ من کوشتەن وە ناز
هەر هام وەو حاڵات پەشێو حاڵەوە
وەس تەمەنناکەر نە دەرماڵەوە
جەرگ و دڵم دای وە پەیکانەوە
وەس تەمەنناکەر نە ئەیوانەوە
سەوزە ناز مەکەر، ناز کێشت کییەن
نازکێشت مەڵڵان، مەلا شێت بییەن
بەو قورئان قەسەم، شای شەکەر ڕازان
هەر کفن مەندەن، پەرێم بدرازان
نەپای ئامشۆ، نەڕای دڵ نیەن
مەڵڵا ئینتیزار سەوزەی پرچ لویلەن
هانای هامسەران وییەردەم نەگشت
سەوزەی پرچ لوول وەڵڵا مەڵڵاش کوشت

وەرگێڕانی یەکەم:

سەوزەڵەی چاوڕەش، سەوزەڵەی چاوڕەش
ڕۆژی ڕەش کردم، سەوزەڵەی چاوڕەش
وەختێ زوڵف و پرچ، لێت ئەبن بەنەخش
عەقڵ و هۆشی من، هەردوو ئەبن پەخش
پرچت لوول مەکە، حاڵم پەشێوە
کێ ناشێوێنێ ئەو طورە و شێوە؟
(روح القدس)ە سڕڕی ئەو لێوە
هەر تای زوڵفێکت دڵێکی پێوە
ڕەشی بەختی من کلی چاوتە
ڕشتەی حەیاتم زوڵفی خاوتە
ئەم چەند ڕۆژەیە، کەوا باوتە
دڵم مەشکێنە کە پێناوتە

کوشتەی نازی خۆت زۆر مەدە ئازار
زوڵفت نەبێتە پەرژینی ڕوخسار
با ڕۆژ نەگیرێ و نەکەومە هاوار
عاشق لە ئازار زوو دەبێ بێزار
پرچت لوول مەکە، دڵەم مەلوولە
شێوەی مەلوولیم وەک پرچی لوولە
تۆماری شەرحی دەردم بەتوولە
تەریبی وەسڵ و بەختم شەفتوولە
بەسم بکوژە بەتیری غەمزە
غەمزەت ئەندامی هێنامە لەرزە
قەتڵی دڵدارت لە لای تۆ فەرزە
سەوزەی بێ بەینەت ئاخ داخت سەوزە
ئیشارەی دیدەت بەمن ئەنوێنی
خەریکی ئەوەی گیانم بستێنی
وا گیانم دایتێ هەر تۆ بمێنی
بەشەرتێ لەسەر قەبرم بخوێنی(١)

---

(١) لای م.هـ نووسراوە (بەمەرجێ لەسەر قەبرم بخوێنی). واتە وشەی (شەرت)ی گۆڕیوە بەمەرج.

***

وەرگێڕانی دووەمی پیرەمێرد، کە شاعیرانەتر و نزیکترە لە دەقەکەوە: وەک لە فۆتۆی دەستخەتەکەیدا دەیبینی لە ژێر ناونیشانی (مەلا وەڵەوخان)ی ڕاستەقینەدا وەری گێڕاوە.

سەوزەی سیاچەم، سەوزەی سیاچەم
ئاخ داخت زۆرە، سەوزەی سیاچەم
کاتێ زوڵف و پرچ لوول ئەدەی وەهەم
حاڵم بەدحاڵە، بەخاڵت قەسەم
پرچت لوول مەکە، حاڵم پەشێوە
لێو مەنێ سەر لیۆ، گیان لەسەر لێوە
ئەو دیدە سیات سوورمەبین مەکە
پرچت پڕ چینی، ڕووی جەبین مەکە

دەست مەبەرە سەر، زوڵفی زوخاڵدا؟
پرچت لوول مەکە، دڵەم مەلوولە
مەلوولیم وێنەی، ئەگریجەی لوولە
بەسیەتی نازی ئیشارەی چاوان
مەلا(١) مەکوژە، بێ گونا و(٢) و تاوان
سەوزەی سیاچەم، پرچ لوولی چاومەست
بۆ پێوەندیی من، لوولیەکەی بەقەست
کاتێ تیلای چاو، بەمن ئەنوێنی
تیر ئەدەی لەدڵ، گیانم ئەسێنی
هەر چەند ئەو تیرە، بەشێوەی نازە
بەڵام نازیش بێ، ناز، بەئەندازە
مردم بەم حاڵەی، پەشێو حاڵەوە
هەر گەرد و خولمە، لە دەرماڵەوە
جەرگت لەت کردم بەپەیکانەوە
خۆتم بۆ دەرخە لە ئەیوانەوە
سەوزە، ناز مەکە، ئیتر بۆ کێتە؟
ناز بۆ (مەلا) بوو، وا، ئەویش شێتە!
سوێندم بەقورئان، هێندە کوشتەی تۆم
هەر کفن ماوە، کە بیدروون بۆم
نەپێی ئاموشۆ، نەڕێی دەلیلە
مەلا لە دووریت کەفتە و زەلیلە
هاوارم بەرن بۆ برای هاوپشت
سەوزەی سیاچەم، براکەتی کوشت
با ئەویش شوێن خوێن برای خۆی کەوێ
بەڵکو تیرێکی غەمزەی بەر کەوێ

---

(١) مەلا: مەبەست خۆیەتی - مەلا وڵەوخان
(٢) گونا: گوناهـ-

***

شای وەڵەد چاوان

پیرەمێرد لە ژمارە ٥٧٢ی ساڵی ١٩٣٩ی ڕۆژنامەکەیدا ئەم شیعرەی (مەلا وڵەوخان)ی وەرگێڕاوە. دەقی شیعرەکە بیست بەیتە. وەرگێڕانەکە شانزە بەیتە. هەروەها دەقی هەورامی شیعرەکەمان لە کتێبی (کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی) مامۆستا (محەممەد عەلی قەرداغی)یەوە وەرگرت. لاپەڕەی ١٠٩ .

«شای وەڵەد چاوان، شای وەڵەد چاوان
غەزاڵەی خوتەن، شای وەڵەد چاوان
شێوەت مەر (شیرین) ئەرمەنی باوان
نیم نیگات (فەرهاد) کوشت وەبێ تاوان
ئەو شەرت و ئیقرار، شیرین ئەو یاد کەر
عیشق و دڵداریت، دانگێ زیاد کەر
ئارەزووی دیدار، دین (فەرهاد) کەر
(شەودێز) نە حەلقەی کەمەند ئازاد کەر
وێت بپۆش وە ڕەخت شەو ڕەنگ شەتاوان
نیم نیگات فەرهاد، کوشت بەبێ تاوان
شەودێزت زین کەرد وە تفاقەوە
وەو ڕەخت و ڕەشمەی تەمتەراقەوە
دەماخت وە بورج کۆی ئافاقەوە
بێ خەوف نەرزەنگیی نەو سەرتاقەوە
شەماڵ بۆی عەترت وە (کۆکەن) یاوان
نیم نیگات فەرهاد کوشت وە بێ تاوان
چون شیرین نەبورج پەنجەرەی جامرێز
وەس کەر نیگای ناز عەین ئاهو و بێز
وەس دەرستێزەی (شێرۆ)ی شەڕەنگێز
با نەوەرۆ هون خوسرەو پەروێز
شێرۆ پەرێت جەرگ خوسرەو شکاوان
نیم نیگات فەرهاد کوشت وەبێ تاوان
شێوەی مەحبووبیت ها وەخاڵەوە
ڕەسمت مەنشوورەن نەی مەحاڵەوە

قەتارەی گوڵەنگ لاڵ و باڵەوە
تەشریف بەر وەزێد (چەمچەماڵ)ەوە
چەمچەماڵ نە شاه سەندت نە باوان
نیم نیگات فەرهاد کوشت وەبێ تاوان
شێوەی مەحبوبیت وەشیرینەوە
قەدەم ڕەنجەکەر نە (هەرسین)ەوە
تەشریف بەر وەکاو بێستوینەوە
وە مەیل وەرین فەرهاد وینەوە
وە ناز نازەوە چەرخنای چاوان
نیم نیگات فەرهاد کوشت وەبێ تاوان
حەیفەن پەی شەخسێ ساحیب جەمین بۆ
وە قامەت لەیلێ وە ڕەنگ شیرین بۆ
عیشق و دڵداریش وە خەشم و قین بۆ
چون شیرین قاتڵ فەرهاد چین بۆ
حسابت ئێدەن نە پای حساوان
نیم نیگات فەرهاد کوشت وە بێ تاوان

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

شای وەڵەد چاوان، شای وەڵەد چاوان
غەزالەی خوتەن، شای وەڵەد چاوان
شێوەت وەک شیرین، ئەرمەنی باوان
غەمزەت فەرهادی کوشت بەبێ تاوان
دڵسۆزی و شەرتی شیرین بەیادکە
شەودێز لەڕەشمە و پێوەند ئازادکە
بەرگێ بپۆشە، ڕەنگی شەتاوان
عیشوەت فەرهادی کوشت بەبێ تاوان
شەودێزت زین کە بەتفاقەوە
بەڕەخت و ڕەشمەی تەمتراقەوە
دەماخت بەبورج کۆی ئافاقەوە
بێ خۆف لە زەنگی بانی تاقەوە

شەماڵ بۆنی تۆی لەفەرهاد پژان
نازت فەرهادی کوشت بەبێ تاوان
وەک شیرین لە بورج پەنجەرەی جامریز
بەس بچەرخێنە چاوی ئاهو و بیز
بەس بدە هانەی شێرۆی شەڕانگیز
با نەڕژێ خوێنی خەسرەوی پەرویز
شێرۆ خەسرەوی بۆت خستە ئامان
عەشقت فەرهادی کوشت بەبێ تاوان
شێوەی شیرینت وا بەخاڵەوە
ناوت مەشهوورە لەم مەحاڵەوە
بە باڵی باهووی لە علی ئاڵەوە
بنیشە بەسەر (چەمچەماڵ)ەوە
چەمچەماڵ بۆ تۆ جیازی باوان
نیگات فەرهادی کوشت بەبێ تاوان
حەیفە بۆ کەسێ خاوەند جەبین بێ
بە قامەت لەیلی بەڕەنگ شیرین بێ
لەگەڵ عاشقان بەخەشم و قین بێ
بە عەشق کوشندەی فەرهادی چین بێ
وا ناوت کەوتە ڕیزەی بەدناوان
عەشقت فەرهادی کوشت بەبێ تاوان

***

بادی لێلاخان (بادی لەیلاخان)

ئەم شیعرە کە پیرەمێرد دووجار وەرگێڕانەکەی بڵاوکردۆتەوە بەهۆی سێ سەرچاوەوە سێ بیروڕام لەلا دروست بوو.

سەرچاوەی یەکەم بریتییە لە کەشکۆڵی نەجمەددین مەلا کە بۆ حەمە ساڵح ئاغای قزلجی نووسیوە و لە بەشی (ئەسڵ و ڕۆحی) مەولەویدا بەشیعری مەولەوی داناوە و دەقی هەورامی و وەرگێڕانەکەی پیرەمێردی نووسیوە. بڕوانە ل٣٨، ل٣٩ بەیادی مەلا ولدخان.

سەرچاوەی دووەم، دیوانی مەلای جەبارییە، کە لە لاپەڕەی ٣٩دا ئەو شیعرە بەهەندێ جیاوازییەوە، بەناوی (بادی لەیلاخان)ەوە بەشیعری (مەلا فەتاحی جەباری) دانراوە و لە

پەراوێزیا نووسراوە «مەلا فەتاح لە کاتێکدا ئەم پارچە هەڵبەستەی بۆ دۆستەکەی (لەیلا خان) نووسیوەتەوە خۆی لە ولاتی ڕۆم بووە و بیری نیشتمان و دۆست و ئەغیارانی کردووە».

سەرچاوەی سێیەم، دوو ژمارەی ڕۆژنامەکەی پیرەمێرد خۆیەتی، یەکەم، ژمارە ٣٨٤ی ساڵی ١٩٣٣، دووەم ژمارە ٨٦٤ی ساڵی ١٩٤٧، کە لە هەریەک لەو ژمارانەدا ئەو شیعرەی (مەلا ولدخان)ی بڵاو کردۆتەوە. لە نوسخەی ٣٨٤دا شەش بەیتی یەکەمی وەک خۆی هێشتۆتەوە و وەری نەگێڕاوە و لەوێوە کە دەڵێت «ئاخ زۆر دەمێکە دوورکەوتەی لەیلم» وەری گێڕاوەتە سەر شێوەی سلێمانی.

وە لەپێشەکیدا نووسیویە «ئەمەش بەیادی مەلا ولدخان » ئیتر نەینووسیوە کە ئەمە شیعری مەولەوییە یان نا؟ بەو پێیە دەبێ شیعری مەلا ولدخان بێت، چونکە لە شیعرەکەشدا دیارە کە شاعیر باسی خۆی دەکات و ناوی مەلا ولدخان دەهێنێت. بۆ ئەوەش کە ڕەنگە شیعری مەولەوی نەبێت، لە دیوانی مەولەوی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕسدا ئەو شیعرە بەرچاو ناکەوێ و لە دیوانی مەولەوی و ڕۆحی مەولەوی پیرەمێردیشدا ئەو شیعرە نابینرێ. بەهەر حاڵ ئێمە بەناوی مەلا ولدخانەوە بڵاوی دەکەینەوە هەتا لە داهاتوودا خۆمان یا برایەکی ئەدیب بەبەڵگەیێ لەم بەڵگانەی ئێستای من باشتر ئەم باسە دەسەلمێنێت. هەروەها لەوە دەچێت کە نەجمەددین مەلا ئەو شیعرەی لە نوسخەی ژمارە ٣٨٤ی ڕۆژنامەکەوە ڕاگوێستبێتە کەشکۆڵەکەوە!.

لێرەدا دەقی شیعرەکەی مەلا ولدخان و مەلا فەتاحی جەباری دەنووسین و وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد کە لەدەقی هەورامی ناو کەشکۆڵەکەی نەجمەددین مەلاوە وەری گرتووە بڵاو دەکەینەوە.

مەلا ولدخان:

بادی لەیلاخان، بادی لەیلاخان
بادی عەنبەر بۆی، بورجی لەیلاخان
مەشاطەی چهرەی بڵند دەماخان
شانەزەن وە زولف بەرازەی شاخان
شنیایی گێسووی چنووری زاخان
تەسکین دڵەی زامداری داخان
پێشدادی نەفخەی نەو خونچەی باخان
ڕەهبەر و شقەی شەوبۆی ئیلاخان
دەقاق شەهید سۆنە و کولاخان
جارۆکەش وە گرد نەو حجلە و کاخان
یە خەیلێ وەختەن دوور کەفتەی لەیلم
ئاوارەی وەتەن، وێڵی دوجەیلم

گومکردەی یاران سەرگەشتەی بیدم
غەیر نەتۆ کەس نیەن ئومیدم
نامەیی نە شەرح دڵەی پڕ دەردم
سۆزێ نەهجران هەناسەی سەردم
نویسام وەهون زامانی کاریم
بە ڕەش پەی یاران تو وە دیاریم
بورە بگریاش وە هوزانەوە
بدەرەش وەدەست دڵسۆزانەوە
هەر کەس جەو دەمدا سۆزەش تە دڵ بو
دیکی دەروونش پەی من وە کوڵ بو
مگروان ماچان لێلاّیم لێڵەن
یە نامەی مەڵلاّن جە هەردان وێڵەن
دەخیڵە شەماڵ نە ڕووی دڵشادی
باوەرە نامەی گەردن ئازادی
ئەر زانوی چەنیم ها وەراوە
ئاردی ورودی پەیکێ جەلاوە
کێ زانو چون بو ئەی دنیای یادی
با ببوت نەبەین گەردن ئازادی
نەک ئەجەل دەردم وەترست زانو
دینی یارانم وەحەسرەت مانو

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

بادی لەیلا خان، بادی لەیلا خان
بادی عەنبەر بۆی بورجی لەیلا خان
مەشاطەی چهرەی بڵند دەماخان
شا زەن بەزوڵف بەرەزای شاخان
شینیای گێسووی چنووری زاخان
مەرهەمی دڵەی زامداری داخان
لەرەی ڕێشووی خاو تارای بەیداخان
لەرزەی زنجیرەی ئاوی شتاخان

پێشدادی نەفخەی، نەو خونچەی باخان
ڕەهبەری شقەی شەوبۆی ئێلاخان
دەقاقی شاپەڕ سەقر و کلاّخان
جاروکش وەکرد نەو حجلە و کاخان
ئاخ زۆر دەمێکە دوورکەوتەی لەیلم
ئارەزووی دیار وێڵی دوجەیلم
یاران لێم گوم بوو سەرگوشتەی بەیدم
تەنها بۆ تۆیە هیوا و ئومێدم
نامەیە لە شەرح دڵەی پڕ دەردم
سۆزی لە هیجران هەناسەی سەردم
نووسیومە بەخوێن برینی کاریم
بیبە بۆ یارم لەبری دیاریم
بیگێڕە ماڵ ماڵ بەهۆزانەوە
بە قەوم و قیلە و دڵسۆزانەوە
هەرچی دەبینی کە سۆز لە دڵە
بۆ سەرگەردانیم جەرگی بەکوڵە
بە گریان دەڵێ لێلاّیم لێڵە
نامەی مەلاکەی لە هەردان کەیلە
بیدەرە دەستی بڵێ وەسێتە
(مەلا ولدخان) ڕەنجەڕۆ و شێتە
سەرەتای زووخاو نە جەرگش سەردان
بکەونە فریاش یاران هام فەردان
دەخیلە شەماڵ لە ڕووی دڵشادی
بۆم بێنە نامەی گەردن ئازادی
ئەگەر بزانی چەن چاوەڕێی تۆم
زوو هەواڵێکی لەیلا دێنی بۆم
وا چەرخ لەگەڵ من کەوتۆتە ساردی
با لە بەینا بێ گەردن ئازادی
نەک ئەجەل لێمان ببینێ فرسەت
دیدەنی یاران بخاتە حەسرەت

دەقی شیعرەکەی مەلای جەباری[1]

بادی لەیلا خان، بادی لەیلا خان
بادی عەنبەر باد، بورج لەیلا خان
مشنیای تای ڕیز بەرەزای شاخان
مەشاتەی گیسوی بڵند دەماخان
نەسیم مەحروم مابەین یاران
شارەزای شوقەی شەوبو نەوهالان
نامەیەک نە شەرح دڵەی پڕ دەردم
شەرحێ نە سەودای هەناسەی سەردم
یەخەیلێ وەختەن دوور کەفتەی زێدم
غەیر جە تۆ وە کەس نیەن ئومێدم
نوسنانم وە زوخ زامان کاری
برەش وە زامن تون وە دیاری
نامەم بگێڵان وە هوزانەوە
بدەروش وە دەس دڵسوزانەوە
وەو سوز سینەی دڵ خەراشەوە
هامسەران یەک یەک بواناشەوە
هەر کەس دڵسۆز بوو سوزێش نە دڵ بو
دیک دەروونش پەی من وەکوڵ بو
بگرەوان باچان لێڵاییم لێڵەن
بەنامەی مەڵڵان ئەزانی وێڵەن
شەماڵ دەخیلە تو وە دڵشادی
باوەڕ نامەیەک گەردن ئازادی
ئەوە من ڕۆییم وەلای (ڕۆمەوە)
مەر دوعای خویشان باوەرۆمەوە
سەرنیام وەپای مولک ڕۆمەوە
هەر دوعای خاسان باوەرۆمەوە

(١) بروانە دیوانی مەلای جەباری، ئامادەکردنی (عەبدولجەبار محەممەد جەباری). ل ٣٩ .

***

پیرەمێرد و شیعرەکانی میرزا شەفیع

پیرەمێرد چەند شیعرێکی (میرزا شەفیع)ی وەرگێڕاوە و لە ڕۆژنامەکەیدا بڵاو کردۆتەوە. ئەوەندەی من ئاگادار بم چوار شیعری ئەم شاعیرەی وەرگێڕاوەتە سەر شێوەی سلێمانی و بڵاوی کردۆتەوە.

١- ڕەعنای دڵ پەیکەر.
٢- شیرین پێی داوە.
٣- میرزام زامی حەی.
٤- سیوەیل وەختیەتی.

هەریەک لە شیعری دووەم و سێیەمی چەند جارێک وەرگێڕاوە.

سەبارەت بەژیان و بەرهەمی ئەم شاعیرە برای ئەدیب (ئومێدی کاکەڕەش) لە هاوکاری ژمارە **٨٤٤ی ١٩/٦/١٩٨٦**دا نووسیویە.

«ئەم شاعیرە لە ساڵی ١٧٨٥ی[1] زاینیدا لە ناوچەی ئێلاخ هاتۆتە دنیاوە و بوێژێکی بەناوبانگی هەورامانە. خاوەنی زانست و ئەدەبێکی بەرز بووە شیعری بەکوردی و فارسی هەیە، برای (ئەڵماس خان)ی شاعیرە، لە ساڵی ١٨٣٥ی زاینیدا کۆچی دوایی کردووە، پەنجا ساڵ ژیاوە».

(١) لە ڕۆژنامەکەدا نووسرابوو ١٧٨٥ - ١٨٣٥ی کۆچی. کە دیارە هەڵەیە و ساڵەکان ساڵی زایینین.

***

یاری دڵ پەیکەر

لە دیوانی پیرەمێردی مامۆستا هاواردا لاپەڕەی ١٧٥، شیعرێک لەژێر ناوی (یاری دڵ پەیکەر)دا بڵاو کراوەتەوە، وە بەشیعری پیرەمێرد دانراوە و هیچی لە بارەوە نەنووسراوە. بەڵام لە ڕاستیدا شیعری (میرزا شەفیع)ە و پیرەمێرد وەری گێڕاوە. شیعرەکەی شەفیع بیست و شەش بەیتە و وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد بیست و یەک بەیتە.

شەفیع:

ڕەعنای دڵ پەیکەر[1]...

ڕەعنای دڵ فریب، ڕیشەی دڵ پەیکەر
زوڵف وە هەفت لەشکر، ڕای دەشت ڕەی کەر
یانەی دەردینان وە خاک نەی کەر
حەرفێ مواچوو وە نەت نەیۆ قار

بگێرەش نە گۆش، پەریٚ ڕۆزگار
دەقیقیٚ جەم کەر تەفرەقەی هۆشت
باپەند (شەفیع) بەیۆ نە گۆشت
عومرم عەزیزم نوور دیدە و دڵ
هەرچی مەعشووقەن، نمانۆ چون گوڵ
هەر کەس کەرۆ بۆش بەر تەرەف مەبۆ
ژاکیای بیٚ عەتر، بیٚ شەرەف مەبۆ
ئەر سەد جەی فێشتەر پڕ هۆش و فامی
یەک تەن قوبووڵ کەر پەریٚ غولامی
ئەویچ یەکیٚ بۆ جیهان دیدە بۆ
سڕ پۆش خامۆش ئارامیدە بۆ
بزانۆ بەقەدر دیدەی خومارت
نەوانۆ پەی کەس تۆمار کارت
مەبۆ تۆ ڕەنجش مەغدوور بداری
تاکە ڕۆت وە شەوق خزمەت گوزاری
ڕۆ جە ڕۆبێشتەر مەیل تۆ پێش بۆ
دڵ بەند قوللاب غولامیی وێش بۆ
ئامانەت مەرزەن دەینت وە گەردەن
بە تاڵ کەر خەیاڵ فرەکەس کەردەن
بایەک بەدەن بۆ ڕۆحت چەنی دۆست
بە وێنەی بادام دوو مەغز و یەک پۆست
چون مەیۆ مەفتوول پێچیان وەهەم
زەڕڕەییٚ مەیلتان جەهەم نە بۆ کەم
حەیفەن فرەکەس بوینۆ ڕەنگت
دووربا دوور جەتۆ مەزڕیۆ زەنگت
هەرزەی هەرزەکار هەرجاییٚ مەبی
داخڵ وە مەیدان ڕسوایی مەبی
ئینتهای ئاخر هەمسەران وێت
تیرتانەی تاڵ موازان پەرێت

خاترشاد مەکەر وەهەرزەکاران
مەکەرۆت وە پووڵ نارەوای شاران
وێت مەدەر وەدەست فرەکەس خەیلیٚ
با وەرە وەیاد مەجنوون و لەیلیٚ
شەرت و وەفاشان تا ڕۆی مەردەن بی
فیکر و زیکرشان زاری کەردەن بی
هەزار مەشایخ نەتیجەی عەرەب
ساحێب شەوق و زەوق تەرانەی تەرەب
ساق گەردەنشان چون بلوور ساف
جە دوور مەدرەوشان بیٚ لاف و گەزاف
پەی چێش کە لەیلیٚ کەس نەبی چەنی
تەمەننا نەکەرد ئەو شەخسیٚ هەنی
مەجنوون لۆنگیٚ داشت عەسا و کەشکۆڵیٚ
مەگرتش مەکان نەهەردەی چۆڵیٚ
لەیلیٚ هەزار کەس تەمەنا مکەردش
هەر مەواتش قەیس تا گیان سپەردش
(شەفیع) ئەی ڕەنجە پەریٚ تۆش بەردەن
نەسیحەت خاس پەریٚ تۆش کەردەن

---

(١) دەقی ئەم شیعرە لە کەشکۆڵی (مەحموود پاشای جاف)ەوە وەرگیراوە.

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

یاری دڵ پەیکەر، یاری دڵ پەیکەر
یاری دڵفریب، ڕیشەی دڵ پەیکەر
نموونەی نەخشی خودای بانی سەر
شێوەی شیرینت خوسرەو شەیدا کەر
سیای زوڵفانت ڕێی تاری زوڵمات
دەمت لەناویا سەرچاوەی حەیات
حەوت گورزی پرچت حەوت لەشکری ڕەی
بازوو شکێنی سەد کاوسی کەی

سێوت نارنجی زولەیخای پەست کرد
ڕۆژی ڕووت مانگی کەنعانی مەست کرد
جەمالت مەجال بێ نوقتە ئەکا
جەلای جەلالت دڵ پوختە ئەکا
ئەمەت پێ ئەڵێم بەدڵسۆزانە
تووڕەیی نەبێ و تۆڕ و بەهانە[1]
قینت هەڵنەستێ گوێ بگرە لە من
پابەندی من بی نەک بەندی دوشمن
گوڵەکەم، ناوت لای عاشقان گوڵە
ناوی لای بەندەت وەک بەندی دڵە
گوڵ کەوتە دەستی خراپ و چاکێ
بۆنی نامێنێ ئیتر ئەژاکێ
گوڵ بۆ کەسێکە قەدری بزانێ
بیدا لەسەر وەک چقەی سوڵتانێ
هەندێ سەرسەری دوای جوان ئەکەوێ
گوڵی بۆ بۆنی سەعاتێک ئەوێ
دوای ئەوە کەوتە دەستی و بۆنی کرد
هەڵیەپچوڕکێنێ وەک شێت دەستوبرد
بەنای ناڕەوا ناوی ئەزڕێ
پەردەی عیسمەت و جوانی ئەدڕێ
تۆ خۆت مەدە دەست هەرزەی هەرزەکار
دوور با نەبیتە پەندی ڕۆژگار
دۆستی یەکێک بە، دانا و سڕ پۆش بێ
هەرچی ببینێ مات و خامۆش بێ
تۆماری شۆخیت نەخوێنێتەوە
وەک بەندەت تاسەر بمێنێتەوە
ڕۆژ لە ڕۆژ پێشتر عەشقی زیاد بێ
هەمیشە مەیلی ئێوەی لەیاد بێ
یەک بەدەن یەک ڕۆح یەک نەفەس یەک دۆست
ببنە بادامی دوو مەغز و یەک پۆست

تەنها مەجنوونێک لێوەی لۆنگ بەشان
نەک لووتو پووتی ناڕەوای شاهان
خۆ ئەگەرساڵی ژوور سێ بست کەوێ
چاو باشقاڵ نابێ تەنها تۆی ئەوێ

---

(١) لای م. ھ ئەم نیوە بەیتە بەهەڵە نووسرابوو -تووڕەیی ئەبێ و تۆڕە بەهانە-.

***

شیرین پێی داوە

پیرەمێرد سێ جار وەرگێڕانی ئەم شیعرەی بڵاو کردۆتەوە یەکەمجار لە ژمارە ٥٦٨ی ڕۆژنامەکەیدا ساڵی ١٩٣٩ . دووەم جار لە ژمارە ٧٦٠ی ڕۆژنامەکەیدا ساڵی ١٩٤٤ ئەمجارە دەستکاری دەقەکەی کردووە و لێی زیاد کردووە. سێیەم جار لەگەلاوێژ.

ئەوی جاری دووەم و سێیەم وەک یەکە لەبەر ئەوە دوو وەرگێڕانی بڵاو دەکەینەوە. هەروەها لە کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی مامۆستا (محەممەد عەلی قەرەداغی)دا تەنها وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد بڵاو کراوەتەوە. بڕوانە بەرگی دووەمی ل ١٣٣ . ئەوەش هەمان وەرگێڕانی ژمارە ٥٦٨ی ڕۆژنامەی (ژین)ە.

وەرگێڕانی یەکەم:

شیرین پێی داوە، شیرین پێی داوە
ئەو جووتە سێوەی کە خوا پێی داوە
سەد سەنعان لە دین بۆی وەرگەڕاوە
شاهان شعووریان ناوە بەلاوە
سێو لەسەر سینەی نەمام ڕواوە
ئەو سێوە ڕیشەی دڵی کێشاوە
دوو شەکرە سێوی تازەی گوڵ بەدەم
پێست تەنک ناسک نموونەی ئیرەم
لە توێی کراسی کەتانی عەجەم
ئەدرەوشێن وێنەی ئەستێرەی ناوتەم
دەوریان بەدوگمەی زیوین تەنراوە
ئەو سێوە ڕیشەی دڵی کێشاوە
نەقشی سێو وەک لەوح بەهزادی ئەرژەنگ
کاڵای سەر باڵای ئاڵای شۆخ و شەنگ

بنازم بەسونع نیگارندەی ڕەنگ
مەحکی کرد بەسێو سیوەیلی سێوەنگ
تەڵای دەست ئەوشار باوی نەماوە
ئەو سێوەی ڕیشەی جەرگی کێشاوە
سێوی شارراوەی ژێر سوخمەی ئەتڵەس
عالەم بۆ مردووی بۆن نەکردووی کەس
باڵا تووڵ نەی پڕ هەواو هەوەس
سێو لەرزی بەبای هەناسەی نەفەس
بێد موشک لای ئەو بۆنی نەماوە
ئەو سێوە ڕیشەی ڕۆحی کێشاوە
وەک قەندیلی زیو هەڵاوەسراوە
بەچڵی گوڵی داری توباوە
کەزانی پەنجەی بۆ ڕاکێشراوە
ئەتوێتەوە وەک شەکر بەچاوە
لای شاعیر توخمەی تفاحی ناوە
ئەو سێوە ڕیشەی دڵی کێشاوە
گوڵ لە شەرمی ئەو کەوتۆتە عەرەق
وەک سێوی بەهەشت پڕ نوور و ڕەونەق
سەر گوڵ پەمەیی وەک ڕەنگی شقق
قەیتانی دەوری ڕشتەی لیقای هەق
شکڵی دوو ماری لە دەور کێشاوە
ئەو سێوە ڕیشەی دڵی کێشاوە

وەرگێڕانی دووەم:

لاسایی توحفەی تفاح

ئەو کچە جوانەی کە بە(س)ی ناوە(١)
لە سینی سینەی، کە، زیوی خاوە
دوو سێوی تازەی تیا دانراوە
لە کردەوەی خوا سەرم سووڕماوە
لە قاڵبی دوڕ سێو داڕێژراوە

ڕیشەی جەرگمی پێ ڕاکێشراوە
شێوەی سێو لەوحی بەهزادی ئەرژەنگ
سیحری حەڵاڵە گیانداره و بێ دەنگ
جلوەی لە ئیعجاز (ید بیضا)وە
ئەو نوورە گیانی منی کێشاوە(٢)
هەر لە دەست تۆ دێ فەردی فریاد ڕەس
توحفەیەکی وا لوکس و ئەنفەس
لە دوور ئەڕووشێ بەشنۆی نەفەس
کەچی نەژاکێ بەسەر پەنجەی کەس
داماوم لە ڕووی سنعی خوداوە
ئەو سێوە گیانی منی کێشاوە
نەمامی (سەرو)ە و سێو موتوربەیە
مەڵێن ئەو سێوە هاوڕەنگی بەیە
بەهێی ڕووزەرد چۆن ڕایەی ئەوەیە
تامی (نۆشداڕو)ی (کاوس)ی (کەی)یە
چی بکەم مار حەلقەی لە دەوری داوە
ڕێی دەست درێژیی دەستم بڕاوە
ئەڵێن بەهەشتیش سێوی وای تیایە
من تەنیا ئەمەم ئەوێ لەو خوایە
ئەو سێوەم باتێ هەر لەم دنیایە
حازر بەقەرزدان لام نارەوایە
هاوار زۆر ئاخ و داخم کێشاوە
تاسەی ئەو سێوە گیانمی کێشاوە

....

(١) پیرەمێرد دیارە لەم وەرگێڕانەدا ویستوویە لاسایی شێوەی شیعر دانانەکەی (شەفیع) بکاتەوە. بۆیە لە دەقەکە دوور کەوتۆتەوە و ئەو جارەش کە لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوی کردۆتەوە. ناوی (میرزا شەفیع)ی نەهێناوە!!.
(٢) لەو پارچەیەدا شیعرەکە بووە بەدوو بەیت، کە دەبوا سێ بەیت بوایە.

***

میرزام زامی حەی

لە شێوەی (گۆران)دا کەوا باوە پێی ئەڵێن شێوەی (هەورامی) سێ دەقی ئەم شیعرە هەیە،

ئەگەرچی لە ناوەڕۆک و باسەکاندا جیاوازیان هەیە بەڵام هەر بەهەمان شێوە و جۆری قافیە وتراون و لەوە دەچێ یەک لاسایی ئەوی تری کردبێتەوە. پیرەمێرد لە ژمارە ٦٩١ی ڕۆژنامەکەیدا ساڵی (١٩٤٢) دەقە هەورامیییەکەی بڵاو کردۆتەوە نووسیویە (بەندێکی میرزا شەفیع بەزبانی خۆی). وە لەژمارە ٩٨٦ی ساڵی ١٩٤٨دا وەری گێڕاوە بۆ سەر شێوەی سلێمانی و پیرەمێرد دەقەکەی لە کەشکۆڵی مەحموود پاشای جافەوە وەرگرتووە.

دەقێکی کەی ئەم شیعرە لە کەشکۆڵی کەلەپووری کوردی (محەممەد عەلی قەرەداغی) ل ١٣٨ بەناوی (غوڵام شاخان)ەوە بڵاو کراوەتەوە. وە ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ئەم شیعرە و ئەوی (شەفیع) زۆر لە یەک نزیکن وە لە هاوکاری ڕۆژی ١٥/١/١٩٨١دا کاک (محەممەد صاڵح عەبدولکەریم) جۆرێکی تری ئەم شیعرەی بەناوی (پارچە شیعرێکی بڵاو نەکراوەی ئەڵماس خان)ەوە بڵاو کردۆتەوە.

لێرەدا دەقی شیعرەکەی (میرزا شەفیع) لەبەر کەشکۆڵی (مەحموود پاشای جاف) دەنووسینەوە و وەرگێڕانەکەی پیرەمێردیش کە لە ساڵی ١٩٤٩دا بڵاوی کردۆتەوە دەنووسین.

«میرزام زام حەی،...

کەس نیەن چون من، زەدەی زامی حەی
تیپی حەی چون تیپ، هەفت لەشکەری ڕەی
پێنج ڕیشەی نەخل عومرم کەردەن پەی
ساڵی حەی وە حوکم سەرنویشت حەی
دمای شەهریوەر نەهەنگامەی دەی
مەعلووم بۆ جەلات دڵ بێ هۆش خەی
من زامم جەحەی کەی ئاوەردەن کەی
دڵەی کۆسەڵ کۆس کەفتەی وەی بەوەی
ئاوەرد نەخەیاڵ سەیر باخچەی بەی
دوو بەی دیم نە شاخ عەرعەر ئاسای نەی
نە فەوق نەمام جفتێ سیاحەی
مەئموورەن وە ئەمر موستەحفیز بەی
دڵ وات هەی دەردین مدارا تاکەی
من وە فتوای دڵ دەس بەردم پەی بەی
بەی نەخۆف دەس شی نەپەنای حەی
حەی شنیاپەی دەس وەفەرموودەی نەی
دڵ کەفت نە قوللاب تورک سیاحەی

لەرزم ستێزام شیم نە بەحر خۆی
کەلیمەی تەوحید وانام پەیاپەی
هانام کەرد هەی دۆس هەی دڵسۆزان هەی
دڵ چێش کەرد بەوێش نە تەماشای بەی
ئێستە نەهیجران حەی و بەی و نەی
دڵ مشۆ نەهۆش هەردەم پەیا پەی
پەی دەرمان دڵ کەوتەی وەی بەوەی
پۆشام لۆنگ پۆس دنیا کەردم تەی
قەدیم حەکیمان وەدەرد بەردەن پەی
پەنەم واتشان هەی بێ خەبەر هەی
ئەگەر ئەفلاتوون جەنە و مەبۆ حەی
نۆش داردوش نەگەنج خوسرەوان کەی
مەڕێزۆت نە حەڵق هەردەم پەیاپەی
زام ئەفعی یان تەک پەروەردەی نەی
ئالوورەی عەرەق عەتر زەردەیی بەی
سارێش نمە بۆ کێ کەردەن کێ کەی
مەزانی (شەفیع) دڵ بێ هۆش خوەی
کەی مبۆ سارێش زەردەی زام حەی
کۆ بۆوە باڵات خاک وە بەرزی نەی
تا فەسڵ دیوان مەحشەر مەبۆ طەی

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

میرزام زامی حەی

کەس نییە وەک من گەستەی زامی حەی
تیپی حەی وەک تیپ حەوت لەشکری ڕەی
ڕیشەی نەمامی عومری کردم تەی
حوکمی حەی بەحوکم سەرنویشتی حەی
لە دوای مانگی لە هەنگامەی دەی
دڵەم زامار و وا کەوتە وەی وەی
هەر بەداخەوەم کەی بێ بکرێ کەی

دڵەی کۆست کەوتەم بەئاوازی نەی
کەوتە خەیاڵی سەیری باخچەی بەی
دوو بەی لە لقی عەر عەر ئاسای نەی
پاسەوانیانە جووتێ سیا حەی
مەئموورن بەئەمر کردگاری حەی
ناتوانی بەیان بەشەویش دەرکەی
من بەتەفرەی دڵ دەستم برد بۆ بەی
بەی بەوەی وەی خۆی خستە پەنای حەی
حەی گەستی دەست و گەرمی هەناسەی
کۆڵەواری کرد کولی کرد پەنجەی
دەست لەرزی و دەستی بەردا لە یەخەی
کەوتمە کەلیمەی شادە بەحەی حەی
وا هەر چەند ئەکەم بۆم ناکرێ چارەی
هەر هاواریە بەرزە چریکەی
دەڵێم گۆڕت بێ بگری تۆ وادەی
مەگەر بەشیری مەمان دەوای کەی

***

بەهاری نوێ ڕەنگ

لە دیوانی پیرەمێردی مامۆستا هاواردا لاپەڕەی **٢٣٦** شیعرێک بڵاو کراوەتەوە بەناوی (بەهار، بەهار تازە ڕەنگ) وەهیچی لەبارەوە نەنووسراوە و بەشیعری پیرەمێرد دانراوە. بەڵام ئێمە دەقی هەورامی ئەو شیعرەمان لە کەشکۆڵی (مەحموود پاشای جاف)دا دۆزیەوە. پیرەمێرد دووجاری جیاواز لە یەکتر ئەو شیعرەی وەرگێڕاوە و بڵاو کردۆتەوە. جارێک لە ساڵی (١٩٤٢)دا و جارێک لە ساڵی (١٩٤٩)دا. سەبارەت بەژیانی ئەم (میرزا موسا)یە، هەر ئەوەندە زانراوە کە نازناوی (بیمار) بووە و خەڵکی زەردیاوای قەرەداغ بووە.

وەهار جە نۆ ڕەنگ،
دیسان نەو وەهار هەم نمانا ڕەنگ
تەرز تەمموورەی تاف وەش ئاهەنگ
لالە بەراما چون لاڵ جە ڕووی سەنگ

شکۆفەی باخان وەرەق شکاو کەرد
هەر چڵێ جەلێ، منمانۆ وە فەرد
هەر گوڵ موینی بێدارەن جە خاو
چەمەنان کەیلەن جە بۆی نافەی ناو
وەنەوشەی وەنەوش ئەسرین نەسرین
بیەن وەزینەت سەحن بەساتین
نەورۆزی گوڵان خەیمەی سێ ستوون
پەی بەزم ئارایی هۆردانە هاموون
ما باقی گوڵان دیدەی نیم خەو
چون مەستان جە بەزم بادەی کەیخوسرەو
گشت تورمەی قرمز عەرەق چین وەسەر
لەب ئالوودەی مەی عەقیق ئەحمەر
بولبوڵ وە نەغمەی هونین (ماهوور)(١)
چون شیرین نەپای خوسرەو گرتەن (موور)(٢)
تەئسیر ناڵەی مورغان چەمەن
ئایرەن پەی دڵ دوور کەفتەی وەتەن
کەیف و سەرمەستی فەسڵ نەو وەهار
گشتان نەدەشتان سەیر سەوزەدار
پەی کەسێ وەشەن دڵ وە ئومێد بۆ
نەک چوون من غەریب دوور کەفتەی زێد بۆ

(١) ماهوور مەقامێکی مۆسیقای ئارام بەخشە.
(٢) شیوەن کە بۆ مردوو ئەکرێ.

وەرگێڕانی یەکەم: **١٩٤٢**

بەهار تازە ڕەنگ، بەهار تازە ڕەنگ
دیسان نواندی بەهار تازە ڕەنگ
وێنەی تەمموورە تاڤگەی خۆش ئاهەنگ
لالەی ئاڵ دەرهات وەک لاڵ لە ڕووی سەنگ
گوپکەی درەختان ئاوس بەگەڵان
با ئەیکاتەوە بۆ نەشئەی دڵان

گولاّن خەوالّوو لە خەو هەلّساون
بۆ ژەنگی دلاّن وەک نەرمە ساون
وەنەوشە بەنۆش ئەسرینی نەسرین
سەرخۆشە و گەردن کەچە بۆ ئایین
بولبول بەنەغمەی شۆڕی پەهلەوی
(قەتاری ڕەشۆل) بەنیوە شەوی
تەئسیری نالّەی مورغانی چەمەن
ئاگرە بۆ دلّ دوورکەوتەی وەتەن
کەیف و سەرمەستی[۱] فەسلّی نەوبەهار
سەیری سەبزەزار دیارە و دیار
بۆ کەسێ خۆشە دلّ بەئومێد بێ
نە وەک من غەمبار ئاوارەی زێد بێ

....

(۱) سەرمەستی، بەهەلّە نووسراوە سەربەستی

وەرگێڕانی دووەمی:

بەهاری نوێ ڕەنگ
دیسان نەوبەهار، ئەنوێنێ ڕەنگ ڕەنگ
تاف بەخوڕەی ساف سازی خۆش ئاهەنگ
لالە ئەڕەقسێ لەسەر سەحنەی سەنگ
درەختی باخان وا گۆپکەی دەرکرد
هەر چلّێ جلی تازەی لەبەر کرد
کۆرپەی گولّ تازە هەلّئەسن لە خەو
دەم و چاو ئەشۆن بەئاونگی شەو
وەنەوشە لەبەر ئەسرینی نەسرین
گەردن کەچ ئەکا ماتەمین سەرشین
لەولاوە خونچە پێی پێ دەکەنێ
لەنجەی قەهقەهەیش شۆخی ئەنوێنێ
تیپی گولاّنی چەمەن نیوە خەو
دەچن بۆ بەزمی شیرینی خەسرەو

تەئسیری نالّەی مورغانی چەمەن
گڕی دلّە بۆ شێویای وەتەن
کەیف و سەرمەستی فەسلّی نەوبەهار
گەشتی دەشت لەگەلّ دەستی دۆست و یار
بۆ کەسێ خۆشە دلّ بەهیوا بێ
نەک بەبەردی دەرد لانەی شێواو بێ

***

لەخەو هەستابووم

لە دیوانی پیرەمێردی مامۆستا هاواردا لەلاپەڕەی ۲۲۱دا شیعرێک بەناوی (قمبر عەلی)یەوە بلاّو کراوەتەوە. لەوێدا نووسراوە کە ئەوە شیعری پیرەمێردە و بەناوی قەمبەر عەلییەوە وتوویە. بەلاّم لە ڕاستیدا قەمبەر عەلی یەکێکە لە شاعیرەکانی شێوەی گۆران و ئەو شیعرە شیعری ئەوە و پیرەمێرد وەری گێڕاوە. وەمامۆستا هاوار بەمەی نەزانیوە و هەر بەشیعری پیرەمێردی داناوە. وە ئەم شاعیرە بە (قمبر عەلی ڕەوانی) ناوبانگی هەیە. پیرەمێرد لە (ژین)ی ژمارە ۵۷۷ی سالّی ۱۹۳۹دا، وەرگێڕانی ئەم شیعرەی بلاّوکردۆتەوە.

هەروەها جاری دووەم لە ژینی ۹۸۱ی سالّی ۱۹٤۹دا بلاّوی کردۆتەوە. ئەمە شیعرەکەی (قمبر عەلی)یە وەک لە کەشکۆلّی (مەحموود پاشای جاف)دا نووسراوە.

«بێدار کەردەوە،...
ئیمشەو باد بەختم بێدار کەردەوە
شەو شەقەی شەرم جەوێش بەردەوە
صوب لەب وەخەندەی شەفەق زەردەوە
بەرق پێش خانەی شەو صوب ستێزا
سوپای ستاران لەرزاو گورێزا
جەسەر مناران بلّند بێ نەدەر
خێزا بانگ بەرز (الله اکبر)
بولّبولّ وە نەغمەی خۆش ئاواز بەرز
وەندەوە جەبام سەر مەفتول طەرز
جیهان دیدەگان، جیهان ئافەرین
گرد کەوتن ئەو شۆن فکر دنیا و دین
کەسێ داوای تەخت پادشاهیشەن
کەسێ فکری ویر بێ نەواییشەن

کەسێ وەخەرمەن جەواهێر دارۆ
کەسێ ستارەش سەنگ لێش مەوارۆ
شێخ نەفکری ویر کەشف و کەرامات
موتریبان ئەو پای نەغمە و مەقامات
بت پەرستان گرد کلێسایانە
مەی نۆشان سەرمەست کونج مەیخانە
عاشقان بێ هۆش پا جەسەر نەناس
ڕەقیبان ڕا چەفت ڕەهەند وە ناخاس
بەدکار ئەوپای بەد خێر ئەندێش ئەو خەیر
حاجییان ئەو حەج دەیری یان ئەو دەیر
گەردوون وەهەرکەس کارێ سپەردەن
بەگشت سەرنوشت ڕووی پەشتی پەردەن
من شووم ستارەی سەر زەمینانم
کەس نمەزانۆ جە کامینانم!؟

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

لەخەو هەستابووم، لەخەو هەستابووم
بەر لە بەیان بوو، لە خەو هەستابووم
شعوور لە کەللەی خاڵی پەستابووم
گوێم ڕاگرتبوو، بۆ بانگ وەستابووم
شەوشەق، کراسی خومی خۆی داکەند(١)
ئوفوق بەشەفەق کەوتە شەکەر خەند
بەرقی پێشخانەی سەحەر ستێزا
سوپای ئەستێران لە ڕۆژ گوریزا
لەسەر منارە سەربەرزی بێ دەر
بڵند بوو بانگی (الله اکبر)
بولبول بەنەغمەی خۆش ئاوازی بەرز
ئەیخوێند لەسەر چڵ بەناڵەی سەد تەرز
ئافەریدەگان هەریەک بەڕەنگێ
بۆ کرد و کۆشی دەنگ و ئاهەنگێ

یەکێ ئەکەوتە شوێن خولیای شایی
یەکێ ئەگریا لە بێ نەوایی
یەکێ هەستابوو پارەی ئەژمارد
یەکێ دامابوو بۆ نیو هۆقە ئارد
شێخ لە ڕابیتەی کەشف و کەرامات
گۆرانی بێژیش شەیدای مەقامات
بت پەرست هەوڵی کلیسایانە
عەرەق خۆرەکان مەستی مەیخانە
بەد کار شوێن بەدی و خێرەومەند بۆ خێر
حاجی بۆ کەعبە ڕاهبان بۆ دێر
هەر کەس کارێکی پێ سپێرراوە
لە ڕۆژی ئەزەل خوا بۆی داناوە
هەر من بێ کارم وەک کابرای پیرەم
خۆشم نازانم کە لە کام تیرەم؟!

---

(١) لای م. هـ ئەم بەیتە بەم جۆرە دەستکاری کراوە:
شەو شەوکراسی خومی خۆی داکەند
ئاسۆ بەشەفەق کەوتە شەکەر خەند

وەرگێڕانی دووەمی پیرەمێرد: **١٩٤٩**

بێداری کردم،...
بای سەختی بەختم بێداری کردم
زەنگی شەوەزەنگ وشیاری کردم
تووشی خەیاڵی دڵداری کردم
شەوی تاریک و دەردی دووری یار
لە بارەگای هەق خستمیە هاوار
پەردەی لێڵی شەو هەڵپێچرایەوە
دەرگای ڕەحمەتی خوا کرایەوە
بەرقی پێشخانەی سەحەر ستێزا
سوپای ستارە لەرزا و گوریزا

لەسەر منارەی بڵندی بێ سەر
بەرز بوو ئاوازەی (الله اکبر)
بولبول بەنەغمەی عەشقی گوڵەوە
جۆشی ئەخستە کەللە و دڵەوە
بەجارێ ئەهلی جیهان خرۆشا
هەر کەس بۆ ڕۆژی خۆی تێدەکۆشا
دەوڵەمەند سوودی لێک ئەدایەوە
فەقیر بۆ نانێک ئەسووڕایەوە
عابد بەناڵەی (یاهوو، یا من هوو)
موترب بۆ بەزمی مەیخۆران ئەچوو
بت پەرست لەپای بتدا سەر بەخاک
زیکری دەروێشان ئەگەییە ئەفلاک
حاجی بۆ حەج و دز بۆ جەردەیی
کارخانەیش کاریان بەبێ پەردەیی
هەر کەس کارێکی پێ سپێرابوو
گەردوون وەک ڕۆژان هەر لە دەورا بوو
هەر چیت ئەڕوانی ئەیزانی چییە
هەر منم شوێنی مەعلوومم نییە
خۆیشم نازانم کە چیم و لە کوێم
دەنگی دۆستی ڕاست نەهاتۆتە گوێم
«یا دۆست نەماوە یا من نەمدیوە(١)
فڕان فڕانە لەم دیوە و دیوە
کڵاوم نییە دەستی پیابگرم
ئەیشزانم کەوا بێ کفن ئەمرم
تەن تەن وتەنە خەڵک ئەیفرۆشێ
هی وایشمان هەیە نێریش ئەدۆشێ»

(١) شیعرەکە خۆی لەوێدا تەواو دەبێ و ئەوسێ بەیتە شیعری پیرەمێردە.

***

هەروەها پیرەمێرد ئەم شیعرە وەرگێڕاوەی (میرزا موسا)ی لە ژمارە ٧٤٦ی (ژین)ی ساڵی ١٩٤٤دا بڵاو کردۆتەوە.

دیدەم تۆ خودات بەهەق ناسیوە
تۆی سازاند بەبێ مانەند و شێوە
تۆی کرد بەسەرمەشق گوڵی بەهاران
بەسەر قافڵەی تیپی نازداران
شوکرانەی جوانیت شەوی چواردەی مانگ
وەرە ماڵەکەم بەیانی پێش بانگ
تا بەکامی دڵ سوجدەت بۆ بەرم
پێڵاو و نازت بخەمە سەر سەرم
من ڕۆژی ئەوەڵ کە تۆم دی بەچاو
تیرێکم درا لە جەرگ و هەناو
بەداو و دەرمان سارێشی نایێ
مەگەر تۆ چارەی بکەی بەنیگایێ
ڕەشی بەختی من لە خاڵی تۆیە
ڕەنگ زەردیم لیمۆی ڕەنگ کاڵی تۆیە
زەعیفیم وێنەی گەڵای پایزە
خەم و مەینەت و هیجران بەڕیزە
هێناومیانەتە کاتی گیانەڵڵا
یاخوا باڵای تۆ دوور بێ لەبەڵا
تایێ لە تورەی زوڵفی موشکینت
لەو کلافەی خاو بۆ عەنبەرینت
پێم بدە نەزری بەرزی باڵات بێ
زەکاتی حوسنی خاڵی ئاڵات بێ
ئەوسایە هیچت لەسەر نامێنێ
خوا خوێنی منیش لە تۆ ناسێنێ

***

های قوربان تاکەی

پیرەمێرد لە ژمارە ٦٩١ی ساڵی ١٩٤٢ی ڕۆژنامەکەیدا شیعرێکی وەرگێڕاوە و ناوی

شاعیرەکەشی نووسیوە بەم جۆرە «شاعیرێ هەیە کە (صرعی) ناوە، ئەمە هی ئەوە، بۆ ئەو بێژراوە». ئێمە لە کەشکۆڵی مەحموود پاشای جافدا، دەقی هەورامی ئەو شیعرەمان دۆزییەوە. بەڵام سەبارەت بەژیان و بەرهەمی ئەم شاعیرە هیچمان دەست نەکەوت. ئەمە دەقی شیعرەکە و وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد.

های قوربان تاکەی ئەی ئینتیزاری
تای تاقەت بڕیان کەی تەشریف ماری
فیدات بام سادەی بۆ نەی سەردەمدا
خەفەت بەر وە جەرگ بەزمەکەی جەمدا
خەیلێوەن دیدەی هەراسانەکەت
مەحرووم‌ەن جەگەرد بەر ئاسانەکەت
بخرامە وەناز ئەی بەرگوزیدەم
پا بنیەر وەبان بینایی دیدەم
بەڵ جە مەیمەنەت گەری پاڵاکەت
ڕەوشەن بۆ پەی دین بەژن باڵاکەت
ئەر باری تەشریف شەمعەکەی دینم
هاوەختەن ئەجەل بۆ وەسەرینم
ئەو مەکێشای جەور هیجرانەکەی وێت
مزانای وە حاڵ دێوانەکەی وێت
ئیسە چون هیجران دووریت نەوەردەن
سەر مەودای پەیکان نە دڵ نەویەردەن
ئیتر نیت وە تەنگ بێ قەراریی من
وەی زایەڵەی بەرز شین و زاریی من
ها وەختەن جەیو من هیجرانەکەی وێت
سەر سڵامەتیی من بوازان لێت
ئەمجار جەو دما چێش مەکەی جە دەست
فەریادی (صرعی)و عەهدەکەی ئەلەست

وەرگێڕانەکەی:

های قوربان تاکەی وا چاوەڕێ بم
تای تاقەت بڕا وەختە بەڕێ بم

فیدات بم سادەی شەوێ لەناکا
لە شێوەی جلوەی مانگی ڕووناکا
بەڕووی شەماڵا بکە بەماڵا
مل لە دەسماڵا، پێ لە خڕخاڵا
بەلارولەنجە هەی بەرگوزیدە
دیدەکەم پێیە بنێ سەر دیدە
بە سەرگەردت بم با گەردی کەوشت
چاو ڕوون کا بۆ دین باڵای بێ خەوشت
هێندە بزانە ئەگەر بێی و نەیەی
بە زۆر ئەمکوژی و ئەبیە پیاوکوژ پێی
ئاخ چی بکەم خۆزگە تۆیش عاشق ئەبووی
ئەوسا بۆ پرسەی عاشقی خۆت ئەچی
ئێستا نازانی سەودای عەشق چییە
هەزار هاوار کەم تۆ باکت نییە
زۆری نەماوە ئەمرم و ئەمبەن
دیارە سەرخۆشیی من لە تۆ ئەکەن
ئەوا من ڕۆییم تۆ بەسەلامەت
چۆنی لە ترسی پرسی قیامەت

***

پیرەمێرد و مەجذووبی شاعیر

(مەجذووب) شاعیرێکی شێوەی (گۆران) هەورامییە. شیعرێکی هەیە بەناوی (قیبلەم مەلاڵ بۆ) کە پیرەمێرد سێ جار وەری گێڕاوە، جارێک لە دیوانی پیرەمێردی مامۆستا هاواردا لە لاپەڕەی١٧٠دا بڵاو کراوەتەوە بەناوی (وەک ژەهرتاڵ بێ) نووسراوە بەناوی مەجذووبەوە بڵاوی کردۆتەوە. واتە بەلای مامۆستا هاوارەوە شیعری پیرەمێردە و بەناوی ئەو شاعیرەوە نووسیویە. بەڵام وەک لێرەدا دەقی هەورامییەکەی دەنووسین شیعری مەجذووبە و پیرەمێرد وەری گێڕاوە. جاری دووەم پیرەمێرد ئەم شیعرەی لە ڕۆژنامەکەیدا ژمارە٥٨٠ی ساڵی **١٩٣٩**دا بڵاو کردۆتەوە. جاری سێیەم لە ژینی ژمارە٧٤٠ی ساڵی ١٩٤٤دا بڵاوی کردۆتەوە. ئێمە وەرگێڕانی دیوانەکە و ئەوی سێیەم جار دەنووسین.

مەجذووب

قیبلەم مەلاڵ بۆ،...[1]

دڵێ غەیر جە خەم خاڵت مەلاڵ بۆ
ئەو دڵ ئەردانەی شەو چرای لاڵ بۆ
تو خودا بازەش یا وەزوخاڵ بۆ
دیدێ دایما نەدینۆ باڵات
هەردەم نە ڕەژێو وە گەردی پاڵات
ئەو دیدە دیدەی جەیر توند خێز بۆ
تو خودا بازەش باسۆما بێز بۆ
سەرێ وەرسەری کەمان بۆ هەر ڕۆ
شەوان سەر نەدۆ وە ئاستانەی تۆ
ئەو سەر ئەر سەردار دەوران دوون بۆ
تو خودا بازەش با سەرنگوون بۆ
دەستێ دەس نەدوت نەکەمەر پەیوەس
نەشۆت وەگەردەن پەیا پەی، دەس دەس
ئەو دەستە ئەردەس جەلاد بەور بۆ
تو خودا بازەش با بەستەی جەور بۆ
پایێ پەی پەیرەو تۆ نەبۆ، وە پا
وەڕای یانەی تۆ نەشۆ وە ڕاڕا
ئەو پا ئەر پای پاک بەدر مونیر بۆ
تو خودا بازەش با نەزنجیر بۆ
قیبلەم با دەسم جە دامانت بۆ
(مەجذووب) نە زومرەی غولامانت بۆ

....

(١) ئەم شیعرە بەهەڵە لە دیوانی وەلی دێوانەی مامۆستا عوسمان هەورامیدا بەشیعری وەلی دانراوە. بەڵام مامۆستا عوسمان هەورامی خۆی لە گۆڤاری (بەیان)دا ژمارە ٩٥ی ساڵی ١٩٨٤دا ڕوونی کردۆتەوە کە ئەو شیعرە، شیعری مەجذووبە و بەهەڵە لەوێدا دانراوە.

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

وەک ژەهر تاڵ بێ، وەک ژەهر تاڵ بێ
تامی زبانم با هەر وا تاڵ بێ

دڵێ بێ غەمی خاڵت مەلاڵ بێ
ئەو دڵە دانەی شەوچرای لاڵ بێ
با گەوهەری تاج ڕۆستەمی زاڵ بێ
تو خوا لێی گەڕێ با بەزووخاڵ بێ
سەرێ سەربەرز بێت بۆ بارەگای تۆ
بە شەو سەر نەدا لە بارەگای تۆ
ئەو سەرە سەردار دەورانی دوون بێ
تو خوا لێی گەڕێ با سەرنگوون بێ
دیدەم دیدەیەک نەبینێ چاوت
چاو نەڕێژێ بەگەردی پێڵاوت
ئەو دیدە دیدەی ئاهووی تەنیا بێ
تو خوا لێی گەڕێ با نابینا بێ
دەستێ پڕ نووری یدی بیضا بێ
ئەگەر لە دەستەی زوڵفت جودابێ
هەر چەند فرعەونی پێ پڕ ئازابێ
ئەو دەستە با هەر بەستەی قەزابێ
پەی پەی پەیجورت نەبێ پەیاپەی
وەک سێبەر ڕێگات نەپیوی پەی پەی
ئەو پایە پایەی عەرشی ڕەحمان بێ
یاخوا پا بەستەی کۆتی زیندان بێ

وەرگێڕانی سێیەمی پیرەمێرد ساڵی ١٩٤٤

دڵێ مەلال بێ
دڵێ لە خاڵت، خاڵی مەلال بێ
تو خوا لێی گەڕێ با بەزووخاڵ بێ
ئەو دڵە دانەی شەوچرای لاڵ بێ
سەر، سەرمەست نەبێ بەمەی مەیخانەت
بە شەو سەر نەدا لە ئاستانەت
ئەو سەرە سەری سەرداری چەرخ بێ
لەسەر بڕیندا وەک سەری بەرخ بێ

دیـدەم دیـدەیـەک نـەبـیـنـێ بـالاَت
دائم نـەڕێـژرێ بەگـــــەردی بـالاَت
ئەو چاوە ئەگـــەر چاوی شــایی بێ
یاخـــوا هەر کــوێر و بێ بینایی بێ
دەستێ کـە دەسـتی تۆ نەنێـتـە دەست
بۆ خـزمـەتی تۆ نەجـولێ پەیوەست
ئەو دەسـتـە ئەگـەر (یدی بیـضـا) بێ
یاخـــوا ئەو دەســـتـە هەر بەسـزا بێ
پێـــیـەک کـە لە ڕێی تۆدا دیل نەبێ
وەک قـەیسی دوجـەیل ئارا گـێلَ نەبێ
ئەو پێـیـە ئەگـەر پێی فـریشـتـە بێ
لە خـشـتـە چووبێ و هەر شکسـتـە بێ
(مـەجذووب) لە زومرەی غـولاَمـانت بێ
دەســـتی بەندەگی بەدامـــانت بێ

***

پیرەمێرد و (داخی) شاعیر

لە دیوانی (پیرەمـێردی نەمری مامـۆسـتا هاوار)دا لاپەڕەی ٢٤٤ شـیعـرێک بلاَو کـراوەتەوە بەناوی (دلَە با بەس بێ) وە بەشیعری پیرەمێرد دانراوە. بەلاَم لە ڕاستیدا ئەو شیعرە شیعری (داخی) شاعـیرە. وە پیرەمـێرد دووجـار ئەو شـیعـرەی وەرگـێڕاوە و لە ڕۆژنامـەکـەیدا بلاَوی کردۆتەوە.

جاری یەکەم: ژین ژمارە ٨١٢ سالَی ١٩٤٥.

جاری دووەم: ژین ژمارە ٩٣٠ سالَی ١٩٤٨.

جاری دووەم نووسـیویە شیـعـری (داخی بەڕاست) واتە شـیعـری داخـیـیە و بەناوی داخـیـیەوە هەلَنەبەستراوە و نەنووسراوە.

لێرەدا پێویستە ئەوەندەی کە بەدەستـمانەوەیە سەربارەت بەداخی و ژیان و بەرهەمی بخـەینە پێش چاوی خوێنەران:

١- لە کتێبی (یادی مەردان)ی مامۆستای پایەبەرز (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)دا بەرگی دووهەم لاپەڕەی ٤١٢، ٤١٣دا سەبارەت بەداخی و ئەو شیعرە نووسراوە:

«دۆستـێکی تری مەولەوی (شـێخ عـبداللەی داخی)یە کە شاعـیرێکی بەرز بـووە و هەر چەند

بەباشی بۆم ساغ نەبووەتەوە کێیە، بەهەندێ نیشـانەدا وا دیارە شێخ عـبداللەی مـراد وەیسی خالۆزای مـەولەوی بێ. بەنیـشانەی ئەوەشا کە مـەولەوی گەلێ پارچە شـیعـری خـۆی بۆ ئەم نووسیوە، ئەبێ ئەمیش شیعری زۆری بۆ ئەو نووسیبێ». هەروەها سەبارەت بەو شیعرەی لێرەدا مەبەستمانە و دەق و وەرگێڕانەکەی دەنووسین لە لاپەڕە -٤١٤-دا مامۆستا دەفەرموێ «ئێمە وای بۆ ئەچین داخی ئەم پارچە شـیـعـرەی بەبۆنەی کـۆچی دوایی مـەولەوییـەوە و بۆ لاواندنەوەی وتبێ».

هەروەها مامـۆستا عـوسمان هەورامی لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ٩٥ی سالَی ١٩٨٤دا لەم بارەیەوە نووسیویە «ئەم شاعیرەمان هاوچەرخ و هاودەمی مەولەوی بووە و نامە و هۆنراوەشیان بۆ یەکتر ناردووە. لە دیوانی مەولەویدا لاپەڕە ١٠٢، ١٠٥ هۆنراوەیەکی مەولەوی تۆمار کراوە کە بۆ ئەم شاعیرەی نووسیوە، لەبەر ئەوەی زۆر پەیوەندی بەم بەشەوە هەیە، بەپێویستم زانی لێرەدا بینووسمەوە: مەولەوی ئەم پارچە هەلَبەستەی لە وەرامی شێخ عەبدولَلای داخییا نووسیوە، کە شاعـیرێکی بەرز بووە، وە زۆر جار نامـەی بەهەلَبـەست بۆ مـەولەوی ناردووە و ئەویش وەرامی داوەتەوە. جارێکیـان مەولەوی لە وەرامدانەوەدا دوا ئەکەوێ. داخییش غـەزەلێکی بۆ ئەنێرێ وە لە غەزەلەکەیا گلەیی ئەکا بەرامبەر بەدواکەوتنەکەی».

هەروەها مامـۆسـتا عـوسمان دەنووسێت «لەم هۆنراوەیەدا نۆ بەیت شیعری مەولەوی بەر چاو ئەکەون، نەک تاقە شیعرێک داخی بۆ خۆی ئاماژەی هەموو هۆنراوەکانی مەولەوی ئەکات».

لێرەدا دەقی هۆنراوەکـەی (داخی) دەنووسین، وەک مـامـۆسـتا عـوسـمـان نووسـیـویە و لە پالَ ئەویشدا مەبەستی خۆمان کە هەردوو وەرگێڕانەکەی پیرەمێردە دەنووسین:

«دلَـە بـاوەس بـو، دلَـە بـاوەس بـو[1]
هوشیار بەر وادەی مەستیت باوەس بوو
زیـامـت بـاوەس وەدەس هـەوەس بـوو
وەس فامت نە فیکرکەردەی عەبەس بوو
باوەس خـەیالَت خـەیالَی خـالَ بوو
وەس حالَت پەی زولَف زوخالَ بەد حالَ بوو
وەس وەتەمـــای وەسلَ نازک نەوهالاَن
سـەرمـایەی عـومـرت بدەر وە تالاَن
بدیە هامـدەردان، هام فەردی هام مـەشق
نازک خـەیالاَن دەروون دەریای عـەشق
گـــردین وە خـەیالَ نازک کـەردەوە
وە باری فــــیــــراق ئەندۆی دەردەوە

هەریەک وە خەیاڵ نەوهاڵێکەوە
وە پەژارەی خەم بووم لاڵێکەوە
مەزەی بادەی ناب حەقیقی چەشتەن
نەی وارگەی پەڕشۆڕ وە ناکام وەشتەن
خاڵی بی یاگەی نازک خەیاڵان
بێ مەدداح مەندەن نەو نوختەی خاڵان
مەیخانە خاڵی، مەیخواران بێ شەوق
بادەکەش ماتەم بادەنۆش بێ زەوق
زیاد جە گردین شای سینە سافان
مەخدوومی (مەعدووم) (مەولەوی)(٢)جافان
جاداری ڕەویەی (بێسارانی) بی
ساحێب تەریکەی هادی و ثانی بی
ئەشعاری (یوسف) (ئەبیاتی) خانا
جە خەیاڵ خاسیش وەهیچ مەنمانا
فەردی وەش مەزموون (مەلا) کەی گۆران
ئەبیاتی تەرکەی مەدداحی بۆران
واتای واجیوەند (خانا)ی دڵ خەمین
فەرموودەی (شەفیع) دەروون ماتەمین
ئەفکارا بەکار (صالح)ی کەردە
ئەبیاتی نەبات -نەجەف- پەروەردە
بێ نموون جە فیکر خەیاڵ خاسیش بێن
بێ وجوود جەلای خاسان خاسیش بێن
وادەی موناجات (قاضي الحاجات)
وە کزەی دەروون صەددەق دڵ هەرسات
ئەی دانەی نەفیس شەفافتەر جەلاڵ
مەسفت وە قەڵەم سەرنووکی خەیاڵ
«یا جە گۆنای من کەرەم ئاوانتەر
ڕەحمت جە تاوان من فراوانتەر»
«تۆم هەنی وەتاک دانا و توانا
تۆم هەنی، هەنێ وەکێم بوو هانا»

نەفەسڵی فیراق وەسەد زاری و دەرد
ئەی لاڵە نە گەنج خاتر بەر ماوەرد
«تاقەت بی وەهون جە سەختی زامان
تک تک چەنی هەرس ڕێزا وە دامان»
نە وەختی هیجران خاتر نا شادی
وەی چەند بەیت مەوات گەردەن ئازادی
«من شەوێ ناڵەم جۆش ئاوەردە بوو
سەگی ئاسانەت بێدار کەردە بوو»
چوون وادەی هەوەس بادەی حەقیقی
ماماش وە خاتر جیلوەی تەحقیقی
تەنخوای وەجهی مەی مەیخانەی باقی
ئەی دانە مدا شاباش وە ساقی
«یاران ویەردن نۆ بەمەن وەی دەی
ئیسە وە کارەن ساقی نەشئەی مەی»
وادەی ئارەزووی دیدەی جەمێن گوڵ
چوون واز کەر قفڵ سندووقخانەی دڵ
ئەی لولوی نەخت پەسەندەی خاسان
پەیدا کەردەی سەعی بێ شۆی غەواسان
مەوست ئەو سەحرا پەرەی حەکاکان
تا بوو وە زینەت جەرگەی دڵپاکان
«باڵەخانەی چەم دیوانەکەی توو
پا نەنا وەو گڵ ئاسانەکەی توو»
«تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تێشدا
ئازیز بۆ جارێ پا بنیەر پێشدا»
تەعریفی تفەنگ خاڵۆی هیجرانبار
وەی فەردە مەکەرد نە عالەم ئیظهار
«خاراوی خانان، طاق قووڵ، لوول وەردە
چوون نیگای دڵبەر هەزارە کەردە»
«دروستی و هەڵمەت قەضا خەیاڵ طەوور
نار و ناڵە و دوود ڕەعد و بەرق و هەور»

بدیە (مەولەوی) بەو خەیاڵەوە
وەی گشت جەواهیر دانەی لاڵەوە
غەیوری مەعشوق حەقیقی حازر
وەنیم تەجەللا نەصورەی ظاهر
دیت چەنی کوورەی دەروونش کەرد سەرد
چوون پای خەیاڵان نازک گەردش بەرد
ئینصافەن وەسەن هەرزەی بێ مایە
وەس عومرت وەی طەور بدەر وەزایە
بێ بەدەڵەن عومر، خاسش هەر پاسەن
باختش پەی مەعشووق بێ بەدەل خاسەن

....

(١) ئەم شیعرە بریتییە لە چل و یەک بەیت، لە نوسخەی کەشکۆڵی مەحموود پاشای جافدا سی و حەوت -٣٧- بەیت بوو.
(٢) ئەو ناوانەی لە نێوان دوو کەوانە نووسراون هەمووی ناوی شاعیرن وە ئەو بەیتانەی لەناو کەوانەی بچووکدان بەیتی (مەولەوی)ن.

وەرگێڕانی یەکەمی:

دڵە با بەس بێ، دڵە با بەس بێ
هۆشت بێ ئیتر مەستیت با بەس بێ
هەوسارت با بەس بەدەس هەوەس بێ
بەس هاونشینت لەگەڵ ناکەس بێ
با بەس خەیاڵت بەدحاڵی خاڵ بێ
بەس مەئالی عومر پامالی ماڵ بێ
بەس ئارەزووی وەسڵ نەوبەر نەمامان
بتخاتە قوڕا و سەرتا بەدامان
سەیرکە هام فەردان هام دەرس و هام مەشق
نازک خەیاڵان دەروون دەریای عەشق
هەموو بەناڵە و ئاهی سەردەوە
بە سۆزی دووری و کزەی دەردەوە
هەر کەس بەمەیلی نەو خاڵێکەوە
بە پەژارەی خاڵ چاو کاڵێکەوە

بە نابەکامی بادەی مەرگیان چێشت
هەوارگەی پڕ شۆڕ جیهانیان جێ هێشت
شوێنیشیان گوم و نازک خەیاڵان
دەورەیان چۆڵ بوو پیرۆزە خاڵان
مەیخانە خاڵی مەیخواران بێ شەوق
ساقی ناباقی خاڵ خاسان بێ زەوق
کۆچی دوایی کرد شای سینە سافان
مەخدوومی (مەعدووم) مەولەوی جافان
(بێسارانی) بوو، شێخی بێساران
زەمزەمەی ئەبیات نەما وەک جاران
ئەشعاری (یوسف) شعاری(خانا)
لە ڕێی ئەدەبدا گورج و تەوانا
واتەی (وەڵەوخان) خانی شاعیران
فەرموودەی (شەفیع) پیری ماهران
ئەبکار ئەفکار (صالح)ی کوردە
نەباتی ئەبیات (نەجەف) پەروەردە
سۆزی دەروونی (دیوانەکەی شەم)
کفتەی (ڕەنجووری) دەروون دەریای خەم
شاعیری بەرزی کوردمان زۆر بوون
لە ڕێی ئەدەبدا بەزات و زۆر بوون
پەی دەرپەی کەوتنە ڕێی ئەو دنیاوە
وەک تاق تاق کەرە هەر (داخی) ماوە
داخەکەم ئەویش کە پیرەمێردە
لە داخی ئەوان بەئاهو و دەردە
ڕووی وا لەقاپی (قاضي الحاجات)
بە ناڵەی شەوان کەوتە موناجات
ئەپاڕێتەوە بۆ زێد و مەڵبەند
گیرۆدەی جەهلن، ڕزگار بن لە بەند
ئەڵێ ئەی خودای موڵک و ئینس و جان
بمانپارێزە لە تەفرەی شەیتان

بەژانی زامان خۆشی لێم بێزرا
پیاڵەی عەیشم وەرگەڕا و ڕێژرا
تاقەت بوو بەخوێن لە ئێشی زامان
لەگەڵ فرمێسکا، ڕژایە دامان
بە ئاهی سارد و بەفرمێسکی گەرم
بە ڕیشی سپی کە لێی ئەکرێ شەرم
نۆرەی بەزەیی و ڕەحمی تۆمانە
ئەگینە ڕۆ ڕۆی دوایی ڕۆمانە

وەرگێڕانی دووەمی: کە لە دیوانی پیرەمێردی م. ھ دا بڵاو کراوەتەوە:

دڵە با بەس بێ، دڵە با بەس بێ
وەرەوە هۆش خۆت دڵە با بەس بێ
جڵەوت با بەس بەدەس هەوەس بێ
بە گری سەودا دڵت قەفنەس بێ
با بەس خەیاڵت خەیاڵی خاڵ بێ
بە پیری عەقڵت وڕکی مناڵ بێ
تاکەی پەیجووری دیدەی بازانی
تاکەی گیرۆدەی گەردن قازانی
سەیرکە هام فەردان هام دەرد و هام مەشق
نازک خەیاڵان ماسی دەریای عەشق
هەریەکە بەداخ لەیلێکی بێ مەیل
دەردی پڕ میحنەت دڵ لە هیجران کەیل
بەرەو دوا چوونە هەوارگەی ژێر خاک
ناوی ون کردن، دەورانی بێ باک
خاڵییە شوێنی نازک خەیاڵان
نەما گۆرانی ئەگریجە و خاڵان
لە هەموان پێشتر شای سینە سافان
مەخدوومی (مەعدووم) مەولەوی جافان
جێنشینی ئەو (بێسارانی) بوو
خاوەن تەریکەی هادی ثانی بوو

ئەبیاتی (یوسف)، دیوانی (خانا)
(مەلاکەی گۆران) شاعری دانا
ئەشعاری ڕەنگین (دێوانەکەی شەم)
واتەی (ڕەنجووری) دەروون پڕ لە خەم
من کە لە شیعردا ناگەمە ئەوان
هاوار ئەبەمە بارەگای یەزدان
هانام بەتۆیە ئەی خودای بێچوون
عەفوت لە تاوان بەندەگان ئەفزوون
منیش دوای ئەوان ئەڕۆم بەنۆبە
لە گوناهـ تۆبە، بەخشندەش، تۆ، بە

ئەو شاعیرانەی مەلا عەبدوڵڵای داخی ناوی هێناون ئەمانەن: مەولەوی، بێسارانی، یوسف، خانا، مەلاکەی گۆران، وەلی دێوانە، ڕەنجووری، شەفیع، مەلا ولدخان، نەجەف، صالح.

***

پیرەمێرد و شیعرێکی (پیر میکائیل)

پیرەمێرد لە ڕۆژنامەکەیدا[١] شیعرێکی ئەم شاعیرەی شێوەی (گۆران)ی وەرگێڕاوە و پێشەکییەکی کورتی بۆ شیعرەکە نووسیوە، بەم جۆرە:

«ئێمە پیر میکایلێکمان بووە کە ئەم ئێلی جافە لە تەنگانەدا هاواری ئەکەنێ، ئەم زاتە وەکو لەویلایەتدا کەرامەتدارە، لە شعریشا بەشدارە. جار جار هەندێ شیعری ئەو ئەنووسم، هیممەت و بەرەکەتی حازر بێ ئەمەتە»[٢].

هەروەها مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغی نووسیویە «دەربارەی ئەم شاعیرەیش شتێکی ئەوتۆم دەست نەکەوت. ئەم شیعرانەیش کە لێرەدا دەیاننووسم لە کەشکۆڵی مەلا عەزیزی ڕێشاوی وەرگیراون و بەڕوونی ناوی (مەلا میکایل)یان لەسەر نووسراوە»[٣].

ئنجا مامۆستا نۆ پارچە شیعری ئەو شاعیرەی هەر بەشێوەکەی خۆی نووسیوە بەڵام ئێمە لە دیوانی تەواوی بێسارانیدا کە مامۆستا عوسمان هەورامی ئامادەی کردووە و دەسنووسە، دەقی ئەم شیعرە دەنووسینەوە.

مەولام گوڵخونچێ ساوا و نەشکوفتە
سەودای چەند بڵبڵ تێدا نەهوفتە
هێمای نەبریان نامش بەگوڵێ
نەژنەوان بەگۆش ناڵەی بڵبڵێ

بە نیم نیگای وێش هیچ نمە زانۆ
چەند شێخ سەنعان ئیمان مەستانۆ
ئەر بڵبڵ نە ڕووش نەغمە بوانوو
دین دینداران باتڵ مەمانوو
ئانە کە سێوەن نەشکوفتە ساوا
داخۆ یانەی کێ پێش مەبوو ئاوا

(١، ٢) بروانە ژین ژمارە ٨٦٦ ساڵی ١٩٤٧ .
(٣) کەشکۆڵی کەلەپوری ئەدەبی کوردی محەممەد عەلی قەرداغی ل ٢٢٧ .

وەرگێڕانەکەی:

مەولام گوڵخونچەی ساوای نەشکوفتە
وە بۆن عەترش یانەی دڵ ڕوفتە
سەودای چەند بولبول تێشدا نوهوفتە
نەرگس شەوبێدار ئەو هێمان خوفتە
ناوی نانرێ هێشتا بەگوڵێ
نەکەوتۆتە گوێی ناڵەی بولبولێ
بای بەیان کە ئەو لە خەو هەستێنێ
لە شێخی سەنعان ئیمان ئەستێنێ
دەردەدار لەسەر نەوشکوفتەی وا
بە بۆنی عەتری خەم ئەدەن بەبا
گوڵ خونچەیەکە نەشکۆفتەی ساوا
ئاخۆ ماڵی کێی پێ دەبێ ئاوا

***

پیرەمێرد و شیعرێکی حەسەن ئەفەندی مامی

پیرەمێرد چەند جارێک باسی ئەم حەسەن ئەفەندی مامەی کردووە کە شاعیر بووە و بەڵام شیعرەکانی فەوتاون، لە یەکێ لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکەیدا(١). بەناوی (یادی ڕابووردوو)وەوە باسێکی کورت و شیعرێکی مامی نووسیوە: «دراوسێیەکمان بوو، (حەمەی قالەبەنا)ی ناوبوو،

دەنگی زۆر خۆش بوو حەسەن ئەفەندی مامم خووی دابوویە فێری مەقامات و شیعری خۆشی کردبوو. بەعادەتی ئەوسایە دوو ژنی هەبوو هەردووکیشیان جوان بوون، ڕۆژێ قینی هەڵدەسێ بەجارێ هەردووکیان تەڵاق ئەدا، شەوی بەسەرادێ کەسیانی لا نییە، ئاگری تێ بەرئەبێ، دەست ئەکا بەشیوەن، گۆرانیەکی (حەسەب حاڵی) خۆی نازانێ، دێتە لای مامم چەند شیعرێکی بەشێوەی شیوەن بۆ ئەنووسێ ئنجا بەسۆزەوە ئەیگوت، زۆر تەئسیری بوو هەندێکم لە بیر ماوە، ئەمە بوو:

بە دوو تیر دڵ بریندارم، ڕەوانە خوێن لە دامانم
لەناو فرمێسکی خۆما غەرقە، سەر تا بە دامانم
وەسێتە دووژنەی دوودڵ، دڵ ئاسوودە نییە یەک دەم
منیش ئەو دوو دڵەی وێرانە ماڵ بووم وا پەشیمانم
خودا تا دای بەمن، وای دا بەجارێ وەسڵی دوو دولبەر
دە سەیری چی بەسەر هێنام فەلەک چۆن کردی تاڵانم
ئەمیشم چوو، ئەویشم چوو، وەکو کوردی لە جەژنان بوو
بینای ژین و ژیان تێکچوو بەجارێ ماڵی وێرانم

(١) بروانە ژین ژمارە ٨٤٤ ئابی ١٩٤٧

***

نەو بەهار ڕەشە(١)

١٩٣٩

پیرەمێرد وەرگێڕانی ئەم شیعرەی (بێسارانی) لە ڕۆژنامەکەیدا بڵاو کردۆتەوە و خۆی نووسیویە کە شیعری (بێسارانی)یە، ئێمە دەقی هەورامی شیعرەکەمان لە دیوانی بێسارانی مامۆستا عوسمان هەورامیدا دۆزیەوە و بۆ بەراورد دەینووسین.

«نەو بەهار ڕەشە، نەو بەهار ڕەشە
لە پێش چاوی من، نەو بەهار ڕەشە
هەوری ماتەم ڕەنگ ڕوو لە گەردشە
من بەسەر گوڵدا، گریانم بەشە
نووری بینایم لە جێ دا نەما
ئەستێرەی بەختم وا لەناو تەما
پێی شادیم کوورە لە داوی خەما
ڕەنگم بەهێیە، لە دەست وەرەما



مەحموود پاشای جاف

نەجمەددین مەلا
لە نەورۆزی سلێمانیدا

هەر چەند ئەبینم پەڕەی خونچەی گوڵ
وێنەی ئەو گوڵە، لەت لەت ئەبێ دڵ
ماتەمی و بەهار دەردێکە مشکڵ
بولبول، مەخوێنە، پتر لەسەر چڵ
هەر گوڵ ناسۆرێ هەر سۆسەن خارێ
هەر گوڵشەن زامان هەر لاولاو مارێ
هەر ڕۆژێ شەوێ، هەر شەوێ تارێ
بە دەست دنیاوە، لە گیان بێزارێ

....

(١) بڕوانە ژین٥٦١ ساڵی ١٩٣٩ .

دەقی شیعرەکە:

نەو وەهار سیان،...
ئەمساڵ وە تاڵەم نەو وەهار سیان
نوور بینایی جە دیدەم جیان
بە هیچ ڕەنگێدا مەتاو و دیان
من هەر یەند مەگنوم چەم بەدین گوڵ
چوون خونچەی نەوخێز لەت لەت مەبو دڵ
هەرگوڵ نەشتەرێ، هەر سۆسەن خارێ
هەر چەمەن زیندان، هەر شەتاو مارێ
وە بەختم بدیە تەور شێویان
سپای مەینەتان وەنەم دێویان

***

لەیل بەجەماڵ

١٩٤٤

ئەم شیعرە بەئاشکرا دیارە کە شیعری یەکێ لە شاعیرانی شێوەی (گۆران – هەورامی)یە و پیرەمێرد وەری گێڕاوە، بەڵام وەک گەلێ پارچە شیعری تر کە لەبەر دەستماندایە، پیرەمێرد ناوی کەسی لەسەر شیعرەکە نەنووسیوە؟!. گەلێ گەڕاین و ماندوو بووین دەقی هەورامییەکەیان نەدۆزیەوە!.

لەیل بەجەمال، لەیل بەجەمال[١]
دەرکەوت لە ڕوویدا، جلوەی زوڵف و خاڵ
دڵی بەند ئەکرد بەڕیشووی دەسماڵ
نیم نیگای شێخی ئەخستە خەیاڵ
ئەگریجەی جەرگی ئەکرد بەزووخاڵ
پێکەنینێکی بۆ خەم و مەلال
جارێک بۆ یەکجار هەر وەک مشت و ماڵ
هەزار ڕۆستەمی ئەخستە ناو چاڵ
لەگەڵ درەختان ئەیسمی شغاڵ
گوڵاو ئەفشانی گوڵی گۆنای ئاڵ
پێی بەبۆن ئەکەوت ئەمرد دایکی ئاڵ[٢]
تیری برژانگی وەک خەدەنگی زاڵ
عاشقانی خۆی ئەخست لاڵ و پاڵ
پرشنگی چاوی بەخوماری کاڵ
سەرانەی ئەسەند لە دیدەی غەزاڵ
واتەی ئەو دەمە و بەدوو لێوی ئاڵ
لوقمانی پەک خست لە ئەقڵ و کەماڵ
(حجر الأسود) بۆی بوو بوو بەخاڵ
حاجی تەوافی خۆی ئەکرد بەتاڵ
مینای گەردنی بەجلوەی جەلال
قوربانی پیاویی بۆ دەبوو حەلاڵ
لە دوگمەی سوخمە و کوزمەی بەیی کاڵ
عەتری شەمامەی ئەبا بای شەماڵ
مێخەک بەند لەسەر سینەی زیوی قاڵ
خرنگەی دێ لەگەڵ پاوانە و خرخاڵ
شیرینی ئەرمەن کەوتە گروگاڵ
بەلایەلایەی بانوی چەمچەماڵ
خۆی نواند وەک مانگ لە بورجی ڕەشماڵ
کوردستان پڕ بوو لە شەوق و جەماڵ

بە قەڵەمی سوور بەپەنجەی شمشاڵ
فتوای مەرگی دام وەک ئایەی قتال

....

(١) بڕوانە ژین ژمارە ٧٦٦ ساڵی ١٩٤٤
(٢) لە کاتی خۆیدا کە منداڵی ساوا ئەمرد و وەک ئێستا دکتۆر و دەرمان نەبوو دەیانگوت (شەوە) یاخود (ئاڵ) گرتوویەتی. ئەمانە شتێکی ئەفسانەیی بوون.

***

زیللەی زایەڵە[١]

پیرەمێرد دووجار ئەم شیعرەی شاعیر (کلاشی)ی، وەرگێڕاوە، جارێک لە ساڵی **١٩٣٧**دا و جارێکیش ساڵی **١٩٤٥** . لە کەشکۆڵی مەحموود پاشای جافدا شیعرێک هەیە بەناوی (نەوبەر نەمامێ) لەسەریەوە نووسراوە (شیعر مەلا مستەفای کلاشی)، تارمایی و کاریگەری ئەو شیعرە لە شیعرەکەی پیرمێردا دیارە. بەڵام سێ بەیتی دوای شیعرەکەی پیرەمێرد پەیوەندی بەو دەقەوە نییە.

زیللەی زایەڵەی لەرزانە و لاگیر
پۆیلە و تاسەسەر بەن لەرزی و سێ تیر
زرەی قەتارە و لارەی ژێر گەردن
چەند کەسی خستە چەڵەمەی مردن
بە شەوقی سینە و بۆنی مێخەکبەند
شێخی کرد بەپەند، سۆفی کرد پابەند
هاوارم بەخوا لە لارولەنجە
پەنام بەیەزدان لە غەمزە و خەنجە
ڕەگی گیانی بەست بەدەست و پەنجە
چاو هەڵئەخلیسکێ بۆ سەر ئەو گەنجە
بەتای داوی زوڵف کەمەندی گورگیر
دڵی چەند کەسی کردووە بەنێچیر
بەشیری برۆی وەک گوناهکاران
لەت لەتی کردووە جگەری یاران
بۆ بەدبەختی سەخت بەدئیقبالی من
بۆ ڕەنجەڕۆیی و وێران ماڵیی من

لە ڕێی گوزەرێک ڕۆژێ تووشی بووم
وەک برووسکەی هەور شەوقیدا لە ڕووم
تیری برژانگی کێشایە ناو دەست
نایە کەوانی سەختی برۆی مەست
گۆشا و گۆش کێشای پەنجەی لێ بەردا
وەک گیڤەی شمقارِ کشا لەسەردا
دای لە پەڕەی دڵ جێگاکەی خەتەر
لە گازی پشتم نووکی چووە دەر
دەستی زەلیلیم گرت بەزامەوە
بەلنگە فرتێ بۆی تلامەوە
ئێستاش برینم کەوتۆتە ناسۆر
لە گیانەڵادام وا بەدەستی زۆر
دکتۆرێ نییە بێت بۆ دەوای زام
خەمخوارێ نییە دانیشێ لە لام
بێ یار بێ ڕەفیق بێ ماوا و بێ دەر
وەک ماران گەستەی زامی پڕ خەتەر
«لێفە شرەکەم ئەدەم بەسەردا
بە خەیاڵ ئەویش دێنم لە دەردا
چی بکەم جێگاکەم ڕێ بەو ناکەوێ
بیکەم بەمیوان بۆ تاقە شەوێ
توخوا لێی گەڕێ با هەر خەیاڵ بێ
نامەوێ عەشقم کزی ویساڵ بێ»

....

(١) بڕوانە ژین ژمارە ٧٧٣ساڵی ١٩٤٥ .

***

بەندی ئای ئای[١]

پیرەمێرد ئەم شیعرەی لە شێوەی (گۆران)ەوە وەرگێڕاوە بۆ سەر شێوەی سلێمانی. بەڵام وەک خۆی نووسیویە خاوەنەکەی نەزانراوە کێیە. ئێمە دۆزیمانەوە کە شیعری بێسارانییە[٢]. پیرەمێرد نووسیویە «بەکوڕێنی، بەندێکی ئای ئای-م، لە ئای ئای بێژەکانی وەک، مچە نۆڕەیی، و باوە زەینەڵ، بیستبوو، ئێستایش نازانم هی کێیە؟! وا ئەوەندەی کە لە بەرم ماوە، بەشێوەی خۆمان

ئەینووسمەوە، خۆزگە یەکێک بۆی ئەدۆزیمەوە هی کێیە؟!».

ئەمشەو گرێکی وام کەوتە دەروون
بلێسەی گەیییە تۆی سەقفی گەردوون
لە کلپەی ئاگر، کە زۆری هانی
هاوارم ئەکرد هەی ئاوەدانی
ئای خێرەوەمەندێ ئەهلی ڕەحمەتێ
گۆزەیە ئاوم بگەیەنێتێ
بە هاوارمەوە هات نەوهاڵەیی
شیرین ئەندامی چواردە ساڵەیی
چوست و چالاکی بەگورجی و بەتاو
پەلاماری برد بۆ گۆزەیی ئاو
گۆزەی هەڵبڕی و کردیە سەرما زوو
وەیزانی ئاوە، تومەز نەوت بوو
من لە دوورەوە بۆنی نەوتم کرد
بەڵام ئەو ڕشتی پێما دەستوبرد
بە دەست و زبان ئەلالامەوە
نەوتم پیا مەکە ئەپاڕامەوە
لەبەر بەختی من، نەهاتیی ئەجەل
هاوارمی نەبیست لەبەر پەلەپەل
کە نەوت نزیکی ئاگر کەوتەوە
ئاگر سەرلەنوێ گڕی بەستەوە
ئێستاش سووتاوی ئەو ئاگری عەشقەم
لە ڕاو و ڕەسما پوختەی ئەو مەشقەم
لافی عاشقی بێ سەرەنجامە
تا، وا نەسووتێ ناپوختە و خامە

....

(١) بڕوانە ژین ژمارە ٨٨٥ ساڵی ١٩٤٧ .
(٢) ئەم شیعرەمان لە دیوانی بێسارانی مامۆستا عوسمان هەورامی وەرگرتووە.

دەقی شیعرەکەی بێسارانی بریتیە لە نۆ بەیت، وەک لە دیوانی دەستنووسی مامۆستا عوسمان هەورامیدا نووسراوە، بەڵام لای پیرەمێرد بووە بەدوانزە بەیت. واتا سێ بەیتی لێ زیاد کردووە.

هەردوو دەقەکەمان خستە پێش چاوی خوێنەران.

ئەمشەو ئایرێ گڕ بەست نە دەروون
بڵێسەش یاوا وەسەقفی گەردوون
جە کورەی ئایر، جە بڵێسەی نار
ستێزام چوون بەرق، ئاو کەردم هاوار
جە هاوار هاوار شفا و لاڵەی من
جەهەی ئاو هەی ئاو شێن و زاڵەی من
تمەز مژ نەوۆ یەک خودا تەرسێ
مسڵمان سیفەت ڕاگەی هەق پەرسێ
ماوەرۆ گۆزەی نەفت (بیت المال)
مە شانۆ وەڕووی گڕ بەستەی شەماڵ
پێسە مەزانو یەگۆزەی ئاوەن
تمەز یەخۆ نەفت تەوەن پێ تاوەن
گۆزەی نەفتش کەرد وەبڵێسەمدا
قرچەی گۆزەی نەفت یەند ستێزەمدا
هەر تا سەحەر بی هەر سۆزام بەسۆز
سەحەر سفتەی کۆم باد بەردش چوون تۆز
هەر کەس وێنەی من ئیقباڵش چەفتەن
مەوا چوهەی ئاو نەسیسش نەفتەن

***

پیرەمێرد و شیعرێکی یوسف بەگی ئیمامی

پیرەمێرد لە ڕۆژنامەکەیدا لەژێر ناوی شاعیرێکی نەناسراودا شیعرێکی وەرگێڕاوە. شیعرەکە خۆی یانزە بەیتە، پیرەمێرد سیانزە بەیتی لێ زیاد کردووە و بۆتە بیست و چوار بەیت، ئێمە نیشانەمان لە نێوانیاندا داناوە.

دەقی شیعرە هەورامییەکەمان دەست نەکەوتووە، بەڵام لەهەر لایەک کە بڵاوکراوەتەوە بەشێوەی سلێمانی هەر یانزە بەیتە.

سەبارەت بەژیانی ئەم شاعیرە ئەوەندەمان دەست کەوت کە لێرەدا دەینووسین: «یوسف بەگی ئیمامی لە تیرەی ئیمامییە کە یەکێکە لە ئێڵی جاف لە دەوری محەممەد پاشای کوڕی کەیخوسرەو بەگدا ژیاوە پیاوێکی بەجەرگ بووە، جارێک برایەکی لە چیا دەبێ پڵنگ دەیکوژێ،

بۆ ڕۆژی دوایی یوسف بەگ ئەچێتە هەمان شوێن و لەوێ پڵنگەکە دەکوژێ و بەو بۆنەیەوە شیعرێ دەڵێ»[١].

....

(١) بڕوانە هاوکاری ژمارە-٨٤٤- ١٩٨٦/٦/١٩ چەند سەرنجێک لە کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی - ئومێد کاکە ڕەش.

***

کەوتە ئارایش[١]

کەوتە ئارایش، کەوتە ئارایش
نازداری جافان کەوتە ئارایش
لە پاش ئارایش هاتە فەرمایش
تەڵمیت بەندانە بۆ لای دیزیایش
خۆی خستە بەرگی سەفەرییەوە
بە لارولەنجەی دلبەرییەوە
تافتەی ئاڵ و تاقەی هندی زەرد
پۆشای بەباڵای عەرعەری بێ گەرد
تاجی لە سوورمەی کشمیری سەد ڕەنگ
لە وێنەی نەخشی بەهزادی ئەرژەنگ
شەدە و سرکەیی کێشا بەدەورا
ڕۆژ شیرینتر بوو لە هالەی هەورا
دەسماڵی شیلەی عەنکەبووتی ڕەنگ
کێشای بەدووشا شاهانە ئەو ڕەنگ
بەو ئاڵ و واڵای شۆخی شیرین تەرز
دڵی شێردڵی ئەهێنایە لەرز
ڕیشەی جگەری ئەپساند بەپێوە
برژانگی گیانی ئەبرد لە جێوە
ئاسکی شیروانە چاو بەنیگاوە
گاگا لە ڕووی ناز ئاوڕی ئەداوە
قەد و قامەتی بوو بەقەدقامەت: (قدقامت)
کە هەستا، هەستا شۆڕی قیامەت

....

بەو گرشمەو ناز خەرامانەوە
کەوتە ڕێ لە ڕێی دواوانەوە
پێی نایە رکاب سوار بوو دەستوبرد
پەری ئاسمانی ئاوزەنگی بۆ گرت
خۆی خورشیدی بوو بارەیشی شیرێ
بوراقی میعراج، بەخوای ئەسپێرێ
شێر و خورشیدی شیعاری ئێران
لەو شێوەیەوە هاتۆتە مەیدان
کەلی شاکەلی پڕ کردبوو لە نوور
دەشتی گەرمیان بوو بەوادی (طور)
بەپێ خاوسی چووم بەرەو پیری
نەمتوانی ڕاکەم داد لە دەست پیری
ئەو بەسەیادی هەڵوەستایەوە
کەوانی برۆی توند کێشایەوە
تیری برژانگی هات دڵمی پێکا
دڵ و دەروونمی هەڵدرووپێکا
ئێستایش زامی تیر نا دیاریمە
یادی ئەو تیرەی یادگاریمە
ئاخ دەستی چەرخ و تیرە بارانی
نە ئەو ئێلەی هێشت نە نازدارانی
شوێن ماڵە گەورەی کۆهگای چاومەستان
بوو بەمەکۆگای جەردە و خارستان
دەک فەلەک بەقین، کوێراییت دایە
بۆچ وا بەزەییت بەکەسا نایە
لە جێی بەگزادە و شیرین سواران
پڕ لە چەقەڵ و گورگە هەواران

....

(١) لە کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغیدا ل ١١٩ ئەم شیعرە بەناوی عبدالله بەگی ئیسماعیل بەگەوە نووسراوەتەوە.

***

یار شێوەی چۆنە؟!

پیرەمێرد دووجار ئەم شیعرەی لە ڕۆژنامەکەیدا بڵاو کردۆتەوە. لە جاری یەکەمدا کە بڵاوی کردۆتەوە ساڵی ١٩٤٣، ناوی شاعیرەکەی نەنووسیوە. جاری دووەم کە ساڵی ١٩٤٩ بڵاوی کردۆتەوە ناوی شاعیرەکەی نووسیوە وتوویە «شاعیری نەخوێندەوار حەسەن کەنۆش» لە ڕاستیدا بەوەرگێڕانەکەدا دیارە کە (حەسەن کەنۆش)ی خاوەنی ئەو شیعرە، هەر چەندە نەخوێندەوار بووە، بەڵام شیعرەکەی زۆر جوان و شاعیرانەیە. شتێکی ئەوتۆ سەبارەت بەژیانی ئەم شاعیرە بەدەستەوە نییە. یاخود ڕەنگە هەبێ و ئێمە دەستمان پێدا نەگەیشتبێ. بەداخەوە دەقە هەورامییەکەی ئەم شیعرە جوانەمان دەست نەکەوت.

لە لایەکی تریشەوە مامۆستا محەممەد ڕەسول هاوار لە دیوانی پیرەمێردی نەمردا لاپەڕەی ١٧٣، شیعرەکەی بەهی پیرەمێرد داناوە و ئاگاداری ئەوە نەبووە کە ئەوە شیعری پیرەمێرد نییە. هەروەها پەراوێزی بۆ شیعرەکە کردووە و باسی ئەوەی کردووە کە پیرەمێرد نەیویستووە لە وەسفەکەیدا لەخوار سنگی ئافرەتەکەوە باس بکات!!.

***

یار شێوەی چۆنە(*)

وەرگێڕانی یەکەمی ساڵی ١٩٤٣

یار شێوەی چۆنە، یار شێوەی چۆنە
بێ چاوێنی بێ، یار شێوەی چۆنە
برۆی ماڵی جیم، چاو خانەی نوونە
گوڵنکەی پووشین کلابتوونە
کارخانەی دەستی خودای سروشتە
لە بەشەر ناکا حۆری بەهەشتە
هەر چەند لە نەسلی دایکە حەوایە
بەڵام نموونەی نەقشی خوایە
ئافەریدە سونع، بێ هاوتای ئیزەد
دووربێ لە حوکمی چاوەزاری بەد
جلوەی جەدوەلی چاوی سوورمەڕێژ
چاوی ئاسکی کردووە گێژ و وێژ
برژانگ سیافام بەسوورمەی کۆی (طور)
بە تیری نیگای دڵ خانەی زەنبوور

ڕووی سفیدەی سوبح، بەشەفەق قرمز
شیرینتر لە ڕووی شیرینی هورمز
لووت تەڵای خسرەو قاڵی نەوجەڵا
زمرووتبەند بووە لە گۆشەی تەڵا
هەناسەی دەوای دڵەی پڕ خەمە
بە ئەموستیلە ناوی مریەمە
دوو پەڕەی گوڵنار ناوی ناوە لێو
ماچێکی لێوی شێخ ئەخاتە کێو
سی و دوو دانی دانەی مرواری
لە قوتووی لەعلا جلوەی دیاری
هەر چوار تەرەفی یاقووت تەنیوبە
یاقووت یاقووتی گیانە کێ دیوبە
چەناگەی زیوی سپی قاڵ بێ خاڵ
کۆی غەبغەب مینای پاکتاوی زوڵاڵ
گەردن گەردنی ئاسکی خوتەن گێڵ
یا گەردنی قاز دەلیلەی ڕەوێڵ
سونعی شیرینی دەستی سروشتە
وێنەی جەمالی حۆری بەهەشتە
کێ ئەڵێ نەسلی جنسی حەوایە
ئافەریدەی دەست زاتی خوایە
های لەو وەستایەی چەند سنعەت سازە
سەیر کەن ئەو شێوە و گرشمە و نازە
سەیری جەدوەلی دیدەی سوورمەڕێژ
لە چاویا چاوی غەزال گێژ و وێژ
برژانگ ڕێژراوە بەکلی کۆی (طور)
دڵ کون کون ئەکەن وەک شانەی زەنبوور
سەر گۆنای سپی ئالوودەی قرمز
داخی نایە دڵ شیرینی هورمز
لووتی تەڵای قاڵ جەڵادراوە
زومڕوتی لەسەر تەڵا داناوە

هەناسەی دەوای سەرعی و سەرسەری
سلێمان مۆری نایە سەر سەری
چاڵی تینوێتی ئاوی حەیاتە
قەترەی ئارەقی دەوای مەماتە
قۆڵ بەبازبەند دانەی لاڵەوە
پەنجە بەڕەنگی خەنەی ئاڵەوە
سنگ تەختەی عاجی شەترەنجی شاهان
شاماتی شاهان ئەخاتە ئامان
دوو سێو لەو سنگە تەلیسم بەندە
کەس نەیزانیوە بەهای سێو چەندە
لەوە بەرەو خوار بۆ کەس نەبینرا
پەردەی ئەدەبی بەسەرا کێشرا

(*) پیرەمێرد جاری سێیەم لە ژمارە ٦٣١ی ژینی ساڵی ١٩٤١دا ئەم شیعرەی بلاو کردۆتەوە.

وەرگێڕانی دووەمی ١٩٤٩

جەماڵی چۆنە، جەماڵی چۆنە
تبارک الله، جەماڵی چۆنە
برۆی سەری جیم چاو ماڵی نوونە
جن دەستی وەشاند، بەشم جنوونە
دوو پەڕەی گوڵنار ناوی ناوە لێو
پەری سەرقافی بۆ کەوتۆتە کێو
سی و دوو دانی لولوی گەوهەرە
بەزەردەخەنە گیان و دڵبەرە
دەوری بەحەلقەی یاقووت تەنراوە
(طلسم)ە و لەدەو زەمزەم بەستراوە
چەناگەی گۆی زیو کەمێکی چاڵە
خاڵێکی تیایە هاوار لەو خاڵە
گەردن گەردوونەی ئاهوی خوتەن کێڵ
گەردنکەچیەتی سەد شیرین و لەیل

چاڵی تینویەتی چەشمەی حەیاتە
لە شیرینی دا ئاوی نەباتە
قۆڵ بەبازیبەند دانەی لاڵەوە
حەلقەی زولف بەسەر لیمۆی کاڵەوە
دەست دەستەوانەی زەردوویی تێدا
مریەم خۆی دەستی هێناوە پێدا
گوارەی گوێی کاتێ ئەلەرێتەوە
ڕەگی گیان بەناز ئەکێشێتەوە
سنگ بلووری ساف ئاوێنەی زیوە
مانگ عەکسی شێوەی خۆی تێدا دیوە
با شاعیریشی (حەسەن کەنۆش) بێ
لەوەلا، ئەشێ هەر پەردەپۆش بێ
خوایە سنعەتی خۆت بپارێزە
مەیدە بەنائەهل گیانی عەزیزە
ئەسپەردەت بارگەی دوانزە ئیمام بێ
تا قەرنی دوایی دنیای بەکام بێ

***

لەسەر دیارێ

پیرەمێرد ئەم شیعرەی وەرگێڕاوە و لە ڕۆژنامەکەیدا[١] بڵاوی کردۆتەوە بەبێ ئەوەی ناوی شاعیرەکە بنووسێت، یاخود باسی ئەوە بکات کە شیعرەکە وەرگێڕڕاوە!. ئێمە لە ئەنجامی گەڕان و پشکنین دەقی هەورامی ئەو شیعرە و خاوەنەکەیمان دۆزیەوە کە شیعری شاعیر (ئەحمەد پریسی)یە و (پریس) دێیەکە لە نزیک هەڵەبجە. ئەم شاعیرە هاوچەرخی مەولەوی بووە. واتا (مەجذووب)ی شاعیرە.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەفەرموێ «ئەحمەد پریسی کوڕی خەسرەو چاوەش و لەخێڵی میکایلی جافە و لە دێی پریس لەناو هۆزی نەورۆڵیدا دانیشتووە»[٢]. هەروەها مامۆستا لە کتێبە بەنرخەکەیدا (یادی مەردان) بەشی دووەم لاپەڕەی ٤٩١ هەتا ٤٩٧، شەش پارچە شیعری ئەم شاعیرەی بڵاو کردۆتەوە. لە دوا لاپەڕەیدا نووسیویە:

«ساڵی لە دایک بوون و مردنی ئەحمەد پریسی نازانم، ئەحمەد پریسی لە دێی پریس دانیشتووە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە. لە گۆڕستانەکەی (ملەی مزیار) لە ژوور دێی پریسەوە لەلای ڕاستی ئەو ڕێگاوە کە لەپریسەوە ئەڕۆیت (بۆ نەورۆڵی پارچە) بەخاک سپێرراوە».

نەسەر دیارێ، نەسەر دیارێ
ئارۆ شەخسێ دیم نەسەر دیارێ
چون چەشمەی حەیات خاڵ زەنەخ دارێ
چەرخ چەم چون باز کەوتوون مەی تارێ
شەونم نە ڕووی بەرگ گوڵ باغ بەهارێ
صەیادی صەیدان چون من هەزارێ
جە صەفحەی جەبین ساکار سامانێ
مەکتوب بی وە ئەمر شای لامەکانێ
سەرئێڵی ڕەوێڵ زوڵف کلاڤانێ
شەم شێوە شیرین نەسل جافانێ
دیم دەس وەسەرسەر کەمان گرت مەحکەم
کێشا تا سەر سەر کێش سەردان وەهەم
خەمیا و هەوادا عەلەم کەرد قامەت
شەصتی نەوکەمان پەی کەردەی زامەت
سەراسەر سارای تەن وە هووناو وەرد
پەڕە پەڕەی جەرگ پەڕان پەڕان کەرد
تا چەرخی چەپگەرد مدران وە پاوە
گل مدەون وە زام ناسۆر نماوە
(مەجذووب)م جەزەڵ، هەر دوور نەشادیم
کوشتەی سەر ڕەوێڵ ئێڵ مرادیم

....

(١) بڕوانە ژین ژمارە ٩٦٦ ساڵی ١٩٤٩ .

(٢) بڕوانە یادی مەردان، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەشی دووەم لاپەرەی ٤٨٨ .

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

لەسەر دیارێ،...
ئەمڕۆ یارم دی لەسەر دیارێ
دەم کانی حەیات گەردن خاڵدارێ
دیدەی دیدەی باز دڵان شکارێ

صیادی نێچیر وەک من هەژارێ
شێوەی لاهووتی تەرلان تەوارێ
سەر ڕەوێڵی ئێل زوڵف کلافانێ
شەم شێوەی شیرین نەسلی جافانێ
دیم بەلەنجەولار لە ڕاگوزارێ
بۆ گیان کێشانی من هاتە خوارێ
کەوانی برۆی کێشا بەهەودا
تیری برژانگی هاویشت لەسەردا
گڤەی کرد و هات درا لە جەرگم
بەخۆێناوی دڵ گوڵگون بوو بەرگم
شەهیدی عەشقم کفنم پێ ناوێ
پایە بڵندم بەناو و داوێ

پیرەمێرد و چەند شیعرێکی (حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە) و (ئەحمەد بەگی کۆماسی)

حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە (تالعی) ١٧٣٢ - ١٧٦٥ی زایینی. پیرەمێرد لەکاتی خۆیدا، چەند جارێک (گڵکۆی تازەی لەیل)ی بەناوی (حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە)وە وەرگێڕاوە.

یەکەم جار لە تورکیا لە ژمارە ١٢ی ساڵی ١٣٣٥ی ڕۆمی کە دەکاتە ساڵی ١٩١٩ی زاینی هەر بەشێوەی خۆی شیعرەکەی بڵاو کردۆتەوە و دێڕ بەدێڕ بەرانبەری کردوویە بەتورکی. وە پێشەکییەکی کورتی بۆ نووسیوە بەتورکی تیایدا باسی شاعیرە نەخوێندەوارەکانی کورد دەکات کە بەو حاڵەشەوە زیرەک بوون و شیعری جوانیان داناوە. وەنووسیویە ئەو دەقە هەموو شیعرەکە نییە و ئەو هەر ئەوەندەی لە یادە. کە هاتوشەتەوە بۆ سلێمانی چەند جارێک هەر بەناوی حەمە ئاغاوە گڵکۆی تازەی لەیلی بڵاوکردۆتەوە. بەڵام لەم دواییەدا چەند نووسەر و شاعیرێک کەوتنە سۆراغی خاوەنی ڕاستەقینەی و هەردوو دەقی (گڵکۆی تازەی لەیل)ی ئەحمەد بەگی کۆماسی و (گڵکۆی تازەی یار)ی حەمە ئاغایان بەشێوەی خۆیان بڵاو کردەوە. لەو مامۆستا بەڕێزانە (ئەبوبەکر هەوری) لە کتێبی (شیعری کۆن و نوێ)دا کە ساڵی ١٩٧٥ دەرچووە باسی ژیان و بەسەرهاتی هەر یەک لەو دوو شاعیرەی کردووە، وە ئێمە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو کتێبە ڕادەکێشین و نامانەوێ لێرەدا دووبارەی بکەینەوە و تکایە بڕوانە لاپەڕەکانی ئەو کتێبە. تەنیا سەرنجێک کەمن سەبارەت بەو کارەی خوا لێخۆشبوو هەمە ئەوەیە کە مافی پیرەمێرد لە وەرگێڕانەکەدا خوراوە. چونکە هەموو ئەو دەقە وەرگێڕاوانەی شیعرەکە بۆ سەر شێوەی سلێمانی لە لایەن پیرەمێردەوە بووە.

هەروەها (س. ع شادمان) چەند جارێک لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا ئەم باسەی

کردۆتەوە و بیروڕای نوێ و شیاوی قسە لەسەرکردنی دەربڕیوە لە گۆڤاری (بەیان)یشدا لەم ساڵانەی دواییدا هەریەک لە مامۆستایان مستەفا نەریمان و مەحموود زامدار لێکۆڵینەوە و ساغ کردنەوەیان لەم بارەیەوە نووسیوە. بڕوانە ژمارەکانی ١٠١، ١٠٦، ١١١ی بەیان. هەروەها مامۆستا عوسمان هەورامی لە (ڕۆشنبیری نوێ)ی ژمارە ٤٥ی ساڵی ١٩٧٥دا دەقی تەواوی شیعری (گڵکۆ)ی ئەحمەد بەگی کۆماسی بڵاو کردەوە. لەبەر دوور و درێژی شیعرەکە تەنها وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد بڵاو دەکەینەوە.

پیرەمێرد جگە لە پێشەکی و شیعرەکەی گۆڤاری (ژین)ی ئەستەموڵ کە نووسیویە و وەری گێڕاوە بۆ تورکی، لەم ژمارانەی ڕۆژنامەکەیدا ئەم باسەی هێناوەتە پێشێ.

١- ژیان ژمارە ٤٦٧ ی ساڵی ١٩٣٦

٢- ژین ژمارە ٦١٣ ی ساڵی ١٩٤٠

ئەوا ئێستا شیعرەکەی (ئەحمەد بەگی کۆماسی) کە پیرەمێرد بەشیعری (حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە)ی زانیوە و وەری گێڕاوەتە سەر شێوەی سلێمانی دەنووسین، لە نوسخەکەی (ژیان)ی ساڵی ١٩٣٦دا شیعرەکەی بەناتەواوی وەرگێڕاوە، بەڵام لە کتێبەکەی مامۆستا (هەوری)دا بەتەواوی بڵاو کراوەتەوە.

گڵکۆی تازەی لەیل،...
ڕۆژێک چوومە سەر گڵکۆی تازەی لەیل
چوومە سەر قەبری لەیلەکەی پڕ مەیل
لە دیدەم باری فرمێسک وێنەی سەیل
چوومە سەرینی بەدڵەی پڕ جۆش
کێلی مەزاریم ماچ کرد بەپەرۆش
وتم ئەی ئازیز ئەڵماسی ناو خۆڵ
موبارەکت بێ یانەی تەنیای چۆڵ
سەرێک هەڵبڕە سەولی خەرامان
وا مەجنوونەکەت هات بەقوڕ پێوان
کۆچی بێ وادەت کارێکی وای کرد
دێوانەی کردم هۆشی لە دەس برد
بڵێسەی عەشق و دووری باڵای تۆ
گڕی خستۆتە لاشە و تان و پۆ
وەختە وەک قەقنەس لەش بێ بەزوخاڵ
شاد بێ بەتۆزی لاشەکەم شەماڵ

یا وەکو مەجنوون شێتی لۆنگ بەکۆڵ
لەش بێ بەخۆراک وەحشیانی چۆڵ
سوێند ئەخۆم ئەی لەیل بەیادی پیرۆز
بەو ئەگریجانەی ژاکاوی ئاڵۆز
بەو دانە خاڵەی پیرۆزە ڕەنگەت
بەو جێ تاریکەی کش و بێ دەنگەت
بە یادی جوانی لە دەس دەرچووم
بە جێگەی لەیلی تازە کۆچ کردووم
لەو ساوە چەرخی چەپی بێ ئامان
تۆوی جوانی تۆی لەخاکا ڕوان
لەو ساوە کە تۆی بەزۆر لێ سەندم
ڕەگ و ریشەی دڵ جەرگی هەڵکەندم
تۆی برد بۆ خانووی تازەی ناو مەزار
منی هێشتەوە بۆ جەوری ڕۆژگار
بە وێنەی مەجنوون دەروون لە غەم کەیل
هەر لەیل لەیلمە لە هەردەی دوجەیل
وێنەی بێ گەردت هامڕازی ڕامە
لەگەڵ جەفا و جەور دایم سەودامە
دڵ پڕ لە خەم و دەروون زوخاڵم
کافر بەزەیی دێتۆ بەحاڵم
شەوان زاری و شین ڕۆژان ڕۆ ڕۆمە
یەکجار لە دووری باڵاکەی تۆمە
ماڵ وێرانیم و بەختی شێواوم
وەک ئاهوی سەحرا لە ڕەو جێماوم
جێی حەسانەوەم چیا و دەشت و هەرد
خۆراک و ئاوم چەرمەسەرێ و دەرد
حاڵی تۆ چۆنە شای وەفاداران
کێ هاوڕازتە سویح و ئێواران
لەو جێ تاریکە تۆ بەپەنهانی
لەگەڵ کێ ئەکەیت ڕازی نیهانی

لەباتی قۆڵی قەیسی غەمگینت
کام بەردی ئەلحەد وا لەسەرینت
داخم ئەو داخە لەیلی خاتر نەنگ
بۆ زوڵفی ڕەشی شێواوی ژێر سەنگ
بە دەمی شانە کەدات ئەهێنا
ئەتکرد بەپەرژین بەڕووی جەبینا
ئەو چاوە ڕەشەی ئاهو بێزی تۆ
ئەو قەوسی ئەبرۆی شەو ئەنگێزی تۆ
ئێستە بەدەستی چەرخی نیلی ڕەنگ
بێ ڕەونەق بووە وەک نەقشی ڕووی سەنگ
ئیتر بۆ سۆمای دیدەم تار نەبێ
زیندەگی لەلام زەهری مار نەبێ
ئەو لاشە جوانەی نازکتر لە گوڵ
ببێ بەخۆراک مار و مێرووی گڵ
منیش سەرسام و هەڵۆ خواردوو بم
بەلاشە مردووی بەگیان زیندوو بم
تۆ بەو زامەوە مەزار جێگەت بێ
من بەم نازەوە کۆسار ڕێگەم بێ
خولاسە هەر چەند شین و زاریم کرد
خۆم تلانەوە و بێ قەراریم کرد
خۆڵی قەبرەکەم ئەکرد بەسەرما
بەنینۆک جلم ئەدڕی لە بەرما
نەجوابێکم بیست نەڕاز نە دەنگێ
نە خشەی پووشێ نە لەرەی سەنگێ
بەدەس ئەم ماڵی بەڕووی جەبینما
خۆڵم تێکەڵ کرد لەگەڵ ئەسرینما
هیچ کەڵکی نەبوو شین و گریە و ڕۆ
لێی پاڕامەوە دیسان سەرلەنۆ
وتم ئەی نازدار، لەیلەکەی دڵسۆز
حەکیمی دەرمان دەردی مەجنوون دۆز

لەبەر چی مەیلم لە لات سارد بووە؟!
پەیمانی پێشووت لەیاد دەرچووە؟!
من بەم دڵەی خاو بێ قەرارەوە
بە برینەکەی ئێستە و پارەوە
وا لە ژوور سەرت ئەگریم ئەناڵم
خاکی قەبرەکەت بەلێو ئەماڵم
تۆ هیچ دەربەست نیت بەبێ قەراریم
بە قورپێوان و شیوەن و زاریم
زۆر پاڕامەوە بەدڵەی مەحزوون
هەتا بڵێسەم گەیشتە گەردوون
دیم وا دەنگێ هات لەژێر خاکەوە
لەو قەبری تاریک حەسرەتناکەوە
وا هاتە بەرگوێم وەک ڕازی جاران
وتی ئەی مەجنوون وێڵی کۆساران
سوێند بەو یەزدانە بێ هاوتا و تەنیا
کە باڵای منی لە تۆ کردووە جیا
ئەوەندە خاکم لە جەستە بارە
نەڕێگەی وەڵام نەڕێی گوفتارە
وام لەژێر خاک و هەوای ساردی سەنگ
ئیتر من چی بکەم کە نەتگاتێ دەنگ
لەناو خانووی خۆڵ ئەسیر کراوم
بەتای زوڵفی خۆم زنجیر کراوم
نازانم بۆچی وام لێ کراوە
مل و قاچ و دەس زنجیر کراوە
نازانم بۆچی ئێستە بەم ڕەنگە
لەش جنراوی ژێر تەرافەی سەنگە
گوناهم چی بوو لە دنیای فانی
غەیری دڵداری بەبێ پەنهانی
بۆچی ئەم دنیا وابێ وەفایە
لەجیاتی وەفا بەشی جەفایە

بەڵێ تۆ هەرچەند کە ئەکەی زاری
شاران ئەگەڕێی بەبێ قەراری
بەس کەڵکی چییە؟ سوودێ نادا پێت
بچۆ بگری بۆ بەختی ڕەشی خۆت
لەو دنیا هیچ کەس بەئاوات ناگا
لێرەشا هیچ کەس بەفریات ناگا
هەرکەس لە دایک ببێ یا بووبێت
بۆ شاری ئێمە ئاخری هەردێت
هەر چەند تۆ ئێستا زۆر بێ قەراری
لە گیانی خۆت و دنیا بێزاری
کاتی تۆش هەردێ ڕۆژێ لە ڕۆژان
لە شاری ئێمە ئەبی بەمیوان
ئیتر ئەی ئەحمەد بۆ کۆچی شاژن
ئەبێ شیوەن کەی تا ڕۆژی مردن

***

پیرەمێرد و شیعرێکی طالعی

(حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە)

پیرەمێرد لە ساڵی ١٩٤٧دا ئەم شیعرەی بڵاو کردۆتەوە و نازناوی (طالع) یا (طالعی) لە کۆتایی شیعرەکەدا هاتووە کە دیارە شیعری حەمە ئاغای دەربەند فەقەرەیە. بەڵام پیرەمێرد لەم وەرگێڕانەدا زۆر لە دەقی شیعرەکە دوور کەوتۆتەوە!.

«قیبلەم ئیتیفاق،...
قیبلەم ئەر مەبۆت چەنیم ئیتیفاق
ئەر دەواکەری دەردانی فیراق
مەبوون وەسەرگەرد خاڵانی طاق طاق
بینایی دیدەم، گوزیدەی ئافاق
دڵ بەتۆن مایل هەم بەتۆن عوشاق
تایێ جە تاتای گێسووی پڕ نیفاق
یا بۆیێ نە عەکس خاڵان ئەرزاق
عەلاکەر وە حاڵ جەستەی ئینحیراق

باعیشەن پەی کەیف دڵ مدان مەذاق
تاکەی هەر دەنگت بەرز بۆ جە ئافاق
هەر طاق طاقمەن چوون طەیری طاق طاق
(طالیع) تا زیندەی دەوری ئافاقەن
چون طەیری طاق طاق ویردش هەر طاقەن

وەرگێڕانەکەی:

ئازیز موشتاقە،......
دڵ بۆ تەوافی کەعبەت موشتاقە
سەبرم نەماوە، تاقەتم تاقە
وەک تاق تاقکەرە وێردم تاق تاقە
لەشم سووتاوی ئاگری فیراقە
گیرۆدەی عەزاب دەوری ئافاقە
قوربان زانیومە بەئیتیفاقە
هەر چەند تەکلیفی (ما لایطاق)ە
لە دەستی زوڵفت هەر تاییَ تاقە
هەودای بەقیەی زام دڵەی عوشاقە
بەتاقی برۆت کەتای سەرتاقە
سوجدەگای ڕاستی زومرەی عوشاقە
تا طالع[1] زیندووی جەور و موشاقە
موشتاقی زوڵفی بێگەردی تاقە

---

(١) طالع یاخود طالعی: نازناوی شیعری (حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە) بووە.

***

دیسان، پیرەمێرد و شیعرێکی شەفیع

پیرەمێرد ساڵی ١٩٤٧ ئەم شیعرەی وەرگێڕاوە، بەڵام ناوی شاعیر و سەرچاوەکەی نەنووسیوە، ئێمە لە کەشکۆڵی (مەحموود پاشای جاف)دا دەقی شیعرەکەمان دۆزیەوە، کە شیعری (میرزا شەفیع)ە و پێشتریش هەر لەم دیوانەدا چەند شیعرێکی وەرگێڕاوی شەفیعمان لەلایەن پیرەمێردەوە نووسی.

«سووەیل جەختشەن،......
ڕوێ نەو سووەیل جەهد و جەختشەن

خرپید کالآی زەڕڕین ڕەختشەن
ڕەزا ئینتزار وادەی وەختشەن
گرەی یەراقش لوا وەشاران
پەی پۆشاکی بەرگ عەرعەر چناران
صوف جە شام ئاوەرد، بەکرەس جە (باکۆ)
تورمە جە کشمیر، تەخت هۆلاکۆ
موقەددەم جە میسر، لۆی جە لەنگاهوور
دێبا جە دەککەن، ئەکسون جە لاهوور
ئەطلەس جە فەڕەنگ، سووتی جە طەبەس
جەمەڵتان قەڵەم خەت زەدەی سەد ڕەس
خارا جە جواڕەرخ مەخمەڵ جە قزلەر
ئەو ڕەنگ باف جە ئەسڵ بەحرەین بەندەر
جە کاخت ماهوون، ئەڵماس نیلی
جە سماقی کەتوون، ئالآی خەلیلی
جە کاشان زەڕباف، زەمین طەلآیی
جە ئەسراب ئاوەرد نەقش دووتاییی[1]

---

(١) شیعرەکە دوورو درێژە و تەنها ئەوەندەمان لێ نووسیوە.

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

سیوەیل وەختیەتی،...
سیوەیلی پایز، جەهد و جەختیەتی
فریدی پارچە زرین ڕەختیەتی
گەڵآڕێزانە وەریزان بەختیەتی
جاڕ درا قوماش بێنن لە شاران
بیپۆشن بەرگی عەرعەر چناران
ئاوریشم لە شام نیللی لە باکۆ
تورمە لە کشمیر تەختی هۆلاکۆ
زربەفت لە میسر لونگ لە لنگاهوور
دیبا لە (دەکا) ئاسووت لە لاهوور

ئەتڵەس لە فەرەنگ گەرمەسوت لەتەس
لە مڵتان قەڵەم خەت زەدەی نەورەس
خارا لە خوارزم مەخمەل لە قزلەر
ئەورەنگ باف لە ئەسڵ بەحرەین بەندەر
لە کاخت ماهوت پو، ئەڵماسی فەیلی
لەشماخ کەتان ئاڵای خەلیلی
لە کاشان زەربەفت زەمین تەڵایی
لە اسراباد جاو بەری دووشایی
لە شیروان پارچەی کوبەکچی ئابی
لە بەسرە جانفیس توحفەی عەننابی
لە تەوریز قوماش قوتنی وەزیری
لە موسڵ شاڵی ڕیسی جزیری
خەتایی لە موڵک خاقانی فەغفوور
لە بابل قەسەب شاهانە دەستوور
متبەق لە موور ئەحرامیش لەبەن
لە جیهان ئاباد پشت لیفی گوڵکەن
کیخوا لە مەعرەز بازاڕی سەردەشت
زنجیرەی زەریف لە کارخانەی ڕەشت
ئەسفەهان دیبای نیمچە مەداخڵ
لە کرمان شاڵی ئاڵای هەزار گوڵ

***

بیدی مەجنوونی[١]

ئەم شیعرە لە لاپەڕە ٢٩٤ی دیوانی پیرەمێردی مامۆستا هاواردا بڵاو کراوەتەوە و نووسراوە (بەناوی بێسارانییەوە وتوویە) واتا شیعری پیرەمێردە و بەناوی بێسارانییەوە بڵاوی کردۆتەوە. بەڵام ئێمە دەقی هەورامی شیعرەکەی (بێسارانی)مان[٢] دۆزییەوە و پیرەمێرد لەگەڵ هەندێ دەستکاریدا شیعرەکەی وەرگێڕاوە.

بیدی مەجنوونی، بیدی مەجنوونی
باڵا بەرز و نەرم، زار و زەبوونی
بە لارولەنجە، لەیلا نموونی
بەڵام لە داخی دڵ سەرنگوونی

ئاوارە و لەرزان بەگوێ تافەوە
پەخشان بەشنۆی هەوای سافەوە
عەنبەربار بەبۆی مسکی نافەوە
ڕەخشان بەپەلکی زەرکلافەوە
بە دەنگی تاڤگەی ساز و سەمتووری
ئەینۆشی بادەی ئاوی بلووری
سایە بانی بان تەختی گەنجووری
بەڵام تامت تاڵ بەدەردی دووری
وتم: شۆڕەبی، دەستنیشانی دۆست
سێبەر دەوای (تا)[٣] سەلفات و زینک[٤] پۆست
درەختان سەربەرز بەبێ قۆرت بێ سۆست
بۆچ سەرت شۆڕە وێنەی کەفتەکۆست[٥]
جوابی دایەوە بەزبانی حاڵ
بۆچ تۆ نازانی پیری کۆنەساڵ
من سەربەرزێک بووم شیرین پەڕ و باڵ
سوجدەم بردە بەر باڵای سۆسەن خاڵ[٦]

....

(١) بیدی مەجنوونی: شۆڕەبی
(٢) ژین ژمارە ٨٤٧ ساڵی ١٩٤٦ .
(٣) وا بەناوبانگە کە سێبەری درەختی (بی) بۆ (تا دار) باشە و کە بچێتە ژێری (تا)کەی لە کۆڵ ئەکەوێ.
(٤) سەلفات و زینک: حەبێکی زەرد کە دەدرێت بە تا لێهاتوو.
(٥) کەفتە کۆست: کۆست کەوتوو.
(٦) شیعرەکە تەواو نەبووە و پیرەمێرد ئەوەندەی لێ وەرگێڕاوە.

شیعرەکەی بێسارانی:[١]

تەرز بید تار،...
تەرز بید چوون زوڵف، مەلەرز و بەتار
بە هەوای پرشنگ تاف بێ قەرار
نەپای بالوول کۆ سەخت وەرنسار
وەڵگ بید زایف، تەرز تووڵ زەبوون
زەبوونتەر جە تەرز تای گوڵاو توون

مـــەلەرز و بەباد ســـەرد ســـەبایی
نە ڕووی گـــوڵ ســـۆز ساق مـــینایی
پەرسام ئەرهەی بید دەسنیشـان دەست
تەرک تەڕ ئەندام سای سەهەند پەیوەست
چێـشـەن درەخـتـــان ڕووشـان نە باڵان
تۆ سـەر سـەراویز ڕووی زەمین مـاڵان
بیــــد ئامــــا جـــواب بەزوان لاڵ
چوون پەرسـات حـاڵم بوا چوون هەواڵ
منیچ نـەو نەمــــام نازک نـەو ئاو بیم
ســـەر تەرز لەرزان تاف ســـەراو بیم
ناگـــا پەی تەقـــدیر دیدە ســـیـــاوێ
خـاو ئالوودێ سوب خـێزا جە خـاوێ
ئامـــانە سایەم مــەخســەڵ دا خـاڵان
کۆ کۆ، کۆی خەرمەن خەمان دا تالان
جـــەو ســـاوە جـــۆیای ئەو نازارەنان
پۆچی ســــــەراوێز بێ قـــــەرارەنان

---

(١) دیوانی بێسارانی، عوسمان هەورامی، دەسنووس.

***

خودایە، بەهار

پیرەمێرد ئەم شیعرەی بەناوی (بێسارانی)یەوە وتووە، لەوەش دەچێ کە شیعری بێسارانی بێت، مامۆستا م.هـ نووسیویە کە پیرەمێرد ئەم شیعرەی لە بەهاری دوای شەشی ئەیلوولدا وتووە. لە کاتێکدا شیعرەکە ساڵی ١٩٣٩ بڵاو کراوەتەوە. تەنها بەڵگەش ئەوەیە کە سروشتی شیعرەکەی بێسارانی بۆ کۆست کەوتن و ماتەمە و نیوە دێڕی دواییشی کە دەڵێت «بەهار خەزانی حوزنی ئەیلوولە» لە واتای پیرەمێرد دەچێت.

خـــــودایە بەهار، خــــودایە بەهار
بگـەڕێتـــــەوە بۆ زســـتــــان بـەهار
وەک هەوری بەهار بۆ خــۆی بگری زار
ڕۆژی ڕووناکی بێــتـــــە شـــەوی تار

وەنەوشەی شین پۆش مل کەچ نگوون سار
سۆسـەن کـون کون بێ، بەنینۆکی خـار
دەنگی کـەو ببڕێ لە دەوری کـۆسـار
ســـروەی با نەبێ لەســـەر پەلکی دار
ئەسـتـێـرەی سـیـوەیل وێنەی تازێدار
ڕەشـــپـــۆش بێ شـەوقی نەبینێ دیار
حـــەوتەوانە لێک ببـــڕێن، تارومـــار
لەیلا بەئاهی مــــەجنوونی هەژار
لە ئاســــمـــــاندا بۆی نەبێ قـــەرار
زراوی زوهرە[١] بتـــــۆقێ بەقـــــار
دجلە کـــــەف چێن و لێڵ دێوانەوار
پێ لە زنجـــــیــــــردا بناڵێنێ زار
قـــیـــبلەکـــەم ڕۆیی دڵم مـــەلوولە
بەهار خـــەزانی حـــوزنی ئەیلوولە

---

(١) زوهرە: مەبەست لە ئەستێرەی زوهرەیە.

***

پیرەمێرد و شیعرەکەی مەحموود پاشای جاف

لە لاپەڕە ٣٣٨ی دیوانی پیرەمێردی مامۆستا هاواردا، شیعرێک بڵاو کراوەتەوە بەناونیشانی (یادی مەحموود پاشای جاف) وە مامۆستا هاوار وەهای زانیوە کە شیعری پیرەمێردە و بۆ یادی مەحموود پاشای وتووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو شیعرە شیعری مەحموود پاشا خۆیەتی و لە لاواندنەوە و شینی شەش برایدا وتوویە، کە مەحموود پاشا مەرگی هەر شەشیانی بینیوە، ئەو شەش برایەشی بریتین لە: وەسمان پاشا، حەسەن بەگ، حەمە عەلی بەگ، سلێمان بەگ، فەتاح بەگ، قادر بەگ، وە ئەم قادر بەگە ئەوە نییە کە مەولەوی شیعرێکی شین و لاواندنەوەی زۆر بەرزی لە کارەساتی کۆچ کردنیدا وتووە، بەڵکو ئەمیان برای مەحموود پاشا بووە و قادر بەگی، لای مەولەوی مامی مەحموود پاشا بووە. بەم پێیە دەبێت، مەحموود پاشا شیعری تریشی هەبێت، ئنجا یاخود ئێمە دەستمان نەکەوتوون، یاخود لە کاتی خۆیدا ون بوون!.

ئەوا لێرەدا دەقی شیعرەکەی مەحموود پاشا و وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد دەنووسین.

هەروەها دەقی هەورامی ئەم شیعرەمان لە کەشکۆڵەکەی (مەحموود پاشای جاف) خۆیەوە وەرگرت، کە مامۆستای دڵسۆز و بەڕێز (عەلی بەگی حسین بەگی جاف) خستیە بەردەستمان

هەتا سوودی لێ وەرگرین.

وادەی خێڵە و خوار

وادەی خێڵە و خوار ئێلاخ بێزانەن
وادەی گەرمەسێر سەحرای شیروانەن
براکانم هیچ کەسیان نییەن دیار
وەک جاران سوار بن بۆ ڕاووشکار
هانا هاسێ بەور، سێ نامدارم ڕۆ
سێ پڵەنگ هیممەت شێر کردارم ڕۆ
سێ شاهێن، سێ باز، شیروان ماوام ڕۆ
سێ پڵەنگ نەهیب، وەقت داوام ڕۆ
سێ (سەعد وەقاص) سەر ئاوردەم ڕۆ
سێ ڕۆ نەزوڵفان داخان بەردەم ڕۆ
ئیللا (سولەیمان) ئەو بێ ئەندێشە
ئەو جەهد و غیرەت عەداوەت کێشە
ئەو شمقاڕ شۆخ نەریمان شیمە
ئەو مەرد مەیدان بێ خەوف و بیمە
ئەو شۆڕە سوارە گورجی نەزینە
ئەو حاتەم هیممەت سەرحەد نشینە
هاڕەی یەدەکان نیهاش وە تاوبی
سەرزەمین بەعەشق هات هات ڕاوبی
ئیستە نادیار ڕووی سەر بیساتەن
تاڵعش نە گێچ نەرد ناهاتەن
نە نە فەتاح بەگ ئەو ڕوستەم ڕەنگە
ئەو پیلەتەن تەن بورز و نەهەنگە
ئەو هەڵۆ هیممەت قەهار قینە
ئەو دەست و بازووی شۆخ ڕەنگینە
سەرتاپا تەیار وێنەی فلامەرز
جە سەهمش ماتەن زەوارەی گۆدەرز
ئیستە نادیار دەشت شیروانەن

داخ ئەو سەرمەشق کول دەورانەن
نە نە حەسەن بەگ ئەو نەوجوانە
ئەو شێوەی شیرین، ئەو میهرەبانە
ئەو میر مەزن ئەو تووڵ لاوە
ئەو باهوو بەدەن، ئەو چەرخ و چاوە
ئەو فەغفور نەژاد مەنشووری جەعام
دنیای پڕ مەینەت وەنەش نەدا کام
نە نە قادر بەگ ئەو تەیار شەختە
ئەو کەس بێکەس یانەش دەربەستە
خانمان خەریک نەهاتیی دەردەن
ئێش فەتاح بەگ عەلاوەی دەردەن
جە زوبان لاڵ بم کەچەن کارتان
مەندەن وە بێ سەر دەستەی سوارتان
فەڵەک هانە فیکر سەودای مەکر و فەن
خاک وەبێ زنجیر شێر مکەرۆ بەن[1]
دەی لێ بۆ جە ڕەنگ سایە نیشانتان
هۆردارۆ ماردم ئاتەش ئەفشانتان
وەڵڵا ئەر فەڵەک برایێش مەرد
یا چون تو، ئاه سەرد مکەرد
ئەویش سیفتەی جەرگ وێش مشنەفتەوە
تا ئەبەد جە مەرگ دوور مکەفتەوە
برا، چون فەڵەک کەسش نەمەردەن
مەرگ جوانان وەعادەت کەردەن

(١) بەن: بەند، زنجیر.

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

وادەی خێڵە و خوار، ئێڵی جافانەن
دەمی گەرمەسێر دەشتی شیروانەن
لە براکانم کەسیان نیەن دیار
وەک جاران سوار بن بۆ ڕاو و شکار

هانا، برایان شوێن نادیارم ڕۆ
سێ پڵنگ هەیبەت شێر شکارم ڕۆ
سێ شاهێن سێ باز شیروانی ماوا
فەڵەک لە زۆریان کەوتبووە داوا
ئای سلێمان بەگ عەدالەت پیشە
لە دێوی کێوی قاف بێ ئەندێشە
ئەو شۆڕە سوارە زینەتی زینە
ئەو حاتەم هیممەت سەرحەد نشینە
چابووک سواری بەناو و داو بوو
لە شیروانەدا هات هاتی ڕاو بوو
ئێستا نادیار سەر ڕووی بیساتە
لە دوای ئەو عەشرەت ڕووی لە نەهاتە
هێجگار فەتاح بەگ ئەو ڕۆستەم ڕەنگە
ئەو پیلەتەنەی شێوە نەهەنگە
ئەو شاباز هیممەت ئەو هەڵۆ قینە
ئەو شان و باهوو ئەو سەهم گینە
سەرتاپا بڵند وێنەی فەرامورز
ئەهاتە لەرزە لە نەعرەی ئەلبورز
ئەوی تیا نییە دەشتی شیروانە
بۆیە لە لای من چۆڵ و وێرانە
ئاخ بۆ قادر بەگ دۆستی مەولەوی
گەردن کەچی بوون شێری سەر زەوی
هەر ئەو زانیویە شینی بۆ بکا
هەر بەیتێک جامێ فرمێسک لە تەکا
خانمان خەریک شین و هاوارە
داخی فەتاح بەگ لەسەر گشت بارە
ئاخ لاڵ بم لە کوێن شۆڕەسوارانیان
بێدەنگ و ئاهەنگ گەلی یارانیان
بەو خوایە فەلەک گەر برای ئەمرد
بە ناڵە دنیای هەراسان ئەکرد

دەستی نە ئەچوو بەمەرگی جوانمان
وێران نە ئەبوو جێی خان و مانمان
خۆی کەسی نییە و جەرگی بێ ئێشە
مەرگی مەردانی کردووە بەپیشە

***

پیرەمێرد و شیعرێکی مەلای جەباری

گەلێ جار لەو کتێبانەی کە چاپکراون و لە کەشکۆڵ و دەستنووسدا شیعری (مەلا ولدخان) و (مەلای جەباری) تێکەڵ بوون، وە شیعری ئەم کراوە بەهی ئەو و بەپێچەوانەشەوە.

هۆی ئەم تێکەڵییە ئەوەیە کە هەردوو شاعیر لە کۆتایی شیعرەکانیاندا نازناوی (مەلا)یان بەکار هێناوە. هەروەها ئوسلوبی شیعر دانان و سروشتی شیعرەکانیان کە زۆر ڕۆمانتیکییە نزیکن لە یەکەوە و بگرە هەر لە یەک دەچن. لەبەر ئەوە هەر لەم دیوانەدا کە شیعری (بادی لەیلا خان)ی مەلا ولدخان نووسرا، تەماشامان کرد لە لاپەڕە ٣٩ ی دیوانی (مەلای جەباری) دا دەقی شیعرەکە چاپکراوە. هەروەها شیعری (شیرین بەستەوە)، هەر بەهەمان شێوە.

لێرەشدا شیعرێکی مەلای جەباری بەشێوەی خۆی و وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد دەنووسین. ئەو وەرگێڕانەمان لە کەشکۆڵی (حەمە صاڵح ئاغای قزلجی)دا دۆزیەوە لاپەڕەی ٩٥ کە نەجمەددین مەلا بەخەتی خۆی ساڵی ١٩٣٧ بۆی نووسیوەتەوە. لەو کەشکۆڵەدا مامۆستا نەجمەددین مەلا شیعرەکەی بەشیعری مەلا ولدخان داناوە. ئەویش لە پیرەمێردیەوە وەرگرتووە بەڵام لە ڕاستیدا شیعرەکە هی (مەلای جەباری)یە و پیرەمێرد بەنازناوی (مەلا) کەدا لێی تێک چووە. وە دەقی شیعرەکە بەشێوەی خۆی لە لاپەڕە ٣٥ ی (دیوانی مەلای جەباری)دا[١] تۆمارکراوە. لەبەر ئەوەی مەلای جەباری شیعرەکانی ناسک و هەڵقوڵاوی سۆز و ئەندێشەیەکی خاوێن و قووڵ بووە، لە نێوان زۆر شیعردا دەناسرێنەوە. هەروەها مامۆستا (علاء الدین سجادی) لە (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا[٢] لاپەڕە (٣٠٧ – ٣١٨)دا شیعری (میرزام یا وەعدەی نەو وەهارانەن) و شیعری (شیرین تاتا کرد)ی نووسیوە و گەلێ وەسفی شاعیرییەتی مەلای جەباری کردووە.

ئنجا بۆ ساغ کردنەوەی ئەم شیعرە کە شیعری مەلای جەبارییە و بۆ دەرخستنی چۆنیەتی وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد هەردوو دەقەکە دەنووسینەوە.

....

(١) بڕوانە (دیوانی مەلای جەباری) ئامادەکردنی عەبدولجەبار محەممەد جەباری.
(٢) مێژووی ئەدەبی کوردی – علاء الدین سجادی ل ٣٠٧ – ٣١٨ .

***

بەهار

ساقی سادەی شی وەهار ئاماوە
گوڵان سەرکێشان نەتۆی سەحراوە
هەوای دڵگوشاد ئەرد بەهەشتەن
فەڕ وەڕووی سەحرای گەرمەسێر وەشتەن
وادەی بادەی ناب سەیر وەهارەن
سەر زەمین مەزهەر لقای دڵدارەن
زەمزەمەی مەزاق دڵ ئەفگارانەن
سەدای تەپڵ تیپ دەردەدارانەن
وەقت نوشانوش سەبوی قەرقەفەن
دەنگ زەلەی زیل دائرە و دەفەن
درەختەن، سەوزەن، شنۆی شەتاوەن
نەورۆزەن سوزەن هەوای پای کاوەن
مەیەن، مەعشوقەن، موحبەتەن مەیلەن
خەمان لەبڕیزەن، پیاڵان کەیلەن
شەرەن شورشەن غەوغان غریوەن
مەر جلوەی جەمال دلان فریوەن
نە گشت دیارێ تەجەلای توورەن
فیتنەی گیرودار قەتڵ مەنسوورەن[1]
-فنا في الله- هان مەست دلەفگا
بێ باک مەواچان (أني أنا الله)
ڕەندان سەرمەست جان فیدای جانان
(أنا الحق) چون زکر زاهید مەوانان
بوتا بگیرین خسرەوی بەزمێ
چەنی هەستییە بکەرین ڕەزمێ
بەزمی چون مەجلس بەهمەن وەکام بۆ
گاه حەدیس جەم، گاه باسی جام بۆ
گاگوش نە سەدای چەقانە و چەنگ بۆ
چەم نە تەماشای ساقی گوڵڕەنگ بۆ
ئەی ساقی دەخیل من وەی زامەوە

التفاتی کەر بو وەلامەوە
عیلاجی پیم دەر سوودمەندم بو
باعث حەیات قەیدبەندم بو
ڕستگارم کە لەی بەند و دامە
قەدەم ڕەنجان کەر وەعدەم تەمامە
تەشریف باوەرە وەو سەبووتەوە
وەو پیاڵەی گوڵڕەنگ چون یاقووتەوە
وەو سینەی سیمین زەرف زڕەوە
وەو جام گوڵ فام بۆی عەنبەرەوە
هەر کەس بگیلو جامی پەی کامی
دەرمان پەی ئیش هەر دەرد و زامی
موتریب تۆیش وە چنگ دڵنەوازەوە
وەو سوز سەمتوور سەدای سازەوە
وەو موزیقەی مەشق سەد قانوونەوە
دەم وە سەدای ساز ئەرغەنوونەوە
مەرباچان (مەلا)یش نەهەستی هویش ڕەست
بی وەکاسەلێس مەستان ئەلەست
مەیلێ کە بەناز بەسبووتەوە
بەو دەمی گوڵڕەنگ وەک یاقووتەوە

....

(١)مەبەست لە شەهید کردنی (مەنسووی حەللاج)ە.

***

بەهار

ساقی سادەی وا بەهار هاتەوە
گوڵ سەریان کێشا لە بساتەوە[1]
لیقای دڵگوشای ئوردی بەهەشتە
تەجەللای جەلای دڵ جەلای گەشتە
شەونم خشڵی کرد بەسەر سونبوڵدا
بولبول بانگی دا بەگوێچکەی گوڵدا

وادەی بادەی ناب سەیری بەهارە
چیمەن فەرشی سەوز بەر پێی دڵدارە
دەمی نوشانوش شنەی قەرقەفە
فەسڵی زڕەی زیل دائرە و دەفە
زەمزەمەی جۆشی دڵ ئەفگارانە
دەنگی تەپڵی تیپ دەردەدارانە
شۆڕە، شۆڕشە، داوایە شەڕە
جلوەی جەماڵی دڵفڕێنەرە
گوڵە بولبولە بەهارە سەیرە
لە گوڵشەن دەنگی (صباح الخیر)ە
مەیە، مەعشووقە، نیگایە، مەیلە
مەستی چاوی مەست پیاڵەی کەیلە
درەختان سەوز و شنۆی شەتاوان
نەورۆزە، سۆزە، هەوای پای کاوان
لەهەر وادیە تەجەللای (طور)ە
فیتنە، گیرودار، داری (منصور)ە
(فنا في الله)یە، مەستی دڵ ئەکا
بێ پەروا دەڵێن (اني أنا الله)
ڕەندانی سەرمەست جانفدای جانان
وەک زکری دەروێش (انا الحق) واتان
هەی ساقی دەخیل من بەم زامەوە
دامانگیرتم بێ بەلامەوە
جامێکم بەرێ بۆم سوودمەند بێ
مایەی ڕەهاییم لە قەید و بەند بێ
مەیلێ کە، بۆ ناز بەسبووتەوە
بەو دەمی گوڵڕەنگ وەک یاقووتەوە
بەو سینەی سیمین زەرفی زەردەوە
بەو بادەی گوڵناب بۆن عەنبەرەوە
موتریب تۆش بەو چەنگ دڵخوازەوە

بەو سۆزی سەمتوور سەدای سازەوە
بەو موسیقەی مەشق سەد قانوونەوە
بەو نەوای پڕ عەشق ساز ئەرغوونەوە
بەزمی وەک عەیشی بەهمەن بەکام بێ
گاه حەدیسی عەشق، گاه بەحسی جام بێ
گاه مەجلیس مەخموور، دیدەی ساقی بێ
گاه مەست و مەدهۆش بادەی باقی بێ
هەر کەس وەرگرێ جامێ بۆ کامێ
دەرمانی دەرد و مەرهەمی زامێ
ڕێی فەنا و مەستی سەرێکی لێدەین
عار و نامووسی هەستی فڕێدەین
خەڵک با هەر بڵێن (مەلا) چوو لە دەست
بوو بەکاسەلێس مەستانی ئەلەست

(١) بەلای منەوە گەر بینووسیایە – گوڵ سەریان کێشا لە توێی خاکەوە – جوانتر بوو.

***

میرزا یاقووب

نەجمەددین مەلا لە کەشکۆڵی (قزلجی)دا لاپەڕەی ٩٧ نووسیویە: (هاوزەمانن لەگەڵ حاجی قادری کۆیی). لە شیعرێکیا (واتە حاجی) ئەڵێ:

حیکمەت و نەزمی میرزا یەعقووب
وەک فەلاتوونە شیعرەکان وەک

ئەم شیعرەی (میرزا) بریتییە لە سیانزە بەیت، دوو نیوە بەیتمان لەبەر نەمانی بەشێکی لاپەڕەکە دەست نەکەوت. دیارە کە شیعرەکەش (پیرەمێرد) وەری گێڕاوە[١].

دڵ مەستی یار بوو،...
ئەمشەو دڵ مەی نۆش، سەرمەستی یار بوو
بە بادەی گوڵڕەنگ، لێوم سڕ شاد بوو
دەمی دەما دەم، بۆسە و کەنار بوو
دڵ گەیبوە گەنج وەسڵی حەبیبی
گاهێ لە بالا، گاهێ نشیبی!

گا دەستەی زوڵفان سیای چوون عەنبەر
وەک خەرمانەی مانگ لە دەوری ئەختەر
ئەیکرد بەدەستە یار بەدەستی خۆی
ئەیپێچایە زام سارێش ئەبوو بۆی
دولبەر وەک ساقی خۆی مەی دەگێڕا
منی وەک (سەنعان) لە دین وەرگێڕا
ئەو ساقی و ئەو جام ئەو بادەی گوڵنار
ئەدرەوشایەوە، عەکسی...(٢)
ناگا، نەردی بەد، خاڵ حاڵی هێنا
بەیانیی کزەی شەماڵی هێنا
گوێم لێ بوو دەنگی سۆفی دەریا دڵ
بانگی کرد هەڵسە بنووسە بەدڵ
هەڵسام بەدڵەی لەتوپەتەوە
زوبان بەکفر و...(٣)
نە، مەی، نە مەینۆش، نە مەی پەرست بوو
شیشەی دڵ بەدەست دلبەر لەت لەت بوو
ڕاپەڕیم لەخەو سەرسام و مەدهۆش
نە لەیل، نە ساقی، نە سۆفی نە جۆش
منیش لە زێد(٤) و وەتەن ئاوارە
وەک ئاسکەی تەنیا کەوتمە هەزارە

....

(١) دەقی هەورامی ئەم شیعرەمان دەست نەکەوت

(٢، ٣) ئەم شوێنانە لە دەستنووسەکەی نەجمەددین مەلادا نەمابوون.

(٤) زێد: نیشتمان، شوێنی لە دایک بوون.

***

شیعرێکی خانای قوبادی

لە کەشکۆڵی (نەجمەددین مەلا)دا کە بۆ (حەمە صاڵح ئاغای قزلجی)، نووسیوە لە لاپەڕە ٩٦دا شیعرێکی (خانای قوبادی) نووسراوە، دیارە ئەویش لەگەڵ شیعرەکانی هاوشانی خۆیدا پیرەمێرد وەری گێڕاون و نەجمەددین مەلا لە ڕۆژنامەکانی (ژیان)ی وەرگرتوون، یاخود لە هەندێ دەستنووسی پیرەمێردەوە. هەروەها ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٤٠ی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی

کوردی مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغیدا تۆمار کراوە. وە لە پەروێزدا نووسراوە: ئەم پارچە لە (نووسراوی پەرێشان) وەرگیراوە و دەسکاری شێوە هەورامییەکەی ئاشکرایە».

زلێخای سانی،...
زلێخانی میسری دەوری جوانی
ڕیشووی پێی سەربەست دەوری پێشانی
ڕیزی بەست وێنەی سوپای ئێرانی
برۆ شێوەی قەوس ئوستادی مانی
پەڕیوەتە سەر دیدەی قەترانی
برژانگ وەک تیری چەرکەس کەمانی
پەڕەی جەگ سمی، لاهووت مەکانی
عەین عەینی وەک عەین، شابازی لانی
بە نێچیر ئەگرێ شەهلای شیروانی
ئەنف ئەلف نەقش ئوستادی مانی
عارەقی ڕەونەق عەتری ڕێحانی
دەم قەترەی نمای مای زیندەگانی
گیان ئەدا بەسەد سەدساڵەی فانی
لێو لەعلی یەمەن بەدەخشی کانی
وەک یاقیق لە دەور دانەی ڕوممانی
گەردن وەک بلوور بادەی کەیانی
بە جووتە سێوەی باغی جینانی
همێلای ساحیر بابلستانی
خانات خستە دووی شێخی سەنعانی

***

کەهانەت

لەبەشی شیعری (ئاینی) پیرەمێردا ئەم شیعری (کەهانەت)ەمان لەیاد چووبوو. لێرەدا دەینووسینەوە. ئینجا پەیوەندی بابەت و ناوەڕۆکی ئەم شیعرە و شیعرەکەی (عێل بەگی جاف) و بیروڕاکانی مامۆستا محەممەد ڕەسول هاوار کە لە لاپەڕە ٢٥٦ی دیوانی پیرەمێردی نەمردا نووسیویە، وە باری سەرنج و تێبینی خۆمان، دەربارەی، لە پێشەکی ئەم دیوانەدا لە بەشی پیرەمێرد و شیعردا دەنووسین. ئەمەش دەقی شیعرەکەی پیرەمێرد کە تارمایی شیعری (هەروا

بووە و هەروا دەبێ)ی (عێل بەگی جاف)ی پێوە دیارە.

هەرچی پێغەمبەر خەبەری داوە
لە باسی کاری دنیا و عوقباوە
فەرمووی نیشانەی تێکچوونی جیهان
بێ باوەڕییە و زەعیفی ئیمان
زۆر کەم ئەمێنێ نوێژ و جەماعەت
لە ئەمانەتیش ئەکەن خیانەت
عزەت ئەچێتە لای پیاوی زاڵم
قەدر و ئیمانی نامێنێ عالم
برەو ئەستێنێ شەراب و قومار
ماڵ گران ئەبێ لە شار و بازاڕ
کوشتن و دزی و تالانی و درۆ
فەقیر و هەژار دەخاتە ڕۆ ڕۆ
دەوڵەمەند زەکات نادەن بەئیحسان
ڕاستی نامێنێ زۆر ئەبێ بوختان
گۆرانی سووک و قسەی ناڕەوا
پەسەندتر ئەبێ لە زیکری خوا
پیاو بەئەمری ژن ئەچێت بەڕێوە
لە مەجلیسدا نان ئەخۆن بەپێوە
پیاو دائەنیشێ و ژنان ئەگەڕێن
شەرم نامێنێ ژن و پیاو هاوڕێن
دایک و باب قەدریان لای کوڕ نامێنێ
کەس لە مەکتەبدا قورئان ناخوێنێ
پیت و بەرەکەت ئەڕوا لە ئەرزی
کوڕ و کچ پێک دێن لە ڕووی بێ عەرزی
ئەمە نیشانەی ئاخر زەمانە
وادەی دەجال و فیتنەی شەیتانە
لە تەم و دووکەڵ دنیا پڕ ئەبێ
لە سێ جێگادا زەوی ڕۆ ئەچێ

کەس گوێ لە ئەمری چاکە ناگرێ
لە نەهی عالەم، نەهی ئەکرێ
ڕەحم و بەزەیی لای کەس نامێنێ
هەر کەسە بەشی خۆی ئەفڕێنێ

***

دیسان - مەولەوی و چەند شیعرێک

نامەیەک و شیعرێک:

پیرەمێرد لە ساڵی ١٩٤٩دا[١] بەسەرهاتێکی مەولەوی و نامەیەکی تۆمار دەکات، نامە و شیعرەکە بەفارسییە و پیرەمێرد وەری گێڕاوە و نووسیویە «داخەکەم ئەم کاغەزەیش فارسییە، هێشتا ئەوسایە مەولەوی نەکەوتۆتە کوردی نووسین، ناچار!، ئەبێ وەک ئاسارەکانی تری ئەمەیش بکەین بەکوردی»[٢].

لێرەدا پیرەمێرد زانیارییەکی نوێ و خاڵێکی گرنگمان بۆ تۆمار دەکات کە مەولەوی لە سەرەتای تەمەنی ئەدەبی خۆیدا بەفارسی نووسیویە. «نامە فارسییەکانی لە یادی مەردانی مامۆستا (عەبدولکەریمی مدەڕس)دا زۆربەی بڵاوکراوەتەوە»[٣]. پیرەمێرد نامە شیعریەکەمان بەم جۆرە بۆ وەردەگێڕێتە سەر شێوەی سلێمانی:

مەولەوی

کاغەزێکی زۆر خۆش و سەیری مەولەوییە، کە لەوبەری (زەهاو)ەوە ئەگوێزرێتەوە دەوری هەڵەبجە، ئەوسایە شێخ عەلی ئەبابەیلێ قائمقامی هەڵەبجە ئەبێ، دەوروپشتی ساڵی ١٢٧٤-١٢٧٥ دوای ئەوە کە محەممەد بەگی کەیخوسرەو بەگ یەعنی (حەمە پاشای باوکی مەحموود پاشا)و ئەوانی تر ئەکەن بەقائمقام، خۆی سەرئێڵی بەجێ نایەڵێ وەسمانی خانە ئەکا بەکاربەدەست. وابزانم ئەم وەسمانی خانەیە یا برا یا باوکی دایکە پیرۆزەیە، شاوەیس برای بووە، کە مادەی عەزیزی شاوەیس و کوژرانی حەمە پاشا، تەئریخییە، ئەو عوسمانی خانەیە گەلێ بەدکردار و ناهەمواری بۆ خوێشانی مەولەوی ئەبێ. ئنجا مەولەوی و مەحموود پاشا ئەناسێ و مەحموود پاشایش دیارە چەند مەولەوی خۆش ویستووە، کاغەزێکی بۆ مەحموود پاشا نووسیوە دوو فەسڵە، یەکێکیان بەشیعرە کە ماجەرای ڕەزالەت و قرپ و جرپی عوسمانی خاڵە و شاوەیسی برای پەت و گوریس و جل و هۆڕ و هەمانە کۆکردنەوە و موڵکی خەڵکی داگیرکردنی ئەحمەدی کامەران و ڕەسوول و خلەماڵی تیا نووسیوە. فەسڵی دووەمیان (نثر و نظم)ە و نکتە و جناس و حکمت و فەلسەفەیە. داخەکەم ئەو کاغەزەیش فارسییە، هێشتا ئەوسایە مەولەوی نەکەوتۆتە کوردی نووسین، ناچار، ئەبێ وەک ئاسارەکانی تری ئەمیش بکەین بەکوردی:

موهاجیر بووین کە هاتین، خواستی خوا بوو
(عەلی)(٤)مان دی، خەلافەت بەو درابوو
لە تەئسیری (محەممەد)(٥)، میری گەورە
خەلافەت گەیییە، سەر (عوسمان)(٦) بەدەورە
دڵی ساداتی ئێمەی، هێندە ڕەنجاند
بەهەشتی سەر زەمینمان بوو بەزیندان
بە جارێ پێکوڕەی خۆی خستە سەرکار
هەراجی خستە ناو، وەک قاڕی بازاڕ
هەمیشی کەوتە دەس شاوەیسی خانە
گوریس و پەت، جل و هۆڕ و هەمانە
موانە و چەورە سانە و بزنە دووخە
لەگەڵ سوورانە، خەرجی مەردە لەوخە
هەمووی تەسلیمی ئەحمەد کامەران بوو
خلەماڵی ڕەسوولیش ئاشەوان بوو
لەهەر شوێنێ بەراوێکیان ئەبینی
ئەیانگوت موڵکی باوکمانە یەقینی
بە ئیرس هی ئێمەیە ئەم شوێن هەوارە
مەڕی تیا سەربڕیوە خوێنی دیارە
کە باوکم، گای زیانی لێرەدا کوشت
لەسەر ئەم جۆگە، دایکم، ورگەکەی شوشت
نیشانمان وابێ، دایکم، ورگی تەر کرد
گەماڵە بازکیش ڕیخۆڵەکەی برد
غەریب و بێکەس و داماو لە ناوا
هەموو ڕەنج و هیوامان چوو بەئاوا
لە خوا پاڕاینەوە، کاتی دوعا بوو
دوعامان لای خودا، گیرا بوو چا بوو
ئیتر بەگزادە، نانوێنن لە لای ئەو
ستەمگەر ڕۆژی تاریک بوو وەکو شەو
ئەمە سەرپوتی ئەوزاعی غەریبیی
وەتەن ئاوارەی دەردی بێ نسیبی

ئەمە (مەعدوومی)یە عینوانی ئەسڵی
بە بەدبەختی هەمیشە دوور لە وەسڵی

....

(١) بڕوانە ژین ژمارە ٩٥٥ شوباتی ١٩٤٩ .
(٢) هەمان سەرچاوە.
(٣) بڕوانە یادی مەردان مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس.
(٦) مەبەست لە (شێخ عەلی ئەبابەیلێ)یە.
(٥) محەممەد: مەبەست لە حەمە پاشای جافە. محەممەد بەگی کەیخوسرەو بەگ.
(٤) عوسمان: وەسمانی خانە.

***

هاوین، ها وێنەم

مەولەوی لەم شیعرەیدا پەیوەندییەکی جوانی گەرمی و گڕەی هاوین و گڕە و سووتانی دڵ و دەروونی خۆی پێک دەهێنێ، ئەم شیعرە کار دەکاتە سەر پیرەمێرد و ئەیگۆڕێتە سەر شێوەی سلێمانی:

مەولەوی:

ها من، ها من وار، گەرمیش جۆش ئاوەرد(١)
فەزای نەزم، بەزم، نەو گوڵاڵان بەرد
بووڵ وە یانەی جەم، نەو گوڵاڵان شەند
چەمەن بێ نەوای ناڵەی بولبول مەند
تای بەڕەزای شەنگ نەسای مەغاران
شێویا چون زولف تەعزیەداران
ها، کاوان، کاوان دڵ چون دڵڕێشان
هەردان وە سەردا هەردان پەیوێشان
دووریت ئایر وست وەیانەکەی من
یانێ یانەی دڵ وێرانەکەی من
هەوا ئایرین، سەر وەخت ئایرین
دڵە ئایرین، بەدبەخت ئایرین
وەی گشت ئایرەوە خەیاڵم خامەن
بەختم ناپوختەن فامم نەفامەن
وەی بڵێسەوە گەردێم باقیەن
وادەی ئایرین بادەی ساقیەن

بەشق پیالەی مەست چاوەکەت
بەو پەشێویی چین پای کلاوەکەت
با بەی مەی بەڵکم ئایر مەستی
سۆ چنۆ یەکسەر خاشاک هەستی

(١) دیوانی مەولەوی – مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس. ل ٥٢٢ .

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

هاوین، ها وێنەم، گەرمای تاوی سەند
نەشئەی جوانی لە دەست بەهار سەند
ژیلەمۆی خستە، سەر، سەرخونچەی گوڵ
چەمەن بێ نەوا، لە نەوای بولبول
بای بەڕەزای شەنگ لە سای مغاران
شێواوە وەک زولف تازیەداران
ئاسۆ کەساسە و سەری سوڕماوە
بەشینی سەوزەی قوڕی پێواوە
دووریش ئاگری بەردایەماڵم
ماڵی دڵەکەی وێرانە ماڵم
هەوا ئاگرین، سەروەخت ئاگرین
دڵ و بەختی سەخت، تێکڕا ئەگرین
بەو گشت گڕەوە، وجوودم خامە
بەختم نابەختە فامم نەفامە
لە کورەی گڕدا گەردم باقییە
وادەی ئاگرین بادەی ساقییە
بە عەشقی پیالەی مەستی چاوەکەت
بەو پەشێوی چین بەر کلاوەکەت
با، بێ، مەی بەڵکم ئاگری مەستیی
ئاگر بەرداتە خاشاکی هەستیی

***

ئارایشێکی بەڕووی جەبین دا[١]

ئارایشێکی بەڕووی جەبین دا
شەرمی بەمانگی دوو هەفتەمین دا
ئەگریجەی کۆرپەی، پەڕی تاوس تار
کەلافەی سەوزی وەک بەندی زننار
کە بای باوەشێن شنۆی بۆ دەبرد
لە خۆشیانا هەڵپەڕکێی ئەکرد
بەلەنجە ئەکەوت بەڕووی قەمەردا
گاه، ڕوو لە میحراب، گاه لە حەجەردا
ڕوومەت، گاه پەنهان، گاهێ ئەدرەوشی
گاه گیان ئەسێنێ، گاهێ ئەیبەخشی
لەژێر میحرابدا دڵەی پڕ لە دەرد
بەو زەننارەوە، تەوافی ئەکرد
هەر ئەو عەشقە بوو لە مەجازەوە
خستمیە پەنای بێ نیازەوە
چەن خۆشە ئینسان وا بێ نیاز بێ
لە قەید و بەندی چەرخ سەرفراز بێ
ئەو دڵەی کەوا نووری خوای تیا بێ
بە گەرد و باوی دەوران لێڵ نابێ

(١) پیرەمێرد نووسیویە (نازانم ئەم شیعرە هی کێیە) بڕوانە ژین ژمارە ٨٥٠ ساڵی ١٩٤٦، بەڵام ئێمە دۆزیمانەوە، شیعری (عەبدوڵڵا بەگی سمایل بەگی زەنگەنە)یە.

دەقی شیعرەکەی (عەبدوڵڵا بەگی سمایل بەگ) بەشێوەی زەنگەنە.
«شیرین ئارایش صفحەی جەبین دا
خەجلەت وەڕوی ماه دوو هەفتەمین دا
کورپە ئەگریجان تووک طاوس تار
سەوزە کلافان چون ڕستەی زەننار
چون ڕەقاص وە سۆز صەدای سەنج ساز
وەبای باوەشین ماماوە پەرواز

مەشنیا وەبان قورسی قەمەردا
گا وە ڕووی محراب گا وە حەجەردا
گا پەنهان نە برج گا مەدرەخشاوە
گا حەیات مە سەند گا مە بەخشاوە
هەر لابی سەدجار دڵەی پڕ جە دەرد
بەو زەننارەوە تەوافش مەکەرد

ئارەق وەک شەونم

پیرەمێرد لە ژمارە ٧٧٥ی ساڵی ١٩٤٥ی ڕۆژنامەکەیدا، پێشەکییەکی کورتی بۆ ئەم شیعرە نووسیوە و بەشیعری (شێخ مستەفا) تێگەییوە، وە نەینووسیوە ئەو شێخ مستەفایە کێیە و نازناوی چییە؟! چونکە ئەو سەرچاوەیەی لێی وەرگرتووە تەنها ئەوەندەی وتووە کە شیعری شێخ مستەفایە. ئێمە کاتێ بەدیوانی مەولەوی (مەلا عەبدولکەریمی مدەڕس)دا گەڕاین لە لاپەڕە ١١ دا دەقی هەورامی ئەو شیعرەمان دۆزییەوە کە لە ناوەڕاستی شیعرێکی (مەولەوی) دایە و سەرەتای شیعرەکە دەڵێت.

«ئەم جار سەخت تەرەن زامم جە جاران»
چڵ مدۆ دایم چون گەستەی ماران»
...هتد ل٩

هەروەها ئەم شیعرە بەشێوەکەی خۆی لە بەرگی ٢٦ی گۆڤاری دەنگی گێتی تازەدا لاپەڕەی ٤٤٧ دا مامۆستا (گیوی موکریانی) بڵاوی کردۆتەوە، وە پێشەکییەکی کورتی بۆ نووسیوە، بەڵام لەبەر ئەوەی مامۆستا گیو هەورامی نەزانیوە شیعرەکە زۆر هەڵەی تێکەوتووە بەم پێیە ئێمە سێ دەقمان لەبەردەستدایە، دوو دەقی هەورامییەکە و دەقێکی وەرگێڕاوی پیرەمێرد. لێرەدا دەقی شیعرەکە وەک لە دیوانی مەولەوی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمدا نووسراوە، دەنووسینەوە و وەرگێڕانەکەی پیرەمێردیش دوا بەدوای دەنووسین.

عەرەق چون شەونم، نیشتەن نە ڕووی گوڵ
تەڕ کەردەن تاتای توغراکەی سونبوڵ
جە قازان خەم دڵ کەردەن وە ئاو
وە درۆ ماچۆ مەگێڕو و گولاو
ئازیزم گولاو بۆی خۆی کولم تۆن
ئەر بۆی تۆ نەبۆ، بۆی گولاو جە کۆن؟!
زەڕەی بۆی زوڵفت کەفتەن نە بەرزان
بۆی گوڵان کەردەن جە بەرزان هەرزان

ئازیز وە مەرگت گەر ئینسافت بۆ
هەنی کافییەن بۆی زوڵفت پەی تۆ
ئیتر چ حاجەت وێت مەدەی عازاو
قەبووڵ کەری جەور مەگێڕی گولاو؟!

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد و پێشەکییەکەی، کە بەهۆی دەستنووسەکەی ناو کەشکۆڵی مەحموود پاشا وە، بەهەڵە بەشیعری شێخ مستەفا زانراوە!!.

«شاعیرێکمان بووە، شێخ مستەفا، کە مەحموود پاشا لە ئەستەموڵ دیوانەکەی ئەوی لە (موحسینی کوڕەزای شێخ قادر) دەست کەوتووە؟! لە کەناری کەشکۆڵەکەی، نووسیویەتییەوە! ئەمە، غەزەلێکیەتی» :

ئارەق وەک شەونم، نیشتۆتە ڕووی گوڵ
نمی کێشاوە، تای تورەی سونبوڵ
ئازیز، گولاو خۆی، بۆی کولمی تۆیە
ئەگینە بۆنی خۆشی لە کوێیە
تایەکی زوڵفت کەوتووەتە بەرزان
بۆنی گولاوی پێ بووە هەرزان
ئازیز بەمەرگت خۆت بۆنت خۆشە
بۆنخۆشی گوڵان لە لای تۆ بۆشە
چە ئیحتیاجت بەبۆی گولاوە
بۆنی تۆ لە ڕووی جیهاندا باوە

دیسان پیرەمێرد و دوو بەیتی بێسارانی لە شیعرێکی (مەولەوی)دا

مەولەوی لەو شیعرەدا کە باسی پیریی و دڵگیری خۆی دەکات[١] لە کۆتایی شیعرەکەی خۆیدا دەیکات بەیەک، وە پێش سێ بەیتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بێسارانی (ماوا - مەئوا) ئەمەی وتووە:

پیرەمێرد وەری گێڕاوەتە سەر شێوەی سلێمانی:

نەوات وێرانەی دڵ کەرۆ ئاوا
چەنی بەستەی فەرد، بێساران (ماوا)
«ئەمما گشت جە وەخت نادانیم بییەن
فەسڵ مەستیی و عەیش جوانیم بییەن

ئیسە، ها جە گشت پەشیمانیم بەرد
فەسڵ پیریمەن جوانیم ویەرد
وادەی پیریمەن یاوانم نۆبە
تۆبە مەن تۆبە، کەرەمدار تۆبە»(٢)
هەر چیم کرد کردەی نەو جوانیم بوو
دەمی سەرمەستی و ڕووی نادانیم بوو
ئێستا وا پیربووم کەوتوومە تۆبە
تۆبە، تۆبەمە، لێ بووردوو تۆبە

(١) دیوانی مەولەوی – مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ل ١٠٨ .
(٢) دیوانی بێسارانی – عوسمان هەورامی – دەسنووس.

***

پیرەمێرد و شیعرێک لە بارەی (حەج)ەوە

ئەم شیعرە لە لاپەڕە ٢٣٠ی کەشکۆڵی (قزلجی) نەجمەددین مەلادا نووسرابوو. لە دیوانی پیرەمێردی مامۆستا هاواردا بڵاو نەکراوەتەوە. شیعرەکە مانایەکی بەرزی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی هەیە، کە هەر چەند پیرەمێرد خۆی حاجی بووە و لە تەمەنی لاوێتیشدا حەجی کردووە، بەڵام لە پاش بەساڵا چوون و تاقی کردنەوەی ژیان و باری کۆمەڵایەتی نەتەوەکەی بەم جۆرە لەو مەسەلەیە گەیشتووە، کە دەنووسێت:

ئەلفی مرادت، فڕێ دا، مردی
شوێن مراد کەوتی، بۆ (درەم) مردی(١)
ڕۆژوو و نومازت کە بۆ نیاز بێ
وەک عاشقێکی کە پیشەی گاز بێ
نوێژی زۆر پیشەی پیرێژنانە
ڕۆژوویش ئەسڵەکەی بۆ ڕەمەزانە
کابە بناغەی برایمی خەلیلە
دڵ نەزەرگاهی ڕەبی جەلیلە
سیاحەتی حەج سەیری جیهانە
ئەوی بەکار بێ بەخشینی نانە
دڵ دەشکێنی و دەچی بۆ کابە
مەچۆ، مەزاڵم، لەسەر خۆت لابە

من زیارەتی کابەم کرد بەڵام
زیارەتی دڵ پێشترە لەلام
لە دەشتی (مینا) قوربانی دەکەی
بۆ گورگ و چەقەڵ دیاری دەبەی
لێرە سەری بڕە و بیدە بە برسی
دەبێت بەقەڵای (آیة الكرسي)
دەزانی کەوا دنیا فانییە
وای دەگری تا سەر زیندەگانییە
ئەگەر تۆ تا سەر هەر بژیایتایە
ئەشیا بۆ دوای تۆ جێگا نەمایە
وەک پێش تۆ جێگای خۆی دابوو بەتۆ
تۆش جێی خۆت بدە بەیەکێ و بڕۆ
ئەگەر پێ داگری بڵێی من ناڕۆم
تۆش وەک یارۆکان ئەهاونە بن گۆم
کە لەسەر پشتی ماسی دانرێ
تڕە کەڵەکێ دیارە سەرناگرێ

(١) درەم: درهەم – پارە.

***

لە دەرگای ڕەحمەت

پیرەمێرد ئەم شیعرە ئاینیەی خۆی لە ژمارە ٨٣٩ی ساڵی ١٩٤٦ی ڕۆژنامەکەیدا بڵاو کردۆتەوە. بەڵام بەداخەوە شیعرەکە لە ڕووی کێشەوە ناتەواوە، یاخود، تێکچووە، کێشەکان لە نێوان ١٠، ١١، ١٢دا یاری دەکەن، نازانم پیرەمێرد چۆن هەستی بەمە نەکردووە؟! لەوەش ناچێ لە چاپی ڕۆژنامەکەدا تێکچووبێت، چونکە زیاتر لە جار و دووجار ئەو ناتەواویانە دووبارە بۆتەوە. ئێمە شیعرەکە دەنووسین و بەرانبەر هەر دێڕە شیعرێک کێشەکەی بەبڕگەی خۆمان دیاری دەکەین.

لە دەرگای ڕەحمەت ڕێگایە دەرخە: ١٠ بڕگە
لە ڕێی داماویا ئەم پیرە سەرخە: ١٠ بڕگە
لە تۆوە هەرچی دەستی کەوت نیگاهی: ١٢ بڕگە
سەفای هەردوو جیهان ناکرێ بەکاهی: ١٢بڕگە

له هەوری ڕەحمەت باران بەجاریٚ: ١٠ بڕگە
بەسەر ڕۆحی عەزیزانا بباریٚ: ١١ بڕگە
تنۆکی دوای ئەوان بۆ من دەوایە: ١١ بڕگە
ئەگینا کەوتەم و کارم لە دوایە: ١١ بڕگە
ئەزانم چاکەیەکم نەبووە بۆ خۆم: ١١ بڕگە
بەڵام وا ئوممەتی پێغەمبەری تۆم: ١١ بڕگە
لە کردەوەی خۆم خەجاڵەت هات بەسەرما: ١٢ بڕگە
نە ڕێی عوزر و نە ڕووی پاڕانەوەم ما: ١١ بڕگە
ئەمەندە شەرمەزارم من لەم و لەم: ١١ بڕگە
کە کەس نەمبینیٚ بمنێرە جەهەننەم: ١١ بڕگە
بەڵام تۆ خۆت کە بمبەخشی بەبیٚ پرس: ١٢بڕگە
بەوە ڕزگار ئەبم لەلام نامێنیٚ ترس: ١٢ بڕگە
لە لایەکیشەوە کردوومە بڕوا: ١١ بڕگە
کە مەئیوس نییە بۆ ڕەحمەتی خوا: ١٠بڕگە
ئەمەم بۆ مایەوە ئومێدەوارم: ١١ بڕگە
کە خۆت فەرمووتە من ئومورنەگارم: ١١ بڕگە

***

قیبلەم نەکێشیٚ

پیرەمێرد ئەم شیعرەی لەساڵی ١٩٤٤[١]دا وەرگێڕاوە وە ناوی بێسارانی لەسەر شیعرەکە داناوە. ئێمە دەقی شیعرەکەمان لە کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردییەوە[٢] دەستکەوت. هەندیٚ جیاوازی لەنێوان دەقەکە و وەرگێڕانەکەدا هەیە. مامۆستا محەممەد علی قەرەداغی لە کەشکۆڵەکەیدا بەشیعری (مەلا میکایل) یاخود (پیر میکایل)ی داناوە. هەروەها دەستنیشانی ئەوەی کردووە کە لە تەنیشت ئەم شیعرەوە لە کەشکۆڵەکەی (مەلا عەزیزی ڕێشاوی)دا بەخەتێکی تازە نووسراوە بێسارانی لە دیوانی (بێسارانی) مامۆستا عوسمان هەورامیدا لە ڕیزی شیعرەکانی (بێسارانی)دا نووسراوە[٣].

قیبلەم نەکێشۆ،...
سەریٚ کە سەودای خاڵت نەکێشۆ

خاطریٚ بەغەم تۆ نەیەندێشۆ
بە زام ناواک صوب سەحەر ئێشۆ
سەریٚ وەلای تۆ سەر نەدو شەوان
پاییٚ کە نەدیۆ وەلات وە دەوان
ئەو پاسەر سەرنگوون کڵکۆی تازە بو
ئەو پاگەستەی مار بیٚ ئیجازە بو
دەستێو نە کەرۆ سەیران باخت
نەکەرۆ خذمەت بەرزیی دەماخت
ئەو دەستە بەستەی جەللاد گەور بۆ
هەر ڕۆ جە نۆوە سزاش بەی تەور بۆ
دێدێو نەوینۆ هەر سەحەر ڕەنگت
زبانیۆ نەبۆ شەو بەهامدەنگت
ئەو دیدە ئەسرش بیٚ مدارا بۆ
ئەو زوبان بەسەنگ سیای سارا بۆ
قیبلەم دووری تۆ یەکجار منش کوشت
بیللا بەیتەور بو بێزارم جە گشت

....

(١) بڕوانە ژین ژمارە ٧٤٠ ساڵی ١٩٤٤.
(٢) کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، محەممەد عەلی قەرەداغی، بەرگی دووەم، لاپەڕە ٢٢٥، ٢٣٤، ٢٣٥.
(٣) دیوانی بێسارانی – عوسمان هەورامی. دەسنووس.

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

قیبلەم نەکێشیٚ،...
سەریٚ کە سەودای خاڵت نەکێشی
دڵیٚ بۆ مەیلت پیٚ ڕانەکێشیٚ
هەردووکیان بەدەرد کتوپڕ بێشیٚ
سەریٚ کە سەرت لیٚ نەدا بەشەو
پێیە لە ڕێتا نەکەوێتە ڕەو
سەر سەرەنگرێی قوللەی خراپ بیٚ
پیٚ بەندی ژاری کوڵەوەیباب بیٚ

دەستێ دەست نەگرێ بەسنگەوە بۆت
لووتێ کە دایم پڕ نەبێ لە (بۆ)[1] ت
ئەو دەستە بەستەی ئێشی شکاو بێ
ئەو لووتە بەتیغ قەزابڕاو بێ

---

(١) بۆ: بۆن. بۆت: بۆنت.

***

لە نێوان ئەحمەد بەگی کۆماسی و مەولەوی-دا

ئەحمەد بەگی کۆماسی ئەم شیعرە بۆ مەولەوی دەنووسێت:

ئەگەر بۆ سۆبێ بە مەلالەوە
بگاتە لای تۆ بە شەماڵەوە
ئەوە بۆکڕوزی سووتووی جەرگمە
(مەعدووم)[1] مەعلوومە وادەی مەرگمە

---

(١) مەعدووم: نازناوی شیعری مەولەوییە.

مەولەوی وەڵامی ئەداتەوە:

ئارەزووی مەرگی خۆتت کردووە(*)
گوایە ڕسکاریت وا دەربردووە
وەک من سەرسەختی وەک من ئەخوێنی
بۆسۆیشت لێ بێ هێشتا ئەمێنی

---

* پیرەمێرد ئەم شیعرانەی وەرگێڕاوە.

***

دوو پارچە شیعری (فخرالعلمای کوردستانی) و (مەجذووب) کە پیرەمێرد وەری گێڕاوە. پارچە شیعری یەکەم، تەنها بەیتی یەکەمی نەبێت کە دەقی وەرگێڕانی بەیتێکی شیعرەکەی (فخرالعلما)یە، ئیتر بەیتەکانی دوایی زۆر لە دەقەکە دوورە.

«تا، برۆ و زوڵفی تۆ تەماشامە
میقاتی نوێژی سوبح و عیشامە
بەسە ئارایش دیدەکەی مەستت
دڵ هەریەکێ بوو وا کەوتە دەستت

بەهەر گەردشێ ئاشووبی دەکەی
ئیتر هیچی تر نەما کە بیبەی
دڵ شەو لە زوڵفی شەوەزەنگتدا
سوێندی خوارد دڵی بەهیچ کەس نەدا
بەیانی ڕۆژی ڕوخسار دای دیار
کلام اللیل یمحوه النهار»

***

شیعرەکانی مەجذووب

ئەگەر ئەپرسی جەستەی من چۆنە
دەردم گرانە حاڵم زەبوونە
تا جەلای جەبهەی یار بەرکەماڵە
حەیاتی مەجنوون ڕوو لە زەواڵە
تا دڵ گرفتار مەیلی حەبیبە
من مەرگم میوان دەردم نسیبە

***

میرزام قەڵای خاو

یەکێک لەو بەندە مێژوویییانەی لایەنێکی ژیانی نەتەوەی کورد و بەسەرهاتێکی گرنگی بەنەمری هێشتۆتەوە، بەندی (میرزام قەڵای خاو)ە. ئەم بەندە کە بەشیعر هۆنراوەتەوە، باسی، شوێنەواری یەکێک لە قەڵاکانی (خان ئەحمەد خان) دەکات. وەک چۆن (جەمالەددینی زەنووری) لە بەیتەکەی خۆیدا کە هەر لەم دیوانە نووسیمان، باسی لایەنێکی ژیان و ئازایی خان ئەحمەد خان دەکات. پیرەمێرد گرنگییەکی زۆری بەم جۆرە بەند و بەیت و مێژینانە داوە و بۆ ئەوەی ون نەبن و ژمارەیەکی زیاتری ڕۆشنبیران ئاگاداری بن و سوودی لێ وەرگرن، وەری گێڕاوەتە سەر شێوەی سلێمانی.

سەبارەت بەخاوەنی بەیتی یاخود بەندی (میرزام قەڵای خاو) چەند بیروڕایەک هەیە، ئەویش لەوەوە سەری هەڵداوە کە نازناوی (فەقێ) کە شاعیرەکەیە لە کۆتایی شیعرەکەدا هاتووە، هەندێک بە (فەقێ قادری هەمەوەند)ی دەزانن و هەندێکیش بە (فەقێ ڕەشید) کە بە(فەقێ خەڵووزەیی)یش دەناسرێت.

لەمەڕ ئەم (فەقێ)یە، سێ بیروڕا هەیە کە دەیخەینە پێش چاوی خوێنەران، و ئێمەش بیروڕای خۆمان دیاری دەکەین.

مامۆستا (عەلی باپیر ئاغا) لە کتێبی (شاعیرە ناو ون بووەکانی کورد)دا نووسیویە:

فەقێ خەڵووزەیی

«میرزا ڕەشید خەڵکی دێی خەڵووزەی ناوچەی مەریوانە، بەفەقێ خەڵووزەیی ناوی دەرکردووە. خوێندنی لە لای (مەلا ئەحمەد)ی باوکی (مەلا کاکە حەمەی ناری) تەواو کردووە. لە سەرەتای سەدەی چواردەهەمی کۆچیدا لە دنیا دەرچووە. ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی باسی وێرانەی (خاو ئەکا، کە یەکێک بوو لە قەڵا گرنگەکانی (خان ئەحمەد خان) کوڕی (هەڵۆ خان)، حوکمداری شارەزوور، ئەم قەڵایە لە سنووری پێنجویندا هەڵکەوتووە. ساڵی **١٩٣٧**ی زایینی فەرەج بەگی برای مەحموود خانی کانی سانان گەلێ بەردی نووسراوی لێ دەرهێناوە.

ئەمەش هەڵبەستەکەیە!».

هەروەها لە گۆڤاری بەیانی ژمارە ٧٠ی ساڵی **١٩٨١**دا کاک (جەمال محەممەد) بیست و نۆ بەیتی لە دەقی ئەم بەندە بڵاوکردۆتەوە وە پێشەکییەکی کورتی بۆ نووسیوە کە بەشێکی دووبارەکردنەوەی نووسینەکەی (عەلی باپیر ئاغا)یە، بەبێ ئەوەی دەستنیشانی ناوی بەرێت یاخود دەستنیشانی سەرچاوەکەی بکات!!.

لە ساڵی ١٩٨٠دا تەواوی شیعرەکانی (فەقێ قادری هەمەوەند) لە دیوانێکدا، لەلایەن مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) و (فاتح عەبدولکەریم)دا چاپ و بڵاو کرایەوە. لەلاپەڕە **٧٣٩**ی دیوانەکەدا ئەم بەندە بڵاو کراوەتەوە کە بریتییە لە **٣٥** بەیت وا دیارە تەواوی بەندەکەیە. لە پەراوێزی شیعرەکەدا نووسراوە «دۆستی بەڕێزمان کاک محەممەد عەلی قەرەداغی ئەم پارچە شیعرەی لەبەر دەستنووسێکی خوالێخۆشبوو نەجمەددین مەلا بۆ نووسینەوە کە لەلای کاک محەممەد مستەفا هۆشەنگ حەمە بۆر دیبووی. پاشان لە دەستنووسێکی کەشدا بەکەمێک جیاوازیەوە دیمان درابووە پاڵ (فەقێ خەڵووزی) یا (فەقێ قەڵەوزی) ناوێک. تێکڕا لامان وایە ڕاستە شیعرەکە هی فەقێ قادرە، بەڵام لە ئەم دەست و ئەو دەست کردنا هەندێ گۆڕان بەسەر چەند وشەیەکیدا هاتووە».

بەبڕوای ئێمە ئەم بەندە، شیعری (فەقێ قادری هەمەوەند)ە. بەهۆی نازناوی (فەقێ)کەوە لەگەڵ ناوی (فەقێ خەڵووزەیی) تێکەڵ بووە. شیعرەکان و توانای شاعیریەتی فەقێ قادر گەواهی دەدەن کە ئەم بەندە هی ئەو بێت، بەڵام سەبارەت بە(فەقێ خەڵووزەیی) من هیچ شیعر و بەرهەمێکیم نەدیوە، هەتا شتێکی لەبارەوە بڵێین.

بەندی قەڵای خاو

میرزام قەڵای خاو، میرزام قەڵای خاو
ئارۆشیم وە سەیر بورج قەڵای خاو

دڵ زەدەی هیجران دەروون پڕ زووخاو
کەردم خەیاڵان دنیای ناتەواو
پەرسام جە سەنگێ بورج زەمانە
بێ زەوق و زیننەت مەندەی وێرانە
تۆ وە عیشق حەق گەردوون پەڕ ذات
کێ ڕێژا ڕەنگت؟ کێ نیا بنیات؟!
کوانێ بەگلەران صاحێب سوپا و سان
کێ ئوستاد هاورد تۆش بنچینە نان
کام وەستای نادر نە سەروەختت بی؟!
چەند خان و بەگلەر لەسەر تەختت بی؟!
کوا ڕەفیق ڕاست دیدە قەطرانان؟
کوا سان مەجلیس پیر و جوانان؟
کوا خان و شاهان کەول سمووری؟
کوا قاوە و قلیان چینی و فەغفووری
کوا دار کوا دیوان فەرموودەی خانان؟
کوانێ بزورگان، کوا حوکمڕانان؟
کوانێ دەروێشان بەئەڵڵا ئەڵڵا؟
کوانێ سەیدان، کوا شێخ کوا مەڵڵا؟
کوا تفەنگداران لە بورج قوللە؟
لە دەنگ بارووت، لە شریخەی گوللە؟
کوا خواجە و غوڵام کەمەر زیوینان؟
کوا ترچەداران ماه جەبینان؟
کوا هۆ هۆی مەیدان چابوک سواران؟
کۆ ئەو شادی و زەوق جەبەر قەراران؟
کوا شانشینت ویەردەی زەمانە؟
کوا صاحێب تەخت قەڵای وێرانە؟
قەڵادا جواب قوللەی جاڕووساز
جاگەی تۆبخانە وا مەندەی بێ ناز
وات: پەی چێش پەرسی ئەبلەی دێوانە

ئەحواڵ پەرسی شەرح ویەردەی زەمانە؟
واتش: ئەی هەتیو لێوەی هەرزەی کاڵ
بێ عەقڵ و بێ فام دەروون پڕ زووخاڵ
یەقین تۆ لە خەوف خودا ناترسی
هەواڵ دەوران دنیا مە پرسی
دەوران دنیا پەی کەس نەمەندەن
بنچینەی شاهان نەبێخ هۆرکەندەن
عەرضم هەن خزمەت هەر چیت هەن نیاز
گۆش بدەر وە حەرف قەڵاچەی بێ ناز
ڕاستە من قەدیم جاگەی جانان بیم
شەریک و هەمراز شای کەیانان بیم
هەم سەراپەردەی حەرەمسەرا بیم
هەم شانشینگەی خان و دارا بیم
مەکان و مەئوای میر و سوڵتان بیم
قاپی حکومەت ڕۆم و ئێران بیم
هەم سەیرانگەی خاص پۆڵ ڕەندان بیم
دایم جەولانگای زوڵف کەمەندان بیم
دەستکار وەستای قەدیم ساڵان بیم
تەخت بەگلەران کەمەر لاڵان بیم
شاهان موخلیصان من سازان جەنۆ
نەققاش کاری بی چەند ماهو چەند ڕۆ
بەو شایی و لۆغان پڕ شەوق و زینەت
تا من تەمام کەرد حاکم بەحیکمەت
لە دەنگ تۆپان تەقەی دوور ئەنداز
کەژو و کۆ و سەنگ ماما بەئاواز
لە بورج قوللە تۆپ مەدان ئاتەش
زەمین مەلەرزا تا ئەندام عەرش
لوطف خوداوەند وە نەم بوو ظاهیر
من هەم بەقەڵغان تۆپ و (جزایر)

نە قوللە ماگە و نە صاحێب تەخت
جە کۆن سەلم و توور؟ کوا صاحێب ڕەخت؟
هەرکەس بوینۆ من بەوێرانی
قەد دڵ شاد نەکا وەی دنیای فانی
یە فەقێ واتەن دەروون پڕ جەفا
پەی کەس نەمەندەن دنیای بێ وەفا
یە (فەقێ) واتەن، قەبرش پڕ نوور بۆ
ڕۆحش جە عەذاب قیامەت دوور بۆ
یە (فەقێ) واتەن دەروون پڕ جەخار
(رب نجني من عذاب النار)

پیرەمێرد بەشێکی وەرگێڕاوە:

میرزام قەڵای خاو، میرزام قەڵای خاو
ئەمڕۆ چوومە سەیر بورجی قەڵای خاو
من زەدەی هیجران دڵی پڕ زووخاو
کەوتمە خەیاڵ دنیای ناتەواو
ڕووم کردە بارەی بورجی کۆنە ساڵ
پرسیارم لێ کرد بەزوبانی حاڵ
وەرە پێم بڵێ تۆ بیت و خودات
کێ ڕەنگی ڕشتی؟ کێ ناویە بینات؟
کام وەستای نادر بەسەروەختت بوو؟
چەند خان و چەند بەگ لەسەر تەختت بوو؟
کوا، خان و شاهان کەوڵی سەمووری؟
کوا قاوە و قلیان چینی فەغفووری؟
کوا تفەنگداران لە بورجی قوللە؟
لە دەنگی بارووت، لە شریخەی گوللە؟

***

پیرەمێرد و شیعرەکانی (شێخ ئەبو وەفا)ی کوردی

کتێبی (یادی مەردان) بەشی دووەمی بەتایبەتی سەرچاوەیەکی گەلێ بەنرخ و پڕ بەها بوو بۆ ناسین و شارەزابوون لە شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان و ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و

شاعیرەکانی ئەو ناوچەیە، بەڕاستی مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) و کوڕەکانی شایانی هەموو ڕێز و ستایش و پاداشتێکن، بۆ ئەو هەموو خزمەتەیان کە بەرامبەر بەنەتەوە و ئەدەبیاتی نەتەوەکەیان کردوویانە. ئێمە بۆ ناسین و دیاری کردنی شیعرەکانی (شێخ ئەبو وەفا) پشتمان بەو سەرچاوە بەنرخە بەستووە. مامۆستا دەفەرموێ:

«ئەم زاتە واتە (شێخ عەبدولڕەحمان ئەبو وەفای کوڕی شێخ عوسمان سیراجوددین)، لەناو چوار کوڕە ئیرشادکارەکەی شێخ عوسمان سیراجوددیندا کوڕی دووهەمیانە، لە وەرزی بەهار لە پێنجی موحەڕڕەمی **١٢٥٣**ی هیجرەتدا لە دایک بووە و دایکی وا مەشهوورە، برازای مەولانا بووە»[١]. «حاجی شێخ عەبدولڕەحمان ئەدیبێکی ناسک و شاعیرێکی پایە بڵندی چەرخی خۆی بووە، دیوانێکی شیعری بەفارسی هەیە، بیستوومە لای کوڕەکانی شێخ صادقی برازایەتی کە جاران لە دێی (گوڵپ) دائەنیشتن»[٢] «سەد حەیف و داخ کە شیعری کوردییمان دەسگیر نەبووە، جا نازانم بەکوردی شیعری نەوتووە، یا وتوویەتی و دەستی ئێمە نەکەوتووە»[٣].

پیرەمێرد گەلێ شیعری (شێخ ئەبو وەفا)ی لە فارسییەوە کردووە بەکوردی، ڕەنگە ئەوەی کە پیرەمێردی بۆ ئەم کارە ڕاکێشابێت لایەنی پیرۆزی و پایەی ئاینی ئەم زاتە و تەڕ و پاراوی و ناسکی شیعرەکانی بووبێت. لەبەر ئەوە هەرچی ئەو شیعرانە هەیە کە پیرەمێرد بەناوی (شێخ ئەبو وەفا)وە بلاوی کردۆتەوە شیعری فارسی (شێخ ئەبو وەفا)یە و پیرەمێرد کردوویە بەکوردی، بەڵام لەهەندێ جێگای ئەو شیعرانەدا بەیت و نیوە بەیت یاخود پارچە شیعری خۆی تێکەڵ کردووە!!.

مامۆستا محەممەد ڕەسول هاوار لە زۆر جێگای دیوانی پیرەمێردی نەمردا نووسیویە ئەم شیعرە شیعرەی پیرەمێرد خۆیەتی بەڵام بەناوی ئەبو وەفاوە بلاوی کردۆتەوە. بەڵام بەداخەوە مامۆستا کەوتۆتە هەڵەوە و ئەو شیعرانە شیعری شێخ ئەبو وەفان. لە لایەکی کەشەوە دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەو کاتەی مامۆستا هاوار ئەو دیوانەی پیرەمێردی لە چاپ دا، هیچ شوێنەوارێک لە کتێبخانەی کوریدا، لە شیعری شێخ ئەبو وەفا نەبوو. هەتا ئەم دواییە واتە ساڵی **١٩٨٣** کە مامۆستا مەلا عەبدولکەریم لە بەشی دووەمی (یادی مەردان)دا باسی ژیان و بەسەرهاتی ئەم شاعیرە و بەشێکی دیوانە فارسییەکەی بلاو کردەوە. بەڵام بەداخەوە هەموو دیوانەکەی نییە و مامۆستای گەورەمان مەلا عەبدولکەریم هەر ئەوەندەی دەستکەوتبوو. لەبەر ئەم هۆیە دەقی چەند شیعرێکی وەرگێڕاوی ئەم شاعیرەمان واتە فارسییەکەی نەدۆزیەوە. تەنها وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد دەنووسین و ئەو پارچانەش کە فارسیەکەیمان بەدەستەوەیە ئەوا هەردوو دەقی فارسی و کوردیەکە دەنووسین.

---

(١) یادی مەردان: بەرگی دووهەم، ل٩٩.

(١) یادی مەردان، بەرگی دووهەم، ل١٠٥.

(٢) هەمان سەرچاوە ل ١٠٦.

هێند، لە دووری تۆ

ئەم شیعرەی (شێخ ئەبو وەفا) بریتییە لە حەوت بەیت، پیرەمێرد شەش بەیتی کردووە بەکوردی. وە پێنج بەیتی خۆی بۆ زیادکردووە! لە دیوانی مامۆستا هاواردا دەستکاری شیعرەکە کراوە و دوا بەیتی پیرەمێردیش نەنووسراوە[١]. لێرەدا شیعرەکە وەک لە ڕۆژنامەکەدا[٢] پیرەمێرد خۆی نووسیوە، بلاودەکەینەوە.

شێخ ئەبو وەفا:

از فراق تو چنان دیدەی خون بار گریست
کە دل سنگ بەحال دل من زار گریست
اشک سرخ شفق از دا من گردون بچیکید
برسیە روزی من بسکه شب تار گریست
شب هجران توام مرگ ببالین آمد
تا سحر بهر من خستەی بیمار گریست
بر سر مزرع بختم چو گذر کرد سحاب
خشک لب دید، دلش خون شد و بسیار گریست
عقد دندان، تو در خاطر زارم بگذشت
دیدەی من همەشب گوهر شهوار گریست
تیر مژگان ترا دید چو دل باز نمود
زخم خمیازه و برخندەی سوفار گریست
خطەء مصر محبت بەوفا معمور است
زانکه نیلی أست بەهر گوشه کەیکبار گریست[٣]

---

(١) دیوانی پیرەمێردی نەمر محەممەد ڕەسول هاوار ل٣٢٧

(٢) ژین ژمارە ٩٨٣ ساڵی ١٩٤٩.

(٣) یادی مەردان بەرگی دووهەم ل١٢١

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:[١]

شیعری (شێخ ئەبو وەفای کوردی).

هێند لە دووری تۆ، بەکوڵ، دیدەیی خوێنبار گریا[٢]
بەردی ڕەق هاتە زمان و بەنەوای زار گریا
ئاسمانیش، لە شەفەق گریەیی خوێنینی هەڵڕشت
هێند بەسەر ڕۆژی ڕەشمدا کە شەوی تار گریا

شەوی دووریت کە ئەجەلم هاتە سەر و نەیکوشتم
تا بەیانی لەگەڵم بوو، بۆ دڵی بیمار گریا
هەور بەسەر باغی گوڵی بەختی منا تێ ئەپەڕی
بەزەیی هاتەوە، وا وشکە، بەناچار گریا
ڕیزەدانی تۆ، شەوێک هاتە خەیاڵی من، بۆیە
چاو بەفرمێسکی وەکو گەوهەری شەهوار[٣] گریا
خطەیی میسری موحبەت، کە بەوەفا ئاوایە
چاوی من چاوەیی (نیل)ە[٤]، وەکو جۆبار گریا
دڵی بێچارە لەدەست جەور و جەفای مەه ڕووان[٥]
قەبری دەروێشە وەکو گۆلی زرێبار گریا
کە نەما نووری نەقشبەندی لە هەورامانا
پیری هاوار بوو، کەوا پیرێ لە هاوار[٦] گریا
قەرەداغێکە تەمی دیدەی شینی قەرەداغ
کەوتە تیماری[٧] بریندار لە تیمار گریا
ئەم هەموو دەردی گرانە کە لە دەست یار کێشام
ناڵەیێکم نەبوو بۆ مەینەتی من یار گریا
بە نەفامی کە ئەیان وت ئەمە کۆنە بڕمێ[٨]
ئەو نەڕووخاوە، بەحاڵیان دڵی زامار گریا

....

(١) ژین ژمارە ٩٨٣ ساڵی ١٩٤٩ .

(٢) لای م.ه نووسراوە بەناوی (شێخ ئەبو وەفا)وە وتوویەتی.

(٣) گەوهەری شەهوار: گەوهەری شاهانە

(٤) نیل: ڕووباری (نیل)ی میسر کە سەرچاوەکانی لە حەبەشەوە دێت.

(٥) لێرە دواوە شیعری پیرەمێردە.

(٦) هاوار: دێیەکی زۆر خۆشە لە هەوراماندا و دانیشتوانی (کاکەیی)ن لە هەڵەبجەوە بۆی دەڕۆیت.

(٧) تیمار: لە کوردستاندا چەند دێیەک هەیە ناویان (تیمار)ە. لێرەدا مەبەست لە دێی (تیمار)ی قەرەداغە.

(٨) بڕمێ: بەزمی خۆنیشاندانەکانی ساڵانی چل و پەنجاکان کە ئەیانوت بڕووخێ!. جارێکیان لەبەر نەزانی و دواکەوتوویی لەساڵی ١٩٤٨دا لە دەرگای ماڵ و چاپخانەکەی پیرەمێردیان نووسیبوو (بڕووخێ پیرەمێرد)! پیرەمێردیش لە ڕۆژنامەکەیدا بەنووسینی (برنادشۆ) وەڵامی ئەو هەرزەکارانەی دابووەوە، بڕوانە ڕۆژنامەی ژین.

***

بە یادی کۆن

ئەم شیعرەی (شێخ ئەبو وەفا) لە لاپەڕەی (٣٠٢)ی دیوانی پیرەمێردی مامۆستا هاواردا، بەناوی پیرەمێردەوە بڵاوکراوەتەوە. بەڵام لە لاپەڕە ٣٣٠ی (یادی مەردان) بەرگی دووهەمدا، دەقی فارسی شیعرەکەی (شێخ أبو الوفا)مان دۆزیەوە:

کمند أفگندە بر رخ زلف را، لیل و نهار است این
فروزان کردە درشب آفتابی را، عذاراست این
بە تیر غمزە ام چشم سیە مستش ز دو گفتا
زما از گلشن ناز و تراکت یادگار است این
بخوابم روی زیبا نیز ننماید گهی، آری
کە مزد گریەهای دیدەی شب زندە دار است این
بە هنگام وداعت نالە درهر استخوان من
چو بهلول دل ازکف دادە گویی نی سوار است این
مرنج ازدل بەچین زلف بی هنگام اگر نالە
کە بس بیمار و بی تاب و پریشان روزگار است این

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

بەڕوویا زوڵفی پەخشان کردووە، لەیل و نەهارێکە
لەشەودا ڕۆژی پەنهان کردووە، شێوەی عوزارێکە
بە تیرێکی تیلەی چاوی دڵی لەت کرد و بانگی کرد
ئەمە بۆ تۆیە ئەم نازە لە دڵتا یادگارێکە
دوعاخوازیت کە کرد، ئێسکم بەجارێ کەوتە ناڵەناڵ
لەناو ئەو ناڵەدا بالۆڵی دڵخۆش نەی سوارێکە
خەیاڵم وابوو شەو بێیتە خەوم، چی بکەم خەوم نایە
خەتای گریان و سووچی دیدەی شەو زیندە دارێکە
ئەگەر بمتوانیایە، نەمدەهێشت دڵ هێند بناڵێنێ
بەڵام چی لێدەکەی بێ عار و شێت و کەوتەکارێکە
لەناو شاری دڵانا جارِ ئەدەن، کێ بێ کە هۆشیار بێ
لە هیچ لایە جواب نایە عەجەب خامۆش شارێکە

پیرەمێرد لە شیعرێکی خۆیدا لاسایی ئەو شێوەی شیعر دانانەی (شێخ ئەبو وەفا)ی کردۆتەوە،

شیعرەکەی (بۆ ملک الشعرا) (ڕەمزی مەلا مارف) وتووە.

دڵی دڵ ڕاگرە چونکو لەگەڵ تۆ، کۆنە یارێکە
دەمێ هاودەم بە، بەڵکو پێت نەڵێن ئازردە کارێکە

پیرەمێرد و شیعرێکی وەرگێڕاوی شێخ ئەبو وەفا کە ساڵی ١٩٤٥ بڵاوی کردۆتەوە. بەڵام دەقەکەیمان دەست نەکەوت.

بە ڕۆژ زوڵف بێنێتە سەر ڕوو، ئەڵێن هاوارە ڕۆژ گیرا
بەشەو ڕووی دەرکەوێ، مژدە ئەدەن، وا جەژنە مانگ گیرا
بە شەو ناڵەی نەخۆش، جێی ڕەحمە، من بێ تۆ بناڵێنم
ئەڵێ لاچۆ هەڵەوەڕ ، دەنگ مەکە، دز دێتە سەر شوێنم
وتم، تۆ دەرم ئەکەی، پێی من بەمووی ئەگریجە بەستراوە
وتی، سەیری درۆی کە، ئێستە ئەگریجە لە کوێ ماوە؟!
وتم، بێڵە بنووم، بێیتە خەوم، شایەد تەسەللام بێ
وتی، مەعشووقە دڵیان ساردە، بازاڕ گەرمی ئەنوێنن
وتم، تۆ وا بڵێ، ئێمەش بەجارێ لائەدەین لێتان
وتی، تا مفلس هەر وان، مەگەر ماڵ بێتە سەر ڕێتان
وتم، من ڕووی جیهانم بێ، بەساتێ وەسڵی تۆی نادەم
وتی، کەم دەسەڵاتییە، وا حەڵاڵ خۆری بەنی ئادەم

***

وا، لە دووریت

پیرەمێرد ساڵی (١٩٤٥) ئەم شیعرەی لە ژمارە ٧٩٦ی ڕۆژنامەکەیدا بڵاو کردۆتەوە، بەبێ ئەوەی ناوی هیچ شاعیرێکی لەسەر دابنێت!!. ئێمە لە دیوانی (شێخ ئەبو وەفا)دا لەلاپەڕە ١٤٤ی یادی مەرداندا دەقی فارسی ئەم شیعرەمان دۆزییەوە، کە چواردە بەیتە، پیرەمێرد پێنج بەیتی لێ وەرگێڕاوە، بەیتی، یەکەم و دووهەم و سێهەم و چوارهەم و حەوتەم. بەیتی پێنجەمی وەرگێڕانەکە لە دەقەکەدا بەیتی چوارەمە.

لەبەر ئەوەی شیعرەکە زۆر بوو، تەنها ئەو بەیتانە دەنووسین کە پیرەمێرد وەری گێڕاوە!

از غم هجر بەجان آمدم، ای جان، مددی!
گل رخان، مغ بچەگان، بادە فروشان، مددی!
خالی از سجدەی روی تو نیابم سر موی!
پیچ و تاب خم گیسوی پریشان، مددی!

بەجنون دل کشدم چارەء زنجیر کنید
حلقەی سلسلەی طرەی پیچان مددی!
چو قنادیل حرم از تو مظاهر روشن
چشم مینا، نظری! دیدەء گریان، مددی

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

وا لە دووریت، هەڕەتی مەرگمە هاوار(١)
جوانەکان بێچوە موغان، بادە فرۆشان هاوار
جازیبەی عەشقی بەزۆر وادەسی گرتووم ئەمبا
ئەی (خضر) ڕاهبەرم بە، شەهی مەردان هاوار
دڵی دێوانە، کە فێی تووش بووە، زنجیری ئەوێ
حەلقەی سلسلەی طرەی پێچان هاوار
وەکو قەندیلی حەرەم، نوور لە هەموو لاوە دێ
چاوی تیژم، وەرە، بنواڕە بەگریان هاوار

(١) کێشی ئەم شیعرە، هەر نیوە بەیتێک لەگەڵ نیوەکەی تری و لەچاو بەیتەکانی تردا لەنگ و ناتەواوە. نازانم هەر خۆی وەها بووە یاخود لە ڕۆژنامەکەدا تێکچووە؟!

بەوەم زانی

پیرەمێرد ئەم شیعرەی (شێخ ابو الوفا)ی کردووە بەکوردی و لە لاپەڕەی ٢٩٠-٢٩١ی دیوانی پیرەمێردی مامۆستا هاوار دا بڵاو کراوەتەوە. لەبەر ئەوەی دیوانی تەواوی ئەم شاعیرەمان لە دەستا نییە فارسیەکەیمان نەدۆزیەوە:

بەوەم زانی، ئەوەی جوانە، دڵی وەک سەنگی خارایە
کە ئەڵماس دولبەرە و شووشە برینیشی لە بارایە
بە حەرفێ گیان ئەبەخشی، قووتی ئەحیات لەزارایە
فیدات بم، ئەی موسوڵمان، موعجیزەی عیسات لە کارایە
ئەوی بووک جوان ئەکات مەنعی تەماشایە، کە تارایە

***

بە شەرابی کەرەمی خواوە

شیعری (شێخ ئەبو وەفا)ی کوردی و وەرگێرانی پیرەمێرد:(١)

بە شەرابی کەرەمی خواوە وەها مەخموورم
کە سەر ئازاد لە سەودایی بەهەشت و حوورم

مەست ئەگەر نەعرە دەکێشێ، لە(مەی)ە، نەک هی خۆی
مەستی سەودام و چە دەربەستی مەیی ئەنگوورم
ئاهی من ئاگرە بۆ عەرشی خوا، سەر دەکەوێ
چیمە لەوەی باڵی فریشتە دەسووتێ، مەعزوورم[٢]
ڕۆژ و شەو لای منە، من بۆی دەگەڕێم سەرگەردان
ئەمە سڕڕێکە لە لامە، کەچی من لێی دوورم
(روح القدس)م بەکەمەندی بەشەرێ کەوتوومە داو
وەکو ڕۆژم کە لە عەشقا بەسووتاو مەشهوورم
ئەمەوێ پەردەیی سەر لادەم بمناسن کێم
ئاخ ئەترسم کە بسووتێنێ خەلایق نوورم[٣]
دڵ لە (طوور)ی بەدەنا ویستی بەناڵەی (أرني)[٤]
وەکو مووسا بەتەمەنناى نەبوو دەستوورم
ئەو دەمە بادەیی وەحدەت گەییە فریای من
سەرخۆشێکم کە نە (مووسا)م نە کێوی (طوور)م
چوومە ناو دێڕی (فەنا) لافی (أنا الحق)[٥] لێ بدەم
عەشقی حەق جامی لیقای دامێ بەوە مەنصوورم
واتەیەکی لە لیقای سڕی (تجلی) دەرخەم
تێدەگەی چۆنە لەسەر لەوحی قەدەم مەسطوورم
من کە چاوێکم بەئاوێنەیی دڵما گێڕا
هاتە پێش چاوم کە هەم (ناظر) و هەم (منظورم)

---

(١) ئەم شیعرە لە دیوانی پیرەمێردی م.ھ دا لەلاپەڕە ٣٨٢-٣٨٣دا بڵاو کراوەتەوە. هەروەها لە ژینی ژمارە ٧٩٦ی ساڵی ١٩٤٥دا.

(٢) لای م.ھ لە بری (مەعزوورم) بەهەڵە نووسراوە (مەغدوورم)

(٣) لای (م.ھ) نووسرابوو (طوورم).

(٤) مەبەست لە حەزرەتی مووسایە کە داوای لە خوا کرد خۆی نیشان بدا ئەویش تۆزێ لە نووری خۆی دەرخست کە شاخی (طوور)ی کرد بەکل و سووتاندی وە خۆی نیشان نەدا و ئەمە ئایەتێکی لەسەرە. وشەکانی (أرني ولن تراني وطور) لەو ئایەتە دایە.

(٥) واتاکانی -أنا الحق- و(منصور) و(تجلی) مەبەست لە مەنسووری حەللاجە کە لەسەر واتای (أنا الحق) شەهید کرا و سووتێنرا.

***

خەوی بەخت

ئەمە شیعری شێخ ابو الوفای کوردییە و پیرەمێرد وەری گێڕاوە بەڵام مامۆستا هاوار لە لاپەڕە (١٨٢)ی کتێبەکەیدا نووسیویە «ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی بەناوی (شێخ ابو الوفا)ی کوردییەوە بڵاوکردۆتەوە بەڵام هەڵبەستی خۆیەتی». شیعرەکە حەوت بەیتە سێ بەیتی یەکەم شێخ ابو الوفایە و چوار بەیتی دوایی پیرەمێردە:

هێند خەوی بەختم گرانە، سەر بکاتە کۆشی حەشر
چاوی هەڵنایە بەتینی ئاگر و تەئسیری بەفر
پێچ و تابی مەینەتی من دەستی چەرخی بەرکەوێ
تێکی دەشکێنێ بەڕەنگێک شەو لە ژانی نەسرەوێ
تۆزی ڕێگەکەت بەچاوما بێ، جەواهر، سوورمەیە
کاولەکەی خۆم لا بەهەشتە و گونیە، شاڵی توورمەیە
«ئاخ قەناعەت گەنجی باقی و دەوڵەتی بێ مننەتە
ئۆدەکەم توونی حەمامیش بێ لە لام جەننەتە
بۆیە بێزارم لەمەی ئەوەڵ قومی ژارقەندەیە
قەهقەهەی ئاوی سوراحی دڵکەش و پڕ خەندەیە
جاری جاران بوایە من عاشق ئەبووم و شێت و وێت
ماڵی سەربەستی کچان ئاوا کە شوکرانەی ئەوێت
ئێستە بۆ عاشق کەمەندی زوڵف نەماوە بیگرێ
خۆم لەبەر پێی جوانەکانا، ڕائەکێشم بێگرێ!

***

پیرەمێرد و چەند شیعرێکی (شێخ عومەر ضیائەددین کوڕی شێخ عوسمان سیراجەددین)

مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) سەبارەت بەم زاتە دەفەرمووێ:

«ئەم زاتە لەڕیزی چوار کوڕە گەورە مورشیدەکەی شێخ عوثمان سیراجوددیندا، کوڕی سێهەمیان و برای باوک و دایکی شێخ موحەممەد بەهائوددینە. لەشەوی دووشەممەی ٢٦ی جومادەلئوولای ١٢٥٥دا لە دێی (بیارە) لە دایک بووە و لە شەوی دووشەممەی ٢٢ی شەوالی ١٣١٨دا کۆچی دوایی کردووە و لە ژوورێکا لە نزیک خانەقاوە لە بیارە بەخاک سپێرراوە.»[١].

«شێخ عومەر ضیائوددین گەلێ شیعری ناسک و پەخشانی بەرزی هەیە. پەخشانەکانی هەموو لە شێوەی نامەدان کە بۆ ئەم و ئەوی نووسیوە. نازناوی شیعری (فەوزی) بووە، بەڵام جارجار

نازناوی تریشی داناوه. شیعری بەکوردی (گۆرانی و کرمانجی) و فارسی و عەرەبی هەیە»[٢].

پیرەمێرد ئەم شیعرەی لە ڕۆژنامەکەیدا ساڵی ١٩٤٩ بڵاو کردۆتەوە کە وەرگێڕانی شیعرێکی فارسی (شێخ عومەر)ە.

جذبهء عشق مرا کشت، حریفان مددی[٣]
شاهد فتنهء فتان حبیبان مددی
من در این دامگهم نیست خلاصی اصلا
پیچ و تاب شکن زلف پریشان مددی
ناوک چشم کند قتل من خسته بیا
ای بهای دیهء خون شهیدان مددی
نفسرا بازهوا کرد گرفتار هوس
قبلهء شام غریبان، شهگیلان مددی
روز بی مهر رخت همچو شب دیجور است
شمس رو، ماه جبین، مخزن عرفان مددی
برلب جوی سرشکم قد دل جوی توکو
سرد من، نخل چمن، گلشن مستان مددی
پرورش گر نکند شاه بخارا چکنم
شه گیلان مددی، حضرت عثمان مددی
معرفت گر نبود راه نەبر مقصود است
ای دلیل کرم و خضر غریبان مددی
(فوزی) أرنیست بەخود راست ولی هست بەتو
چشمهء رحمت و أمید مریدان مددی

....

(١) یادی مەردان -مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس- بەرگی دووهەم ل١٤٩
(٢) یادی مەردان مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس - بەرگی دووهەم ل ١٦٥
(٣) هەمان سەرچاوە ل ١٩٤ .

پیرەمێرد نۆ بەیتی لەم شیعرەی (شێخ عومەر ضیائوددین) وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، شیعرەکە خۆی شانزە بەیتە ئێمە تەنها دەقی ئەو بەیتانەمان نووسییەوە کە پیرەمێرد وەری گێڕاوە.

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

جەزبەی عەشقە وا ئەمکوژێ یاران هاوار
شاهدم مەیلی شەهادەتیە حەبیبان هاوار

کەوتمە داوێکەوە ڕسگاری نییە تا مردن
وەرە ڕامکێشە بەزۆر زوڵفی پەرێشان هاوار
کوشتەی زامی دڵ و تیری تیلای چاوێکم
وەرە مایەی دیەی خوێنی شەهیدان هاوار
بە هەوای نەفسەوە گیرۆدەی داوی هەوەسم
ناڵەیی شاهی غەریبان شەهی گەیلان هاوار
ڕۆژی ڕووی تۆ نەبێ ڕۆژ شەوی دەیجوورە لە لام
شەمس ڕوو ماه جەبین شەمعی درەخشان هاوار
جوبیارێکە سروشکم قەدی تۆی تیا جوانە
نەخڵی گیان، سەروی ڕەوان زیبیتی گوڵستان هاوار
ڕوخسەتی شاهی بوخارا، منی ناردە بەغدا
شاهی گەیلان مەدەدێ حەزرەتی عوسمان هاوار
ڕێی شوناست کە نەبێ ڕێگەی هەق دەرناکەی
ئەی دەلیلی سەرەتای ڕاهی غەریبان هاوار
(فەوزی) وا برسی و تینوو کە لە ڕێدا ماوە
خضری ڕێی چەشمەی پڕ ڕەحمەتی ڕەحمان هاوار

***

نامەیەکی شێخ نەجمەددینی کوڕی شێخ عومەر و وەڵامەکەی شێخ عومەر[١]

پیرەمێرد دوو پارچە شیعری شێخ نەجمەددین و شێخ عومەری باوکی لە فارسییەوە کردووە بەکوردی. ئەو شیعرانە وەک نامەیەک و وەڵامەکەیەتی. بەڵام پیرەمێرد نەینووسیوە کە ئایا هەردوو نامەکە هەر ئەو دوو شیعرە چوار دێڕەیەیە یاخو بەشی پەخشانی لەگەڵدا بووە! هەروەها ئەم پێشەکییەی بۆ نووسیوە:

«من لە تافی جوانیدا جۆشی دەروونم، وەک تافی قەڵبەزەی سافی شووشەی مەی، یا وەک تاڤگەی زەڵم و بەڵخە و ئاشەبەرزە کەفی ئەچەند. ڕێم کەوتە بیارە خزمەت شێخ عومەر. نەزەری ئەو ئەو جۆش و خرۆشەی دێوانەیییەی بۆ خستمە ناڵەی نەی، نەیجەی قەڵەمەوە. ڕۆیم، ساڵەها دوور کەوتمەوە بەڵام هەر نزیک بووم دوور و نزیکی یەکسانە بۆ گیان. هاتمەوە بەیازێکی خەتی شێخ نەجمەددینم چنگ کەوت لە خەتی من خۆشتر، شیعری خۆی و باوکی تیایە. ئاخ شیعرەکانی فارسین، ناچار کردمن بەکوردی. لە پێشەوە نەجمەددین بۆ باوکی نووسیوە، ئەڵێ:

ئەی بەتۆوە سەری بەرزە لق و پۆی ئیمانم
بێ نیگای پەروەرشت (حذف)ە، حرووفی گیانم

ئیرسی باوانه که دەستم گەییـیه داوێنت
گەر له دەستی خۆمی بدەم مەرگ بێ لەجێی میوانم

شێخ عومەریش بۆی نووسیوەتەوە:

ئەی بەتۆ ڕاست بووەوە قەددی وەکو گۆچانم
دوور لەتۆ گرژم و شێواو وەکو موو پێچانم
ئەو حەله بەرزە بەسەر چەرخی بەریندا نازم
که له (دەر) داوه لەپڕ بێیت و بڵێی میوانم

....

(١) ژین ژماره ٨٥٦ ساڵی ١٩٤٧

***

پیرەمێرد و چەند لاپەڕەیەک له شانامه

پیرەمێرد ئەم چەند لاپەڕەیەی له شانامەی فیردەوسییەوە وەرگێڕاوە. لەوەش دەچێت هەندێ دەستکاری کردبێت و شیعری خۆی تیادا دانابێت. هەروەها ناوی تەواوی سەرچاوەکەی بەم جۆره نووسیوه «جلد ٣، لاپەڕە ٣٦٧، ستوون ٦، دێڕ٢٤».

لەوێ ناوداری هەبوو ناوی تباک
سپاداری لەشکر دەروونێکی پاک
بەسەر (جهرم)دا بوو، بووبووه پاشا
جهانداری پڕ هۆش و فەرمان ڕەوا
لەگەڵ حەوت کوڕی هەر یەکە شایێ بوون
لەسەر ئەمری (بەهمەن) بەلەشکر ئەچوون
کەوا ئەردەشێر بگرن و بۆی بەرن
بەرێکی لەگەڵ ئەردەوان دەربەرن
تباک ئەردەشێری کە دی تێگەیی
له ساسانییانه بەشێوەی کەیی
له زین دابەزی و دەستی ماچ کرد بەقەدر
له ڕێدا وەکو بەندە وەستا بەفەخر
بەڵام ئەردەشێر ترسی لێ نیشت لەوێ
کەوا لەشکرێکی لەپڕ هاتە ڕێ
تباکی جهان دیده پیری بەبیر
که زانی ئەترسێ لەوان ئەردەشێر

وتی سوێند ئەخۆم بۆت به (وێسا و بەزەند)(١)
که نابینی هەرگیز له ئێمە گەزەند
ئیتر ئەردەشێر ترس و بیمی نەما
وتی باوکی من به له ڕووی عالەما
ئەویش هات و خۆی خستە باوەشیەوە
به مزگێنی پارەی گەلی بەشیەوە
به میوانی ڕووی کردە ماڵی تباک
شەوێ بەزم و ئاهەنگ بوو تا ڕۆژی پاک
بەیانی تباک بانگی کرد دەستوبرد
که بۆ شەڕ دەچین بێنەوە سواری کورد؟
لەوێدا سپەهدار کە کەوتە ژمار
سوپای کورد گەیشتبووە پەنجا هەزار
تباک خۆی بۆ سەرلەشکری کوردەکان
ئەچوونه شەڕی بەهمەنی ئەردوان
نزیک کەوتنەوە هەردوو لەشکر بەتاو
لەوێدا لەشکرێکی وەها کەوتە ناو
هەموو شارەزوور بوو بەڕووباری خوێن
وەکوو ئاوی سوور، سوور بوو جۆگەی (دەڵێن)
تباک شێری بێ باک بوو حەملەی دەبرد
سوپای (ئەردوان)یان شکاند گوردی کورد
فڕاندیان گەیاندیاننه ئەستەخر
له تەئریخی کوردا ئەمە بوو بەفەخر
که کوژرا لەوێ بەهمەنی نەوجوان
دەموودەست خەبەر گەییـیه لای ئەردوان
هەموو لەشکری پارسی خستە ڕێ
هەتا هات سوپای نیشتە سەر یەک له ڕێ
نزیک کەوتەوە گەییـیه سەر ئەردەشێر
دیسان قەومی کورد و تەباکی دلێر

به ئازایی ئەو لەشکرەیشیان شکاند
(سەر) و (تاجی) شای ئەردوانیان فڕاند
ئیتر ئەردوانیان لەوێدا کە کوشت
سوپاکەی ئەسیر بوون بەورد و درشت
لە پاداشی ئەو خزمەتە ئەردەشێر
لەوێ هاتەوە مالی تباکی پیر
لەبەر مەردی کوردی و فەڕ و نوور
کە (جهرم) بوو ئەو ناوی نا شەهرەزوور
لە گۆلی زرێبارەوە تا ئەوێ
وتی نەهرە ئاوێکی وای پێ ئەوێ
هەموو شارەزوور بێتە گولزار و باغ
لەوێوە لەغەم کەوتە ژێر ساغ و داغ
هەموو خەلکی هێنایە زولم و ستەم
ئەوا ناوی ئەو جۆگەیە بوو بەزەلم

---

(١) مەبەست لە کتێبی ئاوێستای زەردەشتە. هەروەها کتێبی زەند.

***

پیرەمێرد و شیعرێکی ناصر خسرو

ئەم شیعرەی (ناصر خسرو) لە لاپەڕە ٢٥٤ی دیوانی پیرەمێردی مامۆستا هاواردا، بەشیعری پیرەمێرد دانراوە. وە مامۆستا هاوار پێشەکییەکی بۆ شیعرەکە نووسیوە. ئنجا ئێمە بۆ ساغ کردنەوەی ئەم شیعرە و ساڵەکانی بڵاوکردنەوە و شوێنەکانی، ئەم چەند خاڵە دەخەینە پێش چاوی خوێنەران و ئەو ڕۆشنبیرانەی کە سەبارەت بەبەرهەمی پیرەمێرد لە داهاتوودا هەوڵی لە مانەی ئێمە باشتر پێشکەش دەکەن.

یەکەم: ڕاست کردنەوەی چەند بیروڕایەک:

مامۆستا هاوار ئەم پێشەکییەی بۆ شیعرەکە نووسیوە:

«ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی پیرەمێرد گوایا لە ساڵی ١٩٢٤ی ڕۆمیدا کە هێشتا لە تورکیا بووە، بەزبانی کوردی وتوویەتی و لە ڕۆژنامەیەکی ئەستەمولڵدا چاپی کردووە، بەڵام لەکام ڕۆژنامەدا چاپی کردووە؟ ئەمەیان هیچ دیار نییە و هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە!!.

بەڵام من لەو باوەڕەدام کە پیرەمێرد ئەو هەڵبەستەی بەکوردی نەوتووە لە تورکیا، خۆ ئەگەر هەر لە تورکیا وتبێتی دوور نییە لە پێشدا بەتورکی وتبێتی و لە ڕۆژنامەیەک یا لە گۆڤارێکی ئەوێدا بەتورکی بڵاوی کردبێتەوە کە ساتێ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان ئەو هەڵبەستەی گۆڕیوە بەکوردی و بڵاوی کردۆتەوە. ئەم هەڵبەستەم لە دەستخەتە کۆنەکانی پیرەمێرد چنگ کەوتووە و لە کاتی خۆیدا لە گۆڤاری گەلاوێژدا هەر بەو جۆرەش بڵاو کراوەتەوە»[١].

بۆ ڕاست کردنەوەی چەند هەڵەیەک و دەرخستنی بیروڕای نوێی ئێمە لەم بارەیەوە دەڵێین:

پیرەمێرد بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٠٨ی زاینی واتە ١٣٢٤ی ڕۆمی لە ڕۆژنامەی (کورد)دا[٢] (کورد تعاون وترقی غزەتەسی)، ئەم شیعرەی، وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بڵاوی کردۆتەوە.

لای مامۆستا هاوار ١٣٢٤ی ڕۆمی بووە بە١٩٢٤؟! کە ڕەنگە هەڵەی چاپ بێت. چونکە پیرەمێرد کاتێک لە ژمارە (٦،٥)ی گۆڤاری گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٢دا ئەم شیعرەی بڵاو کردۆتەوە نووسیویە، «لە ساڵی ١٣٢٤ی ڕۆمیدا کە هێشتا لە تورکیەدا زبانی کوردی ناو و باوی نەبوو، پیرەمێرد ئەم غەزەلەی لە غەزەتەی ئەستەمولڵدا لە چاپ داوە»[٣] لەمەدا دەردەکەوێت کە ١٣٢٤ ساڵی دەرچوونی ڕۆژنامەی (کورد)ە، بەکوردی و بەتورکی. کە دەڵێت (هێشتا لە تورکیەدا زبانی کوردی ناو و باوی نەبووە) واتا لەو کاتەدا ئەم دەستپێشکەری کردووە و بەکوردی شیعری بڵاوکردۆتەوە. ئنجا دە ساڵ دوای ئەوە واتە ساڵی ١٩١٨ گۆڤاری (ژین) بەکوردی و تورکی دەرچووە. بەم پێیە وەڵامی دوو پرسیاری مامۆستا هاوارمان دایەوە کە شیعرەکە لە ڕۆژنامەی (کورد)دا بووە و بەڵگەکانیش لەو لێکۆڵینەوەیە دایە کە ئێمە سەبارەت بەڕۆژنامەی کورد لە گۆڤاری بەیانی ژمارە ١١٩ی ساڵی ١٩٨٦ بڵاومان کردەوە. وە هەڵبەستەکەی بەکوردی بڵاوکردۆتەوە، واتا وەرگێڕانەکەی!.

وەهەر هەمان شیعرەکە لە (گەلاوێژ)دا بڵاوی کردۆتەوە. وە هیچ ناونیشانێکی بۆ شیعرەکە دانەناوە، لە کاتێکدا کە مامۆستا (دکتۆر ئەمین عەلی موتابچی) ئەم شیعرە و وەرگێڕانەکەی پیرەمێردی بەراورد کردووە، ناونیشانی (هەڵۆکەی پیرەمێرد)ی بۆ داناوە!! وە ئەم هەوڵەی دکتۆر ئەمین موتابچی شایانی ستایش و ئافەرینە. ئێمە پێش بڵاوبوونەوەی نووسینەکەی دکتۆر موتابچی پشتمان بەکەشکۆڵی (کەریم بەگی فەتاح بەگ) بەستبوو، بۆ بەراوردی دەقە فارسی و کوردییەکە. بەڵام دەقی شیعرەکەی دکتۆر کە لە دیوانی چاپکراوی ناصر خسرو[٤]دا خستوویە پێش چاو لە دەستنووسەکەی ناو کەشکۆڵەکە باشتر و بێ هەڵەتر بوو، وە پشتمان بەو بەست.

شیعرەکەی پیرەمێرد وەک لە دیوانی مامۆستا هاوار و گەلاوێژدا بڵاو کراوەتەوە یانزە بەیتە، نۆ بەیتی (ناصر خسرو)ە، کە بەیتی نۆیەمی دەچێتەوە سەر بەیتێکی (سەعدی) و ئێمە دەقەکەی دەنووسین. وە بەیتی دە و یانزە شیعری پیرەمێردە کە بۆ شیعرەکەی ناصری زیاد کردووە و مەبەستی خۆی تیا دەربڕیوە. لە کەشکۆڵەکەی لای ئێمەدا دە بەیتە، لە دیوانەکەی ناصردا یانزە

بەیتە وەرگێڕانەکەی پیرەمێردیش هەر یانزە بەیتە. و وەک وتمان دوو بەیتی خۆشی بۆ زیاد کردووە.

بۆ بەراورد و ساغ کردنەوەی دەقەکەی ناصر خسرو و وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد و دوو بەیتە زیادەکە و بەیتەکەی (سەعدی)یش دەنووسین.

ناصر خسرو:

روزی ز سرسنگ عقابی بەهوا خاست[٥]
بهر طلب طعمه پروبال بیاراست
بر راستی بال نظر کرد و چنین گفت
امروز همەملک جهان زیر پر ماست
گر اوج بگیرم، بپرم از نظر شید
می بینم اگر ذره ای اندرتک دریاست
گر برسر خاشاک یکی پشه بجنید
جنبیدن أن پشه عیان در نظر ماست
بسیار منی کرد و ز تقدیر نترسید
بنگر که ازین چرخ جفا پیشه چه برخاست
ناگەز کمینگاه یکی سخت کمانی
تیری ز قضا و قدر، انداخت بروراست
بربال عقاب آمد آن تیر جگر سوز
واز ابر مراورا بەسوی خاک، فروکاست
بر خاک بیفتاد و بفلتید چو ماهی
وانگاه پر خویش کشید از چپ و از راست
گفتا، عجبی است این که زچوب است و زآهن
این تیزی و تندی و پریدنش کجا خاست
زی تیر نگه کرد و پر خویش برو دید
گفتا، زکه نالیم، که زا ماست که برماست
خسرو تومنی راز سر خویش بدرکن
بنگر بەعقابی کەمنی کرد چەها خاست

....

(١) پیرەمێردی نەمر – محەممەد ڕەسول هاوار. ل٢٥٤

(٢) ڕۆژنامەی کورد – ئومێد ئاشنا – گۆڤاری بەیان ژمارە ١١٧ساڵی ١٩٨٦

(٣) گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (٦،٥) ساڵی ١٩٤٢

(٤) ناصر خسرو: لە شاعیرانی بەناوبانگی ئێرانی سەدەی پێنجەمە لە ساڵی ٣٩٤ی کۆچی لە بەڵخ لە دایک بووە. وە لە ٤٨١ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

(٥) دیوانی(ناصر خسرو) چاپی طهران ١٣٣٩ی خورشیدی ل٤٤٩ .

بەیتەکەی (سەعدی)یش ئەمەیە:

«من از بیگانگان هرگز ننالم
که با من هرچه کرد آن آشنا کرد»

ئەمەش وەرگێڕانەکەی پیرەمێردە:

لە سەر بەردێک هەڵۆیەک هەڵفڕی کەوتە هەوا بێ غەم
هەوایێکی غرووری کەوتە سەر، تا کەوتە سەر عالەم[١]
بە بایێکی خەڕۆ و بایی بوو، خۆی ئێجگار بڵند زانی
پەڕی گیڤ کرد و باڵی لێک ئەدا هەتاکو ئەیتوانی
کە کەوتە عالەمی خولیاوە، سەیری کرد هەموو دنیا
لەژێر باڵی ئەوایە، هەر ئەوە لەو ئەوجەدا تەنیا
وتی، ئەمڕۆ لەمن بەرزتر، لە ئەوجی عالەما کێیە
کورەی ئەرزم لەژێر پێدایە، کەس ناگاتە ئەو جێیە
ئەگەر مێشوولەیەک بێت و بجوولێ، نابێ نەیبینم
لەسەر شەپقە و سەری ئەگرن پەڕێکی باڵی ڕەنگینم
خولاسە هێندە فەخری کرد و خۆی بینی لە نخوەتدا
کەمانێکی قەدەر تیرێکی هاویشتێ لە غەفڵەتدا
هێنایە خوارەوە خوار و زەلیل لەو بەرزییە لەرزی
سەفیل و دڵ بریندار کەوت لەو خاک و خوێنەدا گەوزی
کە سەیری کرد پەڕی خۆی بوو لەناو ئەو نووکە پەیکانە
وتی خۆمان بەخۆمانی ئەکەین، بێ سووچە بێگانە
بە ڕاستی ڕاست ئەکا سەعدی کە من هەرگیز لە بێگانە
گلە ناکەم، کە هەرچی پێم ئەکا خۆیە و لە خۆمانە
«دەڵێین دڵمان لەیەک پاکە، برای دینین، لەیەک نەسلین
کەچی چاومان بەخێری یەکتری هەڵنایە کەچ بینین»[٢]

«هەتا کەی چاوی عیبرەتمان لە گڵدا بێ خوا چارێ
حەکیم هەر تۆی، بەخێر چاومان هەڵێنە بێینە ناو جارێ»(٣)

....

(١) لای م. ه نووسرابوو: بەباییێکی غرووری بایی بوو، تاکەوتە سەر عالەم.
(٢ ، ٣) ئەم دوو بەیتە شیعری پیرەمێردە.

***

پیرەمێرد و شیعرێکی مەخفی(١)

لە کەشکۆڵی نەجمەددین مەلادا کە بۆ (محەممەد ئەمین کوڕی حەمە ساڵح ئاغای قزلجی) نووسیوە، لە لاپەڕەی ٢٢٥دا دەقی شیعرەکەی (مەخفی) و وەرگێڕانەکەی پیرەمێردی نووسیوە. هەروەها لە لاپەڕەی ٢٢٤دا لەم بارەیەوە نووسیویە «حاجی تۆفیق بگ زیاتر لە ترجمەی شعردا وریایی هەیە، شیعری، عربی، تورکی، فارسی ئەگۆڕێتە سەر کوردی عەینەن بەشیعر مەعناکەی تێک نادا، بەرگی کوردی ئەکا بەبەرا»

مەخفی:

کنعانیان اگر گلی روی تو بو کنند
کمتر هوای گلشنی مصر آرەزوو کنند
پامال پشت پای توشد روی آفتاب
آنانکە منکرند بگو رووبەروو کنند
خیلی ملائک از پی نظارە صف کشند
آنجا شهید عشق توراشستو شو کنند
عشقم چنان گداخت کە موران تر بتم
عضونە یا فتند کە ناخن در و کنند
طاعت منکران محبت قبول نیست
صدبار اگر بەچشمەی کوثر وضو کنند
چاک درونی سینەی من بەنمیشود
گیرم اگر بەروشتەی مریم رفو کنند
جان آرەزوو کند کە تولب برلبش نهی
بعد از هزار سال کە خاکش سبو کنند
این تشنەگی بەجام قدح طی نمیشود
با ساقیان بگو کەمی دەر سبو کنند

غمهای دوست بردر دل حلقە می زنند
(مەخفی) بگو کە خانەی دل رفت و روکنند

وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد:

کەنعانیان گوڵی ڕووی تۆیان بەدەست کەوێ
باوەڕ مەکە کە گوڵشەنی میسریان ئیتر بوێ
ڕووی ڕۆژ بەپشتی پێت شەقی خوارد ئابڕووی تکا
با، ڕووبەڕووی بکا ئەوی باوەڕ بەمن نەکا
جێیە شەهیدی عەشقی تیا بشۆن هەموو
دەستەی فریشتە کۆمەڵ ئەبەستن بەئارەزوو
عەشق وای تواندوومەوە بەشی مێروولەکانی گۆڕ
ئێسکێ نەمابوو چنگێکی لێ گیر بکەن بەزۆر
نوێژی بەبێ مەحەبەت ئەبێ، لا بەلا بە بێ
دەستنوێژی، با، بەکەوسەر و مزگەوتی (کابە) بێ
زامی دڵم، بەروشتەی مریەم کە دێتە سوێ
برژانگی چاوی جوان تەقەڵی لێ بدا ئەبێ
گیان وای دەوێ ببی بەگڵ و پیا بڕۆی و بێی
لەو خاکە گۆزەیێ بگری و لێوی پێوە نێی
من تینوویەتیم بەجام و قەدەح ناشکێ بڵێن
ساقی بەکوپە بێنێ شەرابی خومار شکێن
دەرگای دڵی منە غەمی دۆست هاتووە لێی ئەدا
(مەخفی) بڵێ کە پاکیەوەکەن بێ قڕە و سەدا

....

(١) کەشکۆڵی نەجمەددین مەلا کە بۆ محەممەد ئەمین کوڕی حەمە ساڵح ئاغای قزلجی نووسیوە. هەروەها ئەم شیعرانە لە دیوانی پیرەمێردی (م. ه) بڵاو نەکراوەتەوە.

***

پیرەمێرد و شیعرێکی ظهیر

زانبوە غمت در سینە ام راه فغان گم شد
ز بیداد تو ام حرف شکایت در زبان گم شد
نمیدانم چەنا شایستەگی ازمن پدید آمد
کە تسبیح ازکفم افتاد و زنار ازمیان گم شد